# گەندەڵیی ئیداری

کۆمەڵە وتار

# گەندەڵیی ئیداری

کۆمەڵە وتار

ئامادەکردن و وەرگێڕانی:

مێهدی مێهرپەروەر

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

گەندەڵیی ئیداری – کۆمەڵە وتار
ئامادەکردن و وەرگێڕانی: مێهدی مێهرپەروەر
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٨٣
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١١١٩ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری. تریسکە ئەحمەد

## پێشەکی

گەندەڵیی ئیداری یەکێکە لە نەخۆشییە مەترسیدارەکان لە سیستەمی ئیداریی هەر کۆمەڵگەیەکدا. چۆنیەتیی چارەسەری ئەم نەخۆشییەش مێشک و هزری زۆربەی بیرمەندان و سیاسەتوانان. بەخۆیەوە خەریک کردووە لەم بارەیەوە هەوڵم داوە بە ئامادەکردن و وەرگێڕانی کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیدار بەم پرسە زیاتر تیشک بخەمە سەر لایەنەکانی گەندەڵیی ئیداری و ئاسەوارە ڕووخێنەرکانی ئەم دیاردە شوومە، لە کۆمەڵگەدا. لەم کۆمەڵە وتارەدا سەرەڕای پێناسەی وردی گەندەڵیی ئیداری و ناساندنی هۆکارەکان و جۆرەکانی و پۆلینکردنیان هەروەها، ئاماژە بە ئاسەوارەکانی گەندەڵیی ئیدارییش کراوە و بەمەبەستی چارەسەرکردنی هەر کام لە جۆرەکانی ئەو دیاردەیە چەند ڕێکارێکی تایبەت پێشنیاز کراون و لە کۆتاییدا ئەزموونی چەند وڵاتێک کە بەجیدی لە هەوڵی ڕیشەکێشکردنی گەندەڵیدا بوون، بەو هیوایە کە ئەم هەوڵە یارمەتیدەر بێ لە ناساندنی و چارەسەرکردنی ئەم دیاردە ماڵوێرانکەرەدا.

مێهدی مێهرپەروەر

نۆڤەمبەری ٢٠٠٩

# پێناسە، هۆکار و ئاسەوارەکانی گەندەڵیی ئیداری

مێهدی مێهرپەروەر

ئەو ئەزموونانەی لە وڵاتە جۆرەوجۆرەکاندا بەدەست هاتوون، دەری دەخەن کە گەندەڵی دیاردەیەکی ئاڵۆز، شاراوە و هەمەچەشنە. هەر بۆیە خەبات دژی ئەم دیاردەیە خۆی لە خۆیدا بەردەوام، درێژخایەن و ئاڵۆزە. لە راستیدا گەندەڵی وەک هەوکردن وایە، ئەگەر تووشی ئەندام و جەستەی کۆمەڵگە بێ، ئەندامەکانی تر یەک بەدوای یەک نەخۆش و پاشان لە کار دەکەون و ئەگەر ئەو هەوکردنە پەرە بستێنێ، بە تەواوی پێکهاتەی کۆمەڵگە ئیفلیج دەکا.

چەمکی گەندەڵی ماوەیەکی زۆرە بووەتە جێگەی سەرنجی پسپۆڕان و خاوەن ڕایان و هەوڵیان داوە بە پێشکێشکردنی پێناسەی ئەم دیاردەیە، ڕێگەچارەیەک بۆ نەهێشتنی دەستنیشان بکەن. خاڵی هاوبەشی زۆربەی ئەو پێناسانەی بۆ گەندەڵیی ئیداری کراون، بەرتیلخۆری و کەڵکی خراپ وەرگرتن لە پۆستی دەوڵەتییە.

## پێناسەی گەندەڵیی ئیداری

وشەی گەندەڵی کە بە لاتینی (rumper)ی پێ دەڵێن بە مانای شکاندنە، کەوابوو لە گەندەڵیدا شتێک دەشکێ یان پێشێل دەکرێ کە رەنگە هەڵسوکەوتی ئەخلاقی یان شێوازی یاسایی و زۆرتر رێوشوێنی ئیداری بێ.

بەپێی پێناسەی بانکی جیهانی و رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، گەندەڵی واتە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە بەرپرسایەتیی دەوڵەتی (دەسەڵاتی گشتی) بۆ وەدەستهێنانی قازانجی تاکەکەسی (تایبەتی).

ئەم پێناسـەیە کـە بە گـشـتی لەسـەری ڕێک کـەوتـوون، کـۆمـەڵێک یاسـا و ڕێوشوێنی دارێژراوی ئیداری لەخۆ دەگرێ کە چوارچێوەی چالاکیگەلی ڕێگە پێدراو لەو پێوەندییـەدا لەخۆ دەگرێ و هـەر جـۆرە هـەڵسوکـەوتێکی ئیداری کـە بە پێچەوانەی ئەم یاسایانەوە بێ و لەودا بەرژەوەندیی تاکەکەس بێتـە گۆڕێ، دەچێتە خانەی گەندەڵیی ئیدارییەوە.

ئاشکرایە پێناسەیەکی ئەوتۆ کاتێک تەواوە کە یاسا و سنوورەکانی روون و گشتگیر بن. گەندەڵی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ڕێژەییە و بەپێی بایەخەکانی هەر کۆمەڵگەیەک پێناسە دەکرێ.

بانکی جیـهانـی و ڕێکخراوی شـەفافیـەتی نێودەوڵەتی، بـەمـجـۆرە گـەندەڵیی ئیـداری پێناسـە دەکـەن: گـەندەڵیی ئیـداری بریتـییـە لە کـەڵک وەرگـرتن لە دەسـەڵاتی گـشـتی بۆ وەدەسـتـهـێنانـی بەرژەوەندیی تایبـەتـی ئیـداری، لەژێر کاریگەری بەرژەوەندیی تاکەکەسی یان خزمایەتیدا.

گەنـدەڵیی ئیداری، دیاردەیەکە کە لە جیـهانی ئەمڕۆدا، بەتایبـەت لە وڵاتانی روو لە گەشـەدا، وەک یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی دواکـەوتنی کۆمـەڵگە هاتـووەتە بـەرباس و ئەم دیاردەیە توانـیــویەتـی زیانێکی قــەرەبوونـەکــراو لە خێراییی پەرەسەندنی کۆمەڵگە بدا.

لەم سـەردەمـەدا کـە کۆمـەڵگە بە کۆمـەڵگەی بەکاربەر ناسـراوە، گـەشـەی لە ڕادەبەدەری پێداویسـتیی مادی و حەزی مرۆڤەکان بۆ وەدەسـتـهێنانی هـەرچی زیاتری ئەم پێـداویسـتـیـیـانە خـێـراییـیـەکی زیاتری بەخـۆوە گـرتووە و لەم بارودۆخەدا پارە قسەی یەکەم بۆ دەستڕاگەیشتن بەم پێداویستییانە دەکا. بۆ کـەسـانێک کـە دەرفـەتی دابینکردنی داهـاتی زۆرتریان بۆ نارەخـسـێ و ڕێگە رەواکـانی دەسکەوتی مـادیی زۆرتر لەسـەریان داخـراوە، چ ڕێگەیەک هـەیە تا دەستیان بە پێداویستییە روو لە گەشەکانی ژیان رابگا؟ ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسـەر ڕێژەی پێـداویسـتی و داهـاتی تـاکـەکـەس بـەگـشـتی بە تایبـەتـی هیی فـەرمـانبـەران بەڕێوە چوون، دەری دەخـەن کـە بە تێپـەڕبوونی کـات و چوونە

سـەری هەڵایسـانی ئابووری، نە تەنیا ئاسـتی داهات نەیتـوانیـوە بەسـەر پێداویستییە مادییەکاندا زاڵ بێ، بگرە رەوتێکی پێچەوانەی بەخۆوە گرتووە.

### پێشینەی گەندەڵیی ئیداری لە کۆمەڵگە جۆرەوجۆرەکاندا

بابەتی گەندەڵی بەردەوام لە سەرەتای بوونی شارستانییەتەکانەوە هەبووە و بەرۆکی وڵاتانی گـرتووە و حکوومـەتەکـان و دەوڵەتەکـان لە سـەدەکـانی پێشـووەوە لەگەڵ کێشـەی کەڵکی خراپ وەرگرتنی فەرمانبەرانی دەوڵەتی لە پۆسـتـەکـانیـان بەرەوڕوو بوون. تاوانگەلێک وەک دزی، بەرتیلخـۆری و ساختەکاری، تاوانی نوێ نین و ڕابردوویەک بە ئەندازەی دەوڵەتەکانیان هەیە.

بەدرێژاییی سەدەکانی رابردوو، بەردەوام پێوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵات و چوارچێوەی گەشەی گەندەڵیدا هەبووە هەر کاتێک بە باشی لە دەسەڵات کەڵک وەرگیراوە، رێژەی گەندەڵی هاتووەتە خوارەوە.

### پێویستی و گرینگیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گەندەڵیی ئیداریدا

گەندەڵی دیاردەیەکە کە کەم تا زۆر لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا هەیە. بەڵام جۆر، شێواز، رێژە و بەربڵاوییەکەی لە هەر وڵاتێکدا جیاوازە، هەروەک چۆن ئاکام و ئاسەوارەکانیشی ئەو بەپێی جۆری رێکخستنی سیاسی و ئاستی پەرەسەندن جیاوازن.

لە هەر حاڵەتێکدا، گەندەڵی دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتەکانی دەوڵەت و دژی بەرژەوەندیی زۆرینە رایان دەگرێ، دەبێتە هۆی بە فیـڕۆدانی هەروەها بەرژەوەندیی نیشتمانی و دابەزینی رێژەی کاریگەریی دەوڵەتەکان لە کاروبارەکاندا کە لە ئاکامدا دڵنیاییی خەڵک بەرامبەر بەدەزگە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان کەم و ئاستی کەمتەرخەمی و تەمبەڵی و لێنەهاتوویی بەرز دەکاتەوە.

گەندەڵیی ئیداری دەبێتە کۆسپ لەسەر رێگەی وەگەڕخستنی سەرمایە و

ڕێڕەوی گەشە و پەرەسەندنی ئابووری لەگەڵ ئاستەنگدا بەرەوڕوو دەکا و لە سۆنگەی وەگەڕخستنی سەرچاوە بەهێزە مرۆییەکان لە چالاکیی ناشیاودا بۆ وەدەستهێنانی داهاتی زۆرتر بەبێ زەحمەت، بواری راوەستانی کاروبارەکان لە هەموو روویەکەوە دەرەخسێنێ. لەلایەکی ترەوە لە هەر جێگەیەکدا گەندەڵی سەرهەڵبدا، رۆژ بەرۆژ پەرە دەستێنێ و بەربەرەکانێکردن لەگەڵیدا زۆر دژوار دەبێ و رەگەکانی هەر رۆژە قووڵتر دەچنە ناخی کۆمەڵگەوە. کەوابوو بەربەرەکانێکردن لەگەڵ گەندەڵی لە بواری ئیدارییەوە پێویستییەکی ڕژد و حاشاهەڵنەگرە.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی گەندەڵی

١- بەفیڕۆدانی سامانی نیشتمانی لە رێگەی خەوشدارکردنی سیاسەتەکانی دەوڵەت و راگرتنی دەوڵەت لە بەرامبەر قازانج و ئامانجەکانی زۆرینەدا.

٢- بێ کەڵکبوونی هەوڵەکانی دەوڵەت لە پێناو کەمکردنەوەی هەژاری و هەلاواردندا.

٣- زیانی کۆمەلایەتی و لاوازبوونی دامەزراوەکان، زیانی سیاسی و دابەشکردنی نادادپەروەرانەی سەروەت و سامان و زیانی ئابووری.

٤- کەمبوونەوەی کاریگەری و رەواییی دەوڵەتەکان و خەوشدارکردنی بایەخە دیموکراتییەکان .

٥- لاوازبوونی متمانەی خەڵک بە توانا و ئیرادەی سیاسیی دەوڵەت.

٦- کەمکردنەوەی رێزلێنان لە یاسا.

٧- لەنێوبردنی شەفافیەت و وەڵامدانەوە.

٨- کەمکردنەوەی ئاستی پێشکەوتنی تاکەکان، دامەزراوەکان و رێکخراوەکان.

٩- بەرزبوونەوەی خەرجیی ژیانی خەڵک، لەوانە زیادبوونی نرخی کاڵاکان.

١٠- بێ کەڵکبوونی رەوتی پەرەسەندنی وڵات.

## بەرەنجام و ئاسەوارەکانی گەندەڵیی ئیداری

ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر دیاردەی گەندەڵیی ئیداری کراون، ئاماژە بەئاڵۆزبوون و بەربڵاوبوونەی هۆکارە کاریگەرەکان دەکەن لە دروستبوونی ئەم دیاردەیە. بەگشتی دەتوانین هۆکارە سەرەکییەکانی دیاردەی گەندەڵی بەمجۆرە پۆلین بکەین:

– گرینگترین هۆکاری سەرهەڵدانی گەندەڵیی ئیداری گەورەبوونی قەوارەی دەوڵەتە. کەوابوو بۆ نەهێشتنی گەندەڵی لە سیستمی ئیداریی وڵاتدا، پشتبەستن بە دەوڵەت کارێکی هەڵەیە. چونکە دەوڵەت بۆ ئەم کارە دەبێ بە تەرخانکردنی خەرجییەکی یەکجار زۆر دەست بە دامەزراندنی دامەزراوەی نوێ بکا. ئەم کارەش پێویستی بە دابینکردنی پێداویستی، دارشتنی یاسا و ڕێوشوێنی تایبەتییە.

– هۆکاری فەرهەنگی: لە سیستمێکی گەندەڵیی ئیداریدا دامەزراندن و پسپۆڕی لە پۆستە دەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای خزمایەتی و دۆستایەتی یان بەرتیلخۆرییە.

ڕێککەوتن و سازانی کەسانی سەرمایەدار، سیاسەتوان و... هتد. بۆ تێپەڕبوون لە بەربەستەکانی سیستمی ئیداری، ڕەوتێکی ئاساییە کە ئاکامەکەی سەرهەڵدانی گەندەڵی بە تایبەت لە ئاستی سەرەوەی کۆمەڵگەیە.

– هۆکاری کەسێتی: لە تەواوی وڵاتان بە تایبەتی وڵاتانی پەرەگرتوودا، بۆ پۆستە ئیداری و ڕێکخستنەکان، کۆمەڵێک پرەنسیپ دادەنرێن، کە هەڵبژاردن و دیاریکردنی تاکەکان بەگوێرەی ئەو پرەنسیپانەیە. ئەو مەرجانەی کە بۆ وەرگرتنی پۆستەکان دیاری دەکرێن بەشێکی تایبەتە بە تایبەتمەندیی کەسێتیی بەڕێوەبەر. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ گرینگی و ڕۆڵی تایبەتمەندیی کەسێتیی بەڕێوەبەران لەو هەڵسوکەوتانە کە لە خۆیان نیشان دەدەن. ئەگەر کەسێک لەسەر بنەمای دۆستایەتی و خزمایەتی و

بەرتیلخۆری، بۆ پۆستێک دیاری بکرێ و خاوەن توانای پێویست نەبێ، لێرەدایە کە سەرهەڵدانی گەندەڵی حاشاهەڵنەگرە.

– هۆکاری ئیداری: یەکە ئیدارییەکان زۆرجار لەگەڵ زۆر یاسا و ڕێوشوێنی نادروست و ناپێویست بەرەوڕوون. ئەم دۆخە دەرەتانی هەر جۆرە بڕیاردان و هەڵوێستی سەرەڕۆیانە بەفەرمانبەران دەدا . لەگەڵ ئەمەشدا، ڕەوتی ئاڵۆزی کاروباری ئیدارییش هۆکارێکە بۆ هاندانی ئەو کەسانە کە ڕوو لە داوودەزگاکان دەکەن بە پێشنیازکردنی بەرتیل بۆ خێرا ڕاپەڕاندنی کارەکانیان. لەلایەکی ترەوە کەمیی مووچەی کارمەندانی بەشی خزمەتگوزاری هۆکارێکە بۆ کەمبوونەوەی بەرەبەرەی خۆڕاگریی ئەوان و ڕاهاتنی ڕاهاتنیان لەسەر بەرتیلخۆری.

– هەژاریی ئابووری و هەژاریی فەرهەنگی، نەبوونی ڕێوشوێن و یاسای پێشگیرانە و سیستمی چاودێریی کاریگەر هۆکارەکانی تری سەرهەڵدانی گەندەڵیی ئیدارییە. بەڵام ڕەنگە گرینگترین هۆکاری تەشەنەکردنی گەندەڵیی ئیداری، نەبوونی پێکهاتەیەکی شەفافەکان لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا بێ. لە شوێنە ئیدارییە ناشەفافەکاندا، دەرفەتی کاری نایاسایی ئیداری زۆرترە و بەڕێوەبردنی هەڵسوکەوتی تێکەڵ بە گەندەڵی ئاسان دەبێ. کەوابوو ڕەنگە کاریگەرترین شێوازی خەبات دژی گەندەڵیی ئیداری دەربازبوون لە کەشی تاریک و لێڵ و شەفافکردنەوەی شوێن و پێکهاتە ئیدارییەکان بێ.

زۆربەی خاوەنڕایان لە لێکدانەوەی ڕێژەی کاریگەری گەندەڵی لە گەشەی ئابووریدا پێیان وایە کە گەشەی ئابووریی هەر وڵاتێک دەبێتە هۆی کەمبوونەوە و لاوازبوونی گەندەڵی و پێوەندییەکی نزیکی لە نێوان هۆکاری ئابووری و هۆکاری سیاسی لە سەرهەڵدانی گەندەڵیدا هەیە.

## خەبات دژی گەندەڵیی ئیداری

لە وڵاتانی پێشکەوتوودا پرسی گەندەڵیی ئیداری ئاڵۆزییەکی تایبەت بە خۆی هەیە. سیستمی سیاسیی ئەو جۆرە وڵاتانە دیموکراتیک نییە یان دیموکراسی لەواندا سەقامگیر نەبووە. لەم وڵاتانەدا ئابووری هەروا دەوڵەتییە، پێکهاتەی فەرهەنگییان نەریتییە و ئەم پێکهاتە نەریتییە کاریگەری راستەوخۆ لەسەر قەوارەی سیاسی و ئیداری دادەنێ. شێوازی خەبات دژی گەندەڵیی ئیداری لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە چەند روویەکەوە جێگەی سەرنجە.

١- کەرتی تایبەت: دەوڵەتبوونی ئابووری یەک لەو هۆکارانەیە کە بەپێی ئەزموونی وڵاتە جۆرەوجۆرەکان، پێوەندیی راستەوخۆی هەیە لەگەڵ پەرەسەندنی گەندەڵی. ئەوە کە دەڵێن دەوڵەت بازرگانیی باش نییە، ماناکەی ئەوەیە کە سوود و زیانی چالاکیی ئابووریی کۆمپانیا دەوڵەتییەکان بۆ بەڕێوەبەرانی ئەم کۆمپانیانە یەکسانە. کەوابوو ئەگەر شێوازەکانی چاودێری نەبنە رێگر لە بەردەم پەرەسەندنی گەندەڵی و کەڵکی خراپ وەرگرتن لە یاساکان، هەر ئەوەندە کە بەشیان لە قازانجی کۆمپانیا دەوڵەتییەکاندا نییە، دەتوانێ وەک هۆکارێک بۆ گەندەڵیی ئیداری لێک بدرێتەوە. هەر بۆیە لە ئابووریی دەوڵەتیدا، دەوڵەت ناچارە کە لە رێگەی بردنەسەری مووچە و پاداشتی فەرمانبەران و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا دەوڵەتییەکان، لە رێژەی گەندەڵی لەم جۆرە کۆمپانیانە کەم بکاتەوە، بەڵام زیادکردنی بەرچاوی مووچە بە سەرنجدان بە چالاکیی کۆمپانیا دەوڵەتییەکان، زیان دەگەیەنێ و لەلایەکی ترەوە پێویستی بە دابینکردنی پاڵپشتیی بودجەی گشتی بۆ ئەم شوێنانە هەیە، هەر بۆیە بەپێی لۆجیک سوودی ئەم کردەوەیە ئابووری نییە، بەڵام بەڕێوەبەران لە کۆمپانیا تایبەتییەکان لەبەرئەوەی بۆ خۆیان بەشیان هەیە و یان لەلایەن خاوەن سەرمایەکانەوە هەڵبژێردراون، وردبینی و حەساسیەتی تایبەتی لە بەرچاو دەگرن تا دامەزراندنی تاکەکان لەگەڵ لێهاتوویی و توانای

زانستی و بەڕێوەبەریی ئەواندا گونجاو بێ، بە جۆرێک کە ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی کارایی و سوودی زیاتر لەلایەن کۆمپانیا تایبەتییەکانەوە، بەڵام ئەزموونەکان نیشانیان داوە کە لە ڕێکخراو و کۆمپانیا دەوڵەتییەکاندا پێوانەی تر، لەوانە: خزمایەتی، دۆستایەتی، ئۆگریی سیاسی و... هتد. لە دیاریکردنی هێزی مرۆییدا کاریگەرترن.

چڕکردنەوەی چالاکیی ئیداری و ئابووری لەلایەن دەوڵەتەوە، بۆ خۆی هۆکارێکە بۆ گەندەڵیی ئابووری و ئیداری.

ئەگەر دەوڵەت بچووک بکرێتەوە و کەرتی تایبەت گەشە بکا و دەوڵەت ڕۆڵی چاودێر لە کاروبارە گرینگەکان بگرێتە ئەستۆ و سەربەخۆیی و دەسەڵاتی دەزگای دادوەری بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گەندەڵی قبووڵ بکرێ، دەتوانین هیوادار بین کە گەندەڵی بەرەبەرە کەم دەبێتەوە و لەنێو دەچێ.

٢- میکانیزەبوونی سیستمی ئیداری: یەکێک لە هۆکارەکانی پەرەگرتنی گەندەڵیی ئیداری لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا دەرەتانی پێوەندیی ڕاستەوخۆی ئەو کەسانەیە کە ڕوو لە داوودەزگاکان دەکەن لەگەڵ فەرمانبەران و تەنانەت بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا کە هاووڵاتییانی کۆمەڵگە بە ناچاری بۆ بەدواداچوونی کارەکانیان بۆ خۆیان ئامادە دەبن، بۆ ڕزگاربوون لە سەرئێشەی هاتوچۆی بەردەوام و درێژخایەن، ناچار دەبن بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی خۆیان لە ماوەیەکی کورتدا بەرتیل بە فەرمانبەرانی ئیداری بدەن، بەڵام ئەگەر سیستمی ئیداری نەریتی گۆڕانی بەسەردا بێ و (بورۆکراسی) نەمێنێ و سیستمی میکانیزە جێگەی بگرێتەوە، دەتوانین چاوەڕوان بین بەکەمبوونەوەی پێوەندیی ئەو کەسانەی ڕوو لە داوودەزگاکان دەکەن لەگەڵ بەڕێوەبەران و کارمەندانی دەوڵەت کە لە ئاکامدا گەندەڵیی ئیداری و کەڵکی خراپ وەرگرتن لە یاسا و ڕێوشوێنەکان کەم دەبێتەوە. زۆربەی چالاکی و خزمەتگوزاریی دارایی و ئیداری و... هتد. لەم ڕێگەیەوە دێنە ئەنجامدان.

٣- بەهێزکردنی دامەزراوە نادەوڵەتییەکان: لە زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوو و نادیموکراتیدا، دامەزراوەکانی چاودێری، دەوڵەتین. لەم جۆرە وڵاتانەدا چاپەمەنی، رێکخراوە مەدەنییەکان و حزبە نەیارەکان گەشەیەکی ئەوتۆیان نەکردووە و یان چاودێریی ئەم جۆرە دامەزراوانە لەسەر چالاکیی سیاسی و ئابووریی دەوڵەت و بەڕێوەبەرانی دەوڵەت کاریگەر نییە و نابێتە رێگر لە بەردەم پەرەسەندنی گەندەڵیی سیاسی، ئیداری و دارایدا. لە راستیدا دەتوانین بڵێین بۆ چاودێریکردن، تەنیا توانای مەرج نییە. لە حاڵێکدا لە وڵاتانی پەرەگرتوودا چاودێریی رێکخراوە مەدەنییەکان و سەربەخۆ لە دەوڵەت یەکێک لە گرینگترین فاکتەرەکانی چاودێری بەسەر چالاکیی دامەزراوەکان و بەرپرسانی حکوومەتی، بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی و ناوەندە ئابوورییەکانە.

چاپەمەنی، حزبەکان و رێکخراوە مەدەنییەکان بە شێوازی جۆرەوجۆر، چاودێریی هەڵسوکەوتی رێکخراو و دامەزراوە گشتییەکانی دەوڵەتی دەکەن و تێ دەکۆشن هەتا چالاکییەکانیان شەفاف بێ.

هەروەها تێچووی کەمی چاودێریی دامەزراوە نادەوڵەتییەکان، هۆکارێکی ترە کە چاودێریی ئەوان لەسەر هەڵسوکەوتی ئیداری، دارایی و سیاسیی بەرپرسان و رێکخراوە دەوڵەتییەکان لەلایەن کۆمەڵگەوە قبووڵ بکرێ و هۆکاری سەقامگیری و بەردەوامیی ئەم جۆرە دامەزراوانە لە وڵاتە پەرەگرتووەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم پرسە. کەوابوو بۆ خەبات دژی گەندەڵی، رێگەیەک جگە لە قبووڵکردنی رۆڵی کاریگەری دامەزراوەکانی چاودێریی نادەوڵەتی لە تەنیشت رێکخراوەکان و دامەزراوەکانی چاودێریی دەوڵەتی نییە، نابێ ئەم راستییەش لە بیر بکەین کە تەنیا پشتبەستن بە چاودێریی دامەزراوە دەوڵەتییەکان کە بۆ خۆی لە رێکخراوی پان و بەرینی بروکراتیکی دەوڵەتیدا بەرەبەرە بووەتە خاوەنی پێوەندی و تێبینیی ئیداری و سیاسی، رێگەچارەیەکی کارا نییە بۆ خەبات دژی گەندەڵی. بەرەبەرە دەردەکەوێ کە پێویستە رێکخراوگەلی تر بۆ کۆنترۆڵ و چاودێریی رێکخراوەکانی چاودێریی

دەوڵەتی، دابمەزرێن.

ئەگەر بمانەوێ لە کۆمەڵگەدا بارودۆخێک برەخسێنین کە رێ بە هەر جۆرە پێشێلکارییەکی یاسایی بگرین، بێگومان لە گەندەڵیی ئیداری کەم دەبێتەوە. دەبێ قبووڵی بکەین کە لە شوێنە شەفافەکاندا کە یاسا و رێوشوێنەکان بۆ هەموو لایەک بە راشکاوی و بە روونی دیاری کراوە و دەتوانن دەستیان پێ رابگا، ئیتر بە ئاسانی ناتوانرێ گەندەڵی بکرێ.

دەستڕاگەیشتنی ئاسان بە زانیاری بۆ هەمووان، بوونی میدیایەکی رەخنەگر و لێهاتوو، پێکهێنان و پەرەپێدانی کەشی رەخنە لەناو رێکخراوەکان و بەڕێوەبەرانیان لە کۆمەڵگەدا، پەرەپێدانی راهێنانەکانی دژی گەندەڵی لە ئاستی جۆرەوجۆری خوێندندا، هاوکاریی نێودەوڵەتی لە خەبات دژی گەندەڵی، بەهێزکردنی رێکخراوە نادەوڵەتییەکان و رێکخراوە جەماوەرییەکان بۆ خەبات دژی گەندەڵی، بەشداریی خەڵک لە خەبات دژی گەندەڵی و سەرەنجام پێناسەی گەندەڵی بە شێوەیەکی ئاشکرا و روون لە کۆمەڵگەدا، لەو کارانەیە کە لە زاڵبوون بەسەر گەندەڵیدا دەتوانێ کاریگەر بێ.

## ئاکام

خەبات دژی گەندەڵی بە دروشمدان نایەتە دی. ئەم کارە پێویستی بە توانای و ورەیەکی نیشتمانپەروەرانە، خواستی گشتی و لێبڕاویی دەوڵەت هەیە. ئەم خەباتە دەبێ هاوئاهەنگ و بەرنامە بۆداڕێژراو بەڕێوە بچێ. ئەم خەباتە دەبێ سەرەتا لە بەشە حەساسەکان دەست پێ بکا و ئامانجی هەڵکێشانی رەگ و ریشەی گەندەڵی بێ، نەک قرتاندنی پەل و پۆکان. مەبەست لە رەگ و ریشە، تەواوی ئەو کەسانەیە کە هۆکاری رەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ تووشبوون بە گەندەڵین. سزادانی تووشبووان بە گەندەڵی و بردنەسەری لە رادەبەدەری خەرجیی تووشبوون بە گەندەڵی (وەک هەڵوێستێک پێش تووشبوون) و چاکسازیی شێوازەکان، چاککردنی سیستمی لێهاتوو، ناساندن و لابردنی ئەو شوێنانەی ئامادەی گەندەڵین، بردنەسەری شەفافیەت

و ئاستی وەڵامدەریی بە هەڵسوکەوتی ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان و بە گشتی چاکسازیی سیستمی ئیداری (وەک هەڵوێستێک بۆ پێشگرتن) بەدوو ڕووی دراوی خەباتی سەرکەوتوو دژی گەندەڵی دێنە ئەژمار و تەواوکەری یەکترن و هیچیان بە تەنیایی ناتوانن بە کەڵک بن.


سەرچاوەکان

١- کۆواری تدبیر، ژمارە ١٥١.

٢- هەمان سەرچاوە، ژمارە ١٦٠.

٣- همشهری، ژمارە ٣٥٣٢.

٤- دنیای اقتصاد، ژمارە ٥١٩.

٥- مدیریت تحول: ابراهیم خلیل خانی.

٦- ڕۆژنامەی (اعتماد)، ژمارە ١٢٥٨.

# گەندەڵی و ڕێگەکانی خەبات دژی ئەو دیاردەیە

مێهدی چێهرەرازی

## پێشەکی

گەندەڵی وەک شێرپەنجە وایە کە زیانێکی قورس بەکۆمەڵگە دەگەیەنێ. گەندەڵی، متمانەی خەڵک لەبەر دەوڵەت خەوشدار دەکات و سەقامگیریی سیاسی و شێوازە فەرهەنگی، نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکان لەرزۆک دەکا و بەلەنێوبردنی پێشبڕکێی دادپەروەرانە لە بازاڕ و دستنیشانکردنی سەرچاوە نەخوازراوەکان، دەبێتە کۆسپ لە بەردەم گەشەی ئابووریدا. بەگشتی دەتوانین بڵێین لە هەر شوێنێک ڕێوشوێنی ڕێگری دەوڵەتی و بوروکراسیی ئیداری زۆرتر بێ و کۆنترۆڵ و چاودێری بەسەر دەزگاکانی ئیداری و دارایی حکوومەتدا کەمتر بێ، بواری گەندەڵی زیاتر دەبێ. سەرەنجام لە هەر شوێنێک کە کارمەندانی دەوڵەت مووچەی کەم وەربگرن و بەوەرگرتنی بەرتیل لەو کەسانەی سەردانی فەرمانگەکەیان دەکەن، بەدوای قەرەبووکردنەوەی پێداویستییە داراییەکانی خۆیانن و گەندەڵی پەرە دەستێنێ و بەپەرەسەندنی گەندەڵی و لەرزۆکبوونی کۆڵەکەکانی دەوڵەت، حکوومەتی سیاسییش لەرزۆک دەبێ و هێندێک جار ڕووخانی حکوومەتی سیاسیی لێ دەکەوێتەوە.

ئێستا خەبات دژی گەندەڵیی ئیداری و دارایی بووەتە یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین بابەتگەلی هەنووکەییی سیاسی و ئابووری لە ئاستی جیهاندا و ڕێککەوتنی دەوڵەتان لە کۆنفانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەمەبەستی خەبات دژی گەندەڵی کە بەپێی بڕیارنامەی ژمارە ٥٤/٨ی مێژووی ٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣ لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەوتەوە

یەکگرتووەکانەوە پەسند کراوە، نیشاندەری ئەوەیە جیهان بۆ بەدواداچوون و خەبات دژی گەندەڵی هەنگاوی ڕژدی هەڵگرتووە و بەدوای فەوتان و ریشەکێشکردنی ئەم نەخۆشییە کوشندەیەیە. لەم بابەتەدا سەرەڕای پێناسەیەکی کورت لە گەندەڵی و ئاسەوارەکانی، تیشک دەخەینە سەر شێوازەکانی خەبات دژی گەندەڵی.

## پێناسەی گەندەڵی

گەندەڵی لە مانا فەلسەفییەکەیدا بە ڕووداوێک دەگوترێ کە لەودا گۆڕانکاریی تەنێک دەگاتە ڕادەیەک کە چیی تر ناتوانین بەو ناوەوە بیناسین یان پێناسەی بکەین. بەکورتی گەندەڵی واتە گۆڕانکارییەکی لە ناکاو کە لە تەنێکدا روو دەدا و ناوەڕۆکەکەی بەتەواوی دەگۆڕێ وەک بوونی ئاگر بەخۆڵەمێش. ئەوەی لە کۆنفانسیۆنی خەبات دژی گەندەڵیدا لێک دەدرێتەوە، ئەوەیە کە ئەم کۆنفانسیۆنە پێناسەیەکی ورد و هەمەلایەنەی لەمەڕ گەندەڵی پێشکێش نەکردووە و زیاتر ئاماژەی بەلایەنەکانی گەندەڵی کردووە.

## ئاسەوارەکانی گەندەڵی

لە ڕووی ئابوورییەوە دەتوانین بڵێین کە گەندەڵی کۆسپی سەر ڕێگەی گەشەی ئابوورییە و لە حاڵەتێکدا کە بەرپرسێکی گەندەڵیی دەوڵەتی پێش دەستبەکاربوونی گەلاڵەیەکی ئابووری، داوای بەرتیل دەکا و یان ئەوەی کە داوای بەشداری لە قازانجی ئەو گەلاڵەیەدا دەکا، بەرتیل وەک باج دەردەکەوێ. گەندەڵی لە ڕێگەی لاوازکردنی ژێرخانە گشتی و خزمەتگوزارییە کۆمەلایەتییەکان و هەروەها کەمکردنەوەی داهاتی باجەکان دەبێتە هۆی لەسەرەخۆبوونی ڕەوتی گەشەی ئابووری. لە ئاکامدا تاک بەجێی هەڵبژاردنی پیشەی بەرهەمهێن روو لە پیشەی نایاسایی دەکات. یەکێک لەو کەنالانەی کە لە ڕێگەی گەندەڵییەوە زیان بەئابووریی وڵات دەگەیەنێ، بەلاڕێدابردنی قەوارە و پێکهاتەی خەرجیی دەوڵەتە.

دەسـەڵاتدارانی گـەندەڵ پێیان باشـە پارەی زۆری وڵات لەو بەشـانەدا خـەرج بکەن کـە دەرەتانی بـەرتیلخـۆری و خـسـتنە ژێر کـۆنتـرۆڵی زۆرترە. گـەندەڵی دەبێتـە هـۆی خێرایـی بەخـشـین بەجووڵەی لەسـەرەخـۆی بوروکراسـی و وڵاتانی گـەندەڵ بـودجـەی کـەمـتـر بۆ بوارگـەلی پەروەردە و ئابووری تەرخـان دەکـەن و بەگـشـتـی گـەندەڵی دەبێـتـە هـۆی ناکـارامـەیـی سـیـاسـی و ناکـارامـەیی لە سـیـسـتـمـی دادوەری و لە کـۆتاییـدا گـەندەڵی رەوایـی حکوومـەت دەخـاتە ژێر پرسیارەوە.

## هـۆکارەکانی گـەندەڵی و شـێوازەکانی خـەبات دژی ئـەو دیاردەیە

ڕیشـەکـێشـکردنـی گـەندەڵی پێـویسـتـی بەپرۆژەیەکی هـەمـەلایەن و ڕێکوپێک و درێژخـایەن هـەیـە و لەم ڕێڕەوەدا دەتوانین لە ئـەزمـوونی وڵاتە جـۆرەوجـۆرەکان کـە لـەم بوارەدا لـە وڵاتانی تـر سـەرکـەوتـووتر بـوون، کـەڵک وەربـگرین. لەم نووسـراوەیـەدا ئامـاژە بەهـەندێک شـێـوازی خـەبات دژی ئـەم دیاردە نەگـریسـە دەکەین.

## هـۆکارەکانی گـەندەڵی

یەکـەم کـار کـە دەتوانێ بـۆ پێـشـگرتن بە گـەندەڵی کـاریگەر بێ، لێکدانەوەی هـۆکارەکانی گـەندەڵییـە لە کـۆمـەڵگەدا. دەکرێ لە هـەر کـۆمـەڵگەیەکدا پەنجـە بخـەینە سـەر سێ هـۆکـاری سـەرەکـیی گـەندەڵی: ١- هـۆکـاری فـەرهـەنگی و شـوێنی نیـشـتـەجـێـبوون ٢- هـۆکـاری ئیداری و دامـەزراوەیی ٣- هـۆکـاری کـەسـێتی. لـە پێوەندی لـەگەڵ هـۆکـاری فـەرهـەنگی و شـوێنی نیشـتـەجێبووندا دەتوانـین بڵـێین دەبێ ژێرخـانـی ئـابووری و دارایـی کـۆمـەڵگە بەچـەشـنێک دابڕێژرێ کـە شـوێنـی ئیـداری و پێکـهـاتـەی ئیـداری پێش بـەسـەرهـەڵدان و تەشـەنەکـردنی گـەندەڵی لە دامـەزراوە دەوڵـەتیـیـەکـاندا بـگرێ و ئـەم کـارە سـەرکەوتوو نابێ مەگەر بەنەهێشتنی کۆت و بەندی نارەوای ئیداری لە ئاستی دامـەزراوەیی - ئیـداری و زیادکـردنی مـووچـەی کـارمـەندان، بەجـۆرێک کـە

پێویست نەبێ بۆ بەدەستهێنانی سەروەت کاری نایاسایی و ناڕەوا بکەن و هەروەها سەبارەت بەهۆکارە فەرهەنگییەکان ئەوەی پێویستە، بەرزکردنەوەی ئاستی فەرهەنگیی کۆمەڵگە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گەندەڵیی دارایی ـ ئیداری لە ڕێگەی میدیا و گەیاندنی زانیاری دروستە. لە ڕووی فاکتەری ئیداری و دامەزراوەییەوە، یەکە ئیدارییەکان دەبێ ڕێوشوێن و یاسای ناپێویست هەڵبگرن و شێوازە ستانداردەکان ڕێگە لە هەڵسوکەوتی نایاسایی بگرن. لە ئاست ئیدارەی کۆمەڵگە چاودێریی بەردەوام لەسەر دامەزراوەی ئیداری و نەهێشتنی هۆکارەکانی گەندەڵی لە ئۆرگانە دەوڵەتییەکان بۆ خۆی دەتوانێ پێش بەگەشەی گەندەڵی بگرێ و بواری دژی گەندەڵی برەخسێنێ. سەبارەت بە فاکتەرگەلی کەسێتی دەتوانین بڵێین رەنگە ئەم جۆرە فاکتەرانە ڕێخۆشکەر بن بەگەندەڵیی ئیداری. بەرپرسانی ئیداری لە کۆمەڵگەیەکدا کە پێوەندیی بنەماڵەییی زۆر بەهێزە، ئەرک و بەرپرسایەتیی بەخزم و کەسانی نزیکی خۆیان دەسپێرن کە لەم پێوەندییەدا داڕشتنی یاسا و ڕێوشوێنی خەبات دژی ئەم سەرپێچییانە، دەتوانێ فاکتەرێکی کاریگەر بێ.

## ئامرازەکانی خەبات دژی گەندەڵی

١– بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی گشتی تا ڕوانگەی هاووڵاتییان و فەرمانبەرانی دەوڵەتی لە پێوەندی لەگەڵ گەندەڵیدا بگۆڕێ. دەتوانین ئاماژە بەچەند ڕێکارێک بکەین لەوانە پرۆگرامی پەروەردەیی لە زانکۆ و قوتابخانە و ناوەندە فەرهەنگییە خۆجێیییەکان و هەروەها وەڕێخستنی پرۆگرامی پروپاگەندە دژی گەندەڵی بەکەڵک وەرگرتن لە ڕاگەیەنەکان وەک لافیتە، کاسێتی ڤیدیۆیی، ڕۆژنامەکان و ئینتەرنێت.

٢– دەستنیشانکردنی گەندەڵی و سزادانی تاوانباران. سیستمی چاودێری بەسەر چالاکیی دامەزراوە ئیدارییەکان و ناساندنی کەسانی گەندەڵ و سزادانیان بەشێوەی جیدی و بەبێ کەمکردنەوەی سزاکان وەک لەسەرکار لابردنیان لە خزمەتگوزاریی دەوڵەتی و گۆڕینی شوێنی خزمەتکردن و

کـــەمکرنـەوەی مـــووچـە و پلە و پایە، چەند نموونەیەکن لـە رێگەکـــانی بەربەرەکانی لەگەڵ گەندەڵی و نەهێشتنی کەسانی گەندەڵدا.

٣- چاکـســـازیی پێکهـــاتەی ئیـداری. چاکـســـازیکردن لـەناو رێکخـــراوە دەوڵەتییەکان لەوانە چاکسازیی ڕێکخستنی رێکخراوەکان، چاکسازیی سیستمی بودجە، بەڕێوەبەریی کارای دارایی، سیستمی باجی کارامە و چەندان کـاری لـەم چەشنە دەتوانن لـە کـەمکردنەوەی گـەندەڵیی ئیـداریدا کاریگەر بن. ئەم چاکسازییانە دەبێ بتوانن دەسەڵاتی پاوانخوازانەی کـارمـەندان لە بڕیاردانـدا هەمـوار بکا، پێـوەندیی راسـتـەوخـۆی ئەو کەسانەی روو لە فەرمانگەکان دەکەن لەگەڵ کارمەندان بگەیەنتە کەمترین ئاست، خـێـرایی بەڕێوەبردنـی کـارەکـان زیاتر بکات و پێش بەپێـوەندیی درێژخایەنی نێوان ئەو کەسانەی روو لە فەرمانگەکان دەکەن و کارمەندان بگرێ. پێکهێنانی دەوڵەتی ئەلیکترۆنی لەگەڵ بەرزکردنەوە و پەرەپێدانی پێکهـاتەیەک بانتـر لـە پێکهـاتەی ئـەمڕۆیی بەمـەبەسـتی چاکـســازیی پێکهاتەی ئیداری دەتوانێ کاریگەر و کارامە بێ.

سەرچاوەکان:

١- فرهادی نژاد. محسن، فساد اداری و شیوه های کنترل آن، از سلسله مقالات دریافتی در دومین همایش علمی و پژوهشی نظارت و بازرسي، مرداد ماه ١٣٨٠,

٢- لطیفی. محمد حسین، فساد اداري _ انواع گوناگون آن و فرایندهای جامع مبارزه با آن، از سلسله مقالات دریافتی در دومین همایش علمی و پژوهشی نظارت و بازرسی، مرداد ماه ,١٣٨٠

٣- صفری. سعید، نائیبی. حمید رضا، رویکردهای مختلف در مبارزه با فساد، از سلسله مقالات دریافتی در دومین همایش علمی و پژوهشی نظارت و بازرسی، مرداد ماه ١٣٨٠.

٤- کنوانسیون سازمان ملل متحد براي مقابله با فساد، دفتر مقابله با مواد مخدر و جرم سازمان ملل متحد، نشر گرایش، آذر ١٣٨٤.

٥- مجموعه قوانين جزايى.

٦- فساد چيست، فاسد كيست، نشريه آزاد، ١٣٨٠.

٧- حبيبى. نادر، فساد ادارى، انتشارات وثقى، چاپ اول، ١٣٧٥.

٨- فساد مالي و توسعه نيافتگى، نشريه رسالت، ١٣٨٠.

٩- سلسله مباحث گفتگو شده در كارگاه آموزشى ٣، بررسى و شناسايى قابليتهاى قانون گذارى و قابليتهاى دستگاه قضايى براى مبارزه با فساد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی (صبا)

# ستراتیجیی خەبات دژی گەندەڵی

زەینەب شوکری – مەنسوور خەیرگوو

## پێشەکی

گەندەڵیی ئیداری یەکێک لە نەخۆشییە کۆنەکان و لە راستیدا کۆنترین برینی سیستمی ئیدارییە، چونکە دیاردەیەکە کە لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەت لەدایک بووە، واتە هەر لەو کاتەوە کە چالاکییەکانی مرۆڤ شێوازێکی رێکخراوەییان بەخۆوە گرت، گەندەڵیی ئیدارییش لە ئاکامی پێوەندیی نێوەخۆیی و پێوەندی لەگەڵ دەرەوەدا، لەناو ئەم رێکخراوە سەری هەڵدا (الوانی و جعفری، ١٣٦٦). گەندەڵی دیاردەیەکی جیهانییە کە هەموو وڵاتانی جیهان _ لە وڵاتانی پێشکەوتووڕا بگرە تا وڵاتانی روو لە گەشە– تووشی بوون (دانایی فرد، ١٣٨٤) و تا رادەیەکی زۆر کاریگەری لە سیستمە سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی و دادوەرییەکان وەرگرتووە و لە بەرامبەردا زەبرێکی کاریگەری لە رەواییی سیستمی سیاسی، کارامەییی سیستمی ئیداری و هاوسەنگیی سیستمی کۆمەلایەتی وەشاندووە (خداداد حسینی و فرهادی نژاد ١٣٨٠). زۆر توێژینەوە کە لە وڵاتە جۆرەوجۆرەکان بەڕێوە چوون دەریان خستووە کە بەشێوەی بەربلاو گەندەڵیی ئیداری لە زۆربەی وڵاتان بەتایبەتی لە وڵاتانی روو لە گەشە بوونی هەیە و ئەم دیاردەیە نە تەنیا لە رووی پێشێلکردنی دادپەروەریی ئیداری و پێشێلکردنی مافی هاووڵاتییانەوە، بگرە لە رووی پەرەسەندنی ئابووریشەوە زیان بە کۆمەڵگەکان دەگەیەنێ و هەروەها بە پێچەوانەی روانگەی زۆر کەس کە پێیان وایە گەندەڵیی ئیداری دیاردەیەکی حاشاهەڵنەگرە، شێوازی کاریگەر بۆ کۆنترۆڵکردنی هەیە (حبیبی، ١٣٧٥).

گەندەڵی زۆر هۆکاری هەیە، بەڵام سەرەکیترین و بەرچاوترین هۆکار، ناکارامەییی حکوومەتە. لە وڵاتانی روو لە گەشە دەوڵەتەکان بەرپرسایەتی و ئەرکی زۆر وەئەستۆ دەگرن و دەوڵەت زۆر ئەکتیڤتر و بەربڵاوترە لە چاو وڵاتانی پێشکەوتوو و پیشەسازی (فرج پور ١٣٨٣). گرینگترین ئەرکی دەوڵەت پیادەکردنی ئاسایشە لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا. ئەگەر کاروباری ئابووری لە پاوانی دەوڵەتدا بێ، لەم سۆنگەیەوە پێکهاتەی ئابووریی کۆمەڵگە تووشی کێشەیەکی بەرفراوان دەبێ و ناتوانێ ئەرکی سەرەکیی خۆی بەڕێوە ببا. ئەزموونی وڵاتانی سوسیالیستی و حکوومەتە سەرەڕۆکانی جیهانی سێیەم سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە پێوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان رێژەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری و ئاستی پەرەسەندنی گەندەڵیی ئیداریدا هەیە.

دەستێوەردانی لە رادەبەدەری دەوڵەت لە کەرتی ئابووری، سیستەمی ئیداریی نەگونجاو، بروکراسیی زۆر، پاوانخوازیی دەوڵەتی و کەرتی تایبەت، پەرەسەندنی بەرتیلخۆری، تەرخانکردنی بێ بەرنامەی سوبیدەکان وەڵامدەرنەبوونی دەوڵەت، سیاسەتوانان و رێکخراوە دەوڵەتییەکان بە کۆمەڵگە، دابەشکردنی نادادپەروەرانەی داهات و کەمبوونی مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت، یاسای ناشەفاف و... هتد، دەبێتە هۆی برەودان بە گەندەڵی لە کۆمەڵگەدا. بۆ ئەو وڵاتانەی کە بەرەو ئاراستەی "پەرەسەندنێکی سەقامگیر" هەنگاو دەنێن ـ بەتایبەتی وڵاتانی روو لە گەشە – پێویستە کە بەدوور لە هەر چەشنە گەندەڵییەک لە رێبازی پەرەسەندندا هەنگاو هەڵبگرن، چونکە نێوەرۆکی دژی پەرەسەندنی گەندەڵی دەبێتە هۆی بەفیڕۆدان و خراپ بەکارهێنانی سەرچاوەکان (فرج پور، ١٣٨٣). کەوابوو بەقبووڵکردنی سێ راستی وەک: ١- گشتگیربوون ٢- زیانهێنەربوون و ٣- کۆنترۆڵکردنی گەندەڵیی ئیداری، وڵاتانی روو لە گەشە ناچار دەبن بۆ کەمکردنەوەی چوارچێوەی گەندەڵی و زیانەکانی، هەنگاوی رژد و بنەڕەتی هەڵبگرن (حبیبی، ١٣٧٥). یەکێک لە هەنگاوە کاریگەرەکان بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵیی

ئیداری، هەڵبژاردنی ستراتیجیی کەرتی تایبەتی و کەمکردنەوەی ئاستی دەستێوەردانی دەوڵەت لە چالاکییە ئابوورییەکانە. کارکردن بۆ کۆنترۆڵی گەندەڵیی ئیداری، پێویستی بە ناسینی زانستییانەی هۆکارەکان و ئاسەوارەکانیەتی. بۆ ئەم مەبەستە لەم بابەتەدا چەمک، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی گەندەڵیی ئیداری و ئاسەوارەکانی و هەروەها کەرتی تایبەت وەک ڕێکارێک بۆ کەمکردنەوەی ئاستی گەندەڵیی ئیداری، تاوتوێ دەکەین.

## پێناسەی گەندەڵی

گەندەڵی دیاردەیەکی جیهانییە و هیچ کۆمەڵگەیەک، لە سایەی هیچ سیستمێکدا ناتوانێ لە گەندەڵی و ئاسەوارەکانی پارێزراو بێ (فرهادی نژاد). بەگشتی لە ئاکامی گەندەڵیدا، شتێک پێشێل دەکرێ، ئەم شتە ڕەنگە بنەمایەک، لایەنێک یان شێوازی ئەخلاقی یان یاسایی یان ڕێوشوێنی ئیداری بێ. پێناسەی زۆر بۆ گەندەڵی کراون و خاڵی هاوبەشی هەموو ئەم پێناسانە ئەمەیە لە چوارچێوەیەکی گەندەڵدا، مافی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی هاووڵاتییان و یان مافی بێ ئەملا و ئەولای کەسێک یان گرووپێک بە ئاسانی پێشێل یان بە کەس یان گرووپێکی تر دەدرێ (فرج پور، ١٣٨٣). بەڵام بەگشتی گەندەڵی، ئاماژەیەکە بە هاندانی بە هەڵەی تاکەکەس لە ڕێگەی پێدانی بەرتیل یان ئامرازە نایاساییەکانی تر (دانایی فرد، ١٣٨٤). گەندەڵی چەندان جۆری هەیە کە سەرەکیترینیان بریتین لە: گەندەڵیی سیاسی، گەندەڵیی یاسایی، گەندەڵیی ئیداری و گەندەڵیی ئابووری کە هەر چوار حاڵەتی سەرەوە ئاکامی هاوکاریی نێوان سیاسەتوانان، برۆکراتەکان و هاووڵاتییانە (خداداد حسینی و فرهادی نژاد، ١٣٨٠).

گەندەڵیی سیاسی واتە کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی سیاسی بەمەبەستی دابینکردنی ئامانجی تاکەکەسی و ناڕەوا. تا کاتێک دەسەڵاتێک لە ئارادا نەبێ، ئاسەوارێک لە گەندەڵیی سیاسی نابینرێ (اقابخشی، ١٣٦٦).

گەندەڵیی یاسایی واتە داڕشتنی یاسا بەقازانجی سیاسەتوانانی بەدەسەڵات و چینی جێی دڵخوازی دەوڵەتە. گەندەڵیی ئابووری واتە، رەفتارێک کە ببێتە هۆی زۆربوونی سەروەت و کەڵێنی قووڵی چینایەتی و تێکدانی ئاسایشی ئابووری (حبیبی، ١٣٧٥).

گەندەڵیی ئیداری، شێوازی جۆرەوجۆری هەیە و یاساشکێنیی بەرچاو لە پێوەندی لەگەڵ چالاکییەکانی دەوڵەت لەخۆ دەگرێ و چەندان پێناسەی جۆرەوجۆری لێ کراوە لەوانە: گەندەڵیی ئیداری کەڵکی خراپ وەرگرتنی تاکەکەسە لە سەرچاوە گشتییەکان لە رێگەی فەرمانبەرانەوە (Gould, 1991). بەپێی پێناسەیەکی تر، گەندەڵیی ئیداری حاڵەتێکە لە سیستمی ئیداری کە بەهۆی کارشکێنی بەردەوامی کارمەندان پێک دێ و داوودەزگاکان لە کارایی دەخا (نجاری، ١٣٧٨).

"هیدن هیمر" توێژەری زانستی سیاسی، گەندەڵیی ئیداری بە سێ گرووپی رەش و خۆڵەمێشی و سپی دابەش دەکات. گەندەڵیی ئیداریی رەش، بریتییە لە جۆرە مامەڵەیەک کە لە روانگەی خەڵک و بژاردە سیاسییەکانەوە بێزراوە و ئەنجامدەرانی دەبێ سزا بدرێن. گەندەڵیی ئیداریی خۆڵەمێشی، واتە رەفتارێک کە تەنیا بژاردە سیاسییەکان پێیان وایە زیانبەخشن و هەروەها گەندەڵیی ئیداریی سپیش بە رەفتار و هەڵسوکەوتێک دەکا کە لە رواڵەتدا دژی یاسایە، بەڵام لە روانگەی ئەندامانی کۆمەڵگەدا ئەوەندە زیانگەیێن و گرینگ نییە کە پێویستی بەسزادانی ئەنجامدەرانی بێ (حبیبی، ١٣٧٥).

بەگشتی بەسەرنجدان بەپێناسەکانی سەرەوە دەتوانین پێناسەیەکی تۆکمەتر لە گەندەڵیی ئیداری بەشێوەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

گەندەڵیی ئیداری چوار جۆرە هەڵسوکەوت لە پێوەندی لەگەڵ کاروباری دەوڵەتدا دەگرێتەوە: ١- هەڵسوکەوتی تاکەکەس لە پێناوی راکێشانی هاوکاریی تاکێکی فەرمانبەر لە داوودەزگا دەوڵەتییەکاندا. ٢- هەڵسوکەوتی فەرمانبەر لە نێوەخۆی دەوڵەت بۆ وەرگرتنی پارە، کاڵا یان خزمەتێکی بەبایەخ

لەگـەڵ کـەسـانـی یاسـایی. ٣- خـۆبـواردن یان کـەمـتـەرخـەمـیـی بەرپرسـێکی دەوڵەتی لە بەڕێوەبردنی ئەرکی یاسـایـی لە هـەمـبـەر خـەڵک و وەرگـرتنی پارە، کـالا یان خـزمـەتگوزاری لـەوان. ٤- هـەڵسـوکـەوتی دەوڵەت لـە نێـوەخـۆ بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرچاوەی دراوی و غـەیرە دراوی بۆ خۆی، خـزمان و دۆستان لە ڕێگەی پێشێلکردن یان گۆڕینی ڕێوشوێنەکان و یاساوە.

## هۆکاری سـەرهـەڵدانی گەندەڵیی ئیداری

گەندەڵی پێویستی بەبوونی دوو هۆکاری وەک خواست و هـەل (کەشێکی لەبار) هـەیە (Fraud,1993). ئەو لێکۆڵینەوانەی لە پێوەندی لەگەڵ گەندەڵیی ئیداری بەڕێوە چوون، نیشاندەری بەربڵاوبوونی هۆکارە کاریگەرەکانە لە سـەرهـەڵدانی ئەم دیاردەیە کە گرینگترینیان بریتییە لە:

١- ئاستی مووچەی فەرمانبەران: دەتوانین جیاوازیی مووچەی فەرمـانبەرانی دەوڵەت بە بـەراورد لەگـەڵ کـەرتی تایبـەت و هـاووڵاتیـیـانی تر و هـەروەهـا هـاوسـەنگ نەبوونی مووچەی دابینکراو لەگەڵ خـەرجیی ژیان و هـەڵایسـان وەک یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی سەرهـەڵدانی گـەندەڵیی ئیداری لە قـەڵەم بدەین (حـبـیـبی، ١٣٧٥). هـەڵاوسـان کـەشێکی نادڵنیـا لە کۆمـەڵگە پێک دێنێ کـە لەودا پەرە بـەگـەندەڵی و ڕەفـتـاری ناڕەوا و پێـچـەوانەی ئەخلاق دەدرێ و لـە کۆتاییدا زیـان بەسەقامگیریی کۆمـەڵایەتی، ئابووری، فەرهـەنگی و سیاسیی کۆمەڵگە دەگەیەنێ.

٢- ئاسـتی دەسـتـێوەردانـی دەوڵەت لە خـسـتنە ڕووی کـالا و خزمـەتگوزاری (بەدەوڵەتیکردنی ئابووری): دەسـتـێـوەردانی دەوڵەت لە چالاکـیـیـە ئابوورییـەکان لە بوارەکانی دابەشکردن و بەرهـەمـهـێنان دەرفـەتی زۆر بۆ بەرتیلخـۆری کارمـەندانـی کـەرتی گشـتی دەڕەخسێنێ. دیارە ئەوەی کە دەبێـتـە هـۆی پێکهـێنانی دەرفـەتی تووشـبـوونی بە گـەندەڵیی ئیـداری ئامـادەبوونـی دەوڵەت لە چالاکییـە ئابوورییـەکان نییـە، بگرە سـیـاسـەتی دیاریکردنی نرخ (پێکهێنانی کێشە و گرفت لە میکانیزمی بازاڕ) و کەڵک

وەرگرتن لە شێوازەکانی ئیدارییە کە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی گەندەڵی (حبیبی، ١٣٧٥).

٣- خزم خزمینە: لە زۆربەی وڵاتانی روو لە گەشە کە ئۆگری و پێوەندیی خزمایەتیی زۆر بەهێزە، ئەندامانی بنەماڵە و دۆستانی کارمەندێکی دەوڵەتی، چاوەڕوانییان لێی هەیە کە پێوانە و ڕێوشوێنەکان لە بەرچاو نەگرێ و لە نێوان خەڵکی ئاشنا و نائاشنا جیاوازی دابنێ (ادیب، ١٣٧٤). لەم کۆمەڵگەیانەدا دیاریکردن و دەستنیشانکردنی پۆستی ڕێکخراوەیی لەسەر بنەمای خزمایەتی یان بەرتیل بووەتە دیاردەیەکی ئاسایی و ڕێککەوتنی نێوان کەسانی دەوڵەمەند، سیاسەتوان و هۆکارەکانی برۆکراسیی ئیداری بۆ تێپەڕبوون لە فیلتەری سیستەمی ئیداری، بووەتە رەوتێکی قبوولکراو کە ئاکامەکەی، سەرهەڵدانی گەندەڵییە، بەتایبەتی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ئاستی کۆمەڵگەدا (رفیع پور، ١٣٧٩).

٤- زێدەڕۆیی لە داڕشتنی یاسا و سنووردارکردنی چالاکییەکانی کەرتی تایبەت لە ڕێگەی ئەم یاسایانەوە: بە هۆی بەربەستگەلی ئیداری و برۆکراسی و هەروەها هێندێک ڕێوشوێنی ئاڵۆز کە شیکردنەوەیان زۆر دژوارە.

٥- پێشێلکردنی ڕێکخستن و سیستەمی چاودێریی ڕێکخراو و یەکە ئیدارییەکان: یەکە ئیداری و چاودێرییەکانی هەر ئیدارەیەک، لەلایەن بەرپرسی ئەو ئیدارەوە پشتیوانییان دەکرێ کە بەسەرنجدان بەسوود وەرگرتن لە دەرفەتەکان، هەوڵ دەدەن لە کاتی دۆزینەوەی گەندەڵیدا، بەرژەوەندی و راسپاردەی بەڕێوەبەری ئیدارە لە بەرچاو بگرن و لە هێندێک حاڵەتدا دەبێتە هۆی چاوپۆشی و کەمتەرخەمی لە هەمبەر گەندەڵیی ئاشکرابوو، بەتایبەتی کاتێک کە ڕاستەوخۆ بەڕێوەبەر دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە (جوهری).

٦- خەمساردیی کۆمەڵگە لە هەمبەر پێوانە ئەخلاقییەکاندا: لاوازیی بەها ئەخلاقییەکان، هۆکاری پەرەسەندنی گەندەڵیی ئیدارین. پێوانەگەلێک لەوانە پێداگرتن لەسەر ویژدانی کاری، پاراستنی ماف، ڕێزگرتن لە یاسا و خۆبواردن لە بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی گشتی گرینگن. هەرچی ئاستی ئەخلاقیی گشتی بەرزتر بێ، نرخی دەروونی و ئەخلاقیی گەندەڵیی ئیداری زیاتر دەبێ (حبیبی، ١٣٧٥).

٧- بەرزبوونەوەی ئاستی شارنشینی: لەوەی کە پەرەسەندنی شارنشینی دەبێتە هۆی داواکاری بۆ خزمەتگوزاریی دەوڵەتی، ئەم کارە لەلایەک بەرزبوونەوەی ئاستی بروکراسی دەوڵەتی و هەروەها گەشەی کەرتی تایبەتی لێ دەکەوێتەوە و لەلایەکی ترەوە بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی داواکاری و کەمبوونەوەی خزمەتگوزاریی گشتی، دەرفەتی زیاتر بۆ کارمەندانی دەوڵەت دەرەخسێنێ و لە کۆتاییدا بەرزبوونەوەی ئاستی گەندەڵیی ئیداریی لێ دەکەوێتەوە (خداداد حسینی و فرهادی نژاد، ١٣٨٠).

٨- کاریگەریی سزادان لەسەر تووشبووان بەگەندەڵی: ئەگەر یاساکانی وڵات سزای زۆر قورسیان پێشبینی کردبێ، بەڵام لە کردەوەدا لانی کەمی سزاکان سەبارەت بە گەندەڵی بەڕێوە بچێ، بە دڵنیاییەوە کارمەندان ئەوەی بەکردەوە رووی داوە دەکەنە پێوانە. کەوابوو ئاستی جێبەجێکردنی سزای پێشبینیکراو و روانگەی گشتیی جەماوەر لەم پێوەندییەدا، کاریگەری لەسەر خۆبواردن یان تووشبوون بە گەندەڵی دادەنێ (فرج پور، ١٢٨٣).

## گەندەڵیی ئیداری و ئاسەوارەکانی

بەسەرنجدان بەنێوەڕۆکی ئاڵۆزی گەندەڵیی ئیداری، ئاستی ئاسەوارەکانیشی زۆر بەربڵاون، بەجۆرێک کە سەرەڕای ئاسەواری نەرێنی، هێندێک لە کارناسان، ئاسەواری ئەرێنییان تێدا دەستنیشان کردووە. بۆ وێنە یەکێک لە

خـاوەن ڕایان پێی وایە کـاتێک یاسـا و ڕێوشـوێنەکـان بەباشی دارێژرابن، گەندەڵی خراپە، بەڵام کـاتێک یاسـاکـان بایەخێکی ئەوتۆیان نەبێ، گـەندەڵی گـونجاوە و دەبێـتـە هۆی ئەوەی کـە ڕەوتی کـاروبار بەرەو باشـتربوون، بچێ (Cheung). بەهۆی بەربڵاویی ئاسـەوارە خراپەکانی گەندەڵی، لێرەدا ئاماژە بە خاڵێک لەم پێوەندییەدا دەکەین:

– گـەندەڵیی ئیداری لە ڕێگەی خـەوشـدارکردنی سیاسـەتەکانی دەوڵەت بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی و ئامـانجی زۆرینە، دەبێـتـە هـۆی بەفـیـڕۆدانی سەرچاوە سنووردار و بە ئابووریکراوەکان و خەرجییەکی یەکجار زۆر بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێ. (فرج پور، ١٣٨٣).

– گـەندەڵیی ئیداری دەبێـتە هـۆی ڕاگرتنی خـێرایی گـەشـەی ئابووری، چونکە لە ئاسـتی دڵگەرمـیی وەبەرهێنەرانی نێـوەخـۆیی و دەرەکی بۆ وەبەرهێنان کەم دەکاتەوە (Kaufman, 1991).

– گـەندەڵیی ئیداری دەبێتە هـۆی دواکەوتنی چالاکییە خزمـەتگوزاری و بازرگـانییەکان لەلایەن کۆمپانیا بچووکەکان و چالاکیی گرینگی ئابووری دەخاتە پاوانی کەرتی دەوڵەتی یان تایبەتی (کەسانی دەسترۆیشتوو و نزیک بەدەسـەڵات) و بەگشتی "پێکهاتەی پاوانخـوازی" بەهێـز دەکات (فرج پور، ١٣٨٣).

– گـەندەڵیی ئیـداری دەبێـتـە هـۆی دابەزینی پلەی ڕەوایی دەوڵـەتان و سـەقـامگیری و ئاسـایشی کـۆمـەڵگە دەخـاتە مـەترسـییـەوە، هـەروەهـا بەها دیموکراسی و ئەخلاقییەکان خەوشدار دەکا و لەم ڕێگەیەوە دەبێتە کۆسپ لە بەردەم پەرەسـەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا (خداداد حسینی و فرهادی نژاد، ١٣٨٠).

– گـەندەڵیی ئیداری دەبێتە هـۆی لاوازبوونی متـمـانەی خـەڵک بەتوانای و ئیرادەی سیاسیی دەوڵەت بۆ پێشگیری لە زێدەڕۆیی و هـەروەها دەبێتە هـۆی بێ هیـوایی بەرامـبـەر بە داهاتووی باشـتر و "ڕەوایی ئەخلاقیی دەوڵەت"

دەخاتە ژێر پرسیارەوە و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی متمانەی گشتی و پێگەی کۆمەڵایەتیی دەوڵەت (فرج پور، ١٣٨٣).

## سیستمی ئابووری و گەندەڵیی ئیداری

پێکهاتەی سیستمی ئابووریی کۆمەڵگە، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەگەندەڵیی ئیدارییەوە هەیە. بۆ وێنە، گرینگترین گۆڕاوەکانی پێوەندیدار بە گەندەڵیی ئیداری برێتین لە: ڕێژەی جیاوازیی چینایەتی، چۆنیەتیی دابەشکردنی داهاتەکان و سەرچاوەکانی بەرهەمی داهات، نرخی داهاتەکان و توانای دارایی دەوڵەتەکان لە دابینکردنی کارمەندان و سەرەنجام داهاتی دەوڵەت (تاک بەرهەمبوون یان نەبوون). دوایین خاڵ دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرچاوەکان روو لە یەک کەرت بکەن و جۆرێک نادادپەروەری لە بەشەکانی تر پێک دێنێ، کە بوار بۆ گەندەڵی دەڕەخسێنێ. یەکێک لەو تایبەتمەندییانە کە هەر سیستمێکی ئابووری لە گەندەڵی نزیک یان دوور دەکاتەوە، ڕێژەی بەدەوڵەتیبوونی ئابوورییە (فرهادی نژاد).

دەوڵەتیبوونی ئابووری دەبێتە هۆی چڕبوونەوەی بڕیاردان، دابینکردنی بودجە، پێدانی ئیمتیازی ئابووری، پیشەسازی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و هەروەها پەرەسەندنی سیستمی ئیداری و ناکارامەبوونی.

یەکێک لە چالاکییەکانی دەوڵەت کە دەبێتە هۆی هاندانی گەندەڵی، سنووردارکردنی ئازادیی ئابوورییە. هەرچی چوارچێوەی بازاڕ کەمتر هەڤرکیی تێدا بێ، ڕێژەی گەندەڵی لە ڕێگەی هاندانی کارمەندانی دەوڵەت بەوەرگرتنی پشکێک لە ئابووری لە ڕێگەی بەرتیلەوە زۆرتر دەبێ. دیارە ڕەنگە نەبوونی پێشبڕکێ بەهۆی گەندەڵیی سیاسەتوانانەوە بێ کە لەبەر بەرژەوەندیی تایبەتی، پشتیوانی لە کەرتی دەوڵەتی دەکەن (سجادی، ١٣٨٠).

دەستێوەردانی دەوڵەت لە چالاکییە ئابوورییەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت لە زۆر حاڵەتدا ڕۆڵی بەرهەمهێنەر یان دابەشکەری کاڵای پیشەسازی

بگێڕێ. دەوڵەت بۆ زۆر چالاکیی پیشەسازی و کشتوکاڵی یارمەتییەکی زۆری تەرخان کردووە و وەرگرتنی بەرتیل دەتوانێ سوودێکی زۆری هەبێ. هەم هاووڵاتییانی داواکاری کاڵا و خزمەتگوزاری و هەم کارمەندانی بەرپرس، لەو دەرفەتانەی کە شێوازی دابەشکردنی دەوڵەتی بۆ وەدەستهێنانی بەرژەوەندی لە ڕێگەی بەرتیلەوە دەرەخسێنێ، ئاگەدارن. روون و ئاشکرایە کە هەر ئەندازە ڕێژەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری دابەشکردن و بەرهەمهێناندا زیاتر بێ، داواکاری بۆ گەندەڵیش زیاتر دەبێ. بەشداریی دەوڵەت لە چالاکیگەلی ئابووری، پیشەسازی، سیاسەتی دیاریکردنی نرخ و هەروەها دەستێوەردانی لە میکانیزمی بازاڕدا دەبێتە هۆی پێکهاتنی بازاڕی رەش، دەبێتە هۆکارێکی گرینگ بۆ تاوانگەلێک وەک بەرتیلخۆری. ئەم دەستێوەردانانە بەشێوەی بەربڵاو گەندەڵیی بەدوای خۆیدا دێنێ (حبیبی، ١٣٧٥).

لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە لە نێوان گەندەڵیی ئیداری و لاوازی لە دەسەڵاتداریێتیی یاسادا، پێوەندییەکی جێی سەرنج هەیە. لەو وڵاتانەی کە کەرتی گشتیی ئابووریی بەهێزە، باج و ڕێوشوێنی بازرگانی بەرچاون و بەکارهێنانی سەرەڕۆیانەی یاسا و بەربەستی لە ڕادەبەدەری بازرگانی، یەکجار زۆرە و یاساکانی تایبەت بە بودجە ناکارامەن و گەندەڵی زیاترە.

کۆنترۆڵی ئابووری لەلایەن دەوڵەتەوە، سێ ڕەهەندی بەربڵاو لەخۆ دەگرێ:

١– دەستێوەردان و کۆت و بەندی لە ڕادەبەدەری دەوڵەت: یەکەمین ڕەهەندی کۆنترۆڵی توندی دەوڵەت لە بواری چالاکییە ئابوورییەکاندا دەردەکەوێ. دانانی کۆت و بەندی لە ڕادەبەدەر بۆ کەرتی تایبەت و گرتنەبەری ڕێوشوێنی تایبەت بەسنووردارکردنی نرخی دراو و بازرگانی، کۆنترۆڵی نرخەکان، پێدانی پێگە و لێبووردنی باج، ئەو دەستێوەردانانەیە کە دەرفەتی گونجاو بۆ کارمەندان دەرەخسێنێ تا بەرتیل لەو کەسانە وەربگرن کە لەم ڕێگەیانەوە سوودمەند دەبن.

٢– لاوازیی بەڕێوەبەری: نەبوونی پێوەندییەکی پتەوە لە نێوان دەوڵەت و کەرتە

ئابوورییەکاندا، لەوانە کەرتی تایبەت، کەمبوونی مووچەی کارمەندانی دەوڵەت، بێ توانایی کارمەندانی دەوڵەت، شەفاف نەبوونی بودجە، کۆنترۆڵ نەکردنی خەرجیی دەوڵەت و نەبوونی سیستمی باجی کارلێهاتوو، دەبێتە هۆی ڕەخساندنی بواری سەرهەڵدانی گەندەڵی.

٣- ناسەقامگیریی شوێنی چالاکییەکان: ڕەهەندی سێیەمی دەسەڵاتداریتیی ئابووریی دەوڵەت، پێویستی بە پێکهێنانی شوێنێکە بۆ ململانێی سەقامگیر لەسەر بنەمای یاسا بۆ دەستڕاگەیشتن بە بازاڕێکی چالاک. نەبوونی شوێنێکی ئەوتۆ دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی گەندەڵی و هەروەها دابەزینی ئاستی وەبەرهێنان لەوانە وەبەرهێنانی دەرەکی.

کەوابوو یەکێک لە ڕێکارە سەرەکییەکانی خەبات دژی گەندەڵی و سنووردارکردنی چالاکیی ئابووریی دەوڵەت، بریتییە لە هاندانی کەرتی تایبەتی بۆ بەشداری لە بەرهەمهێنان لە ڕێگەی ئازادکردنی ئابوورییەوەیە. (فرج پور، ١٣٨٣). لەم پێوەندییەدا "ڤیتۆ تانزی" کە یەکێک لە خاوەن ڕایانی هەڵکەوتوو لەم بوارەدایە، پێی وایە کە بازرگانیی ئازاد بە شێوەی گونجاو دەبێ لە کۆتاییدا ڕێژەی گەندەڵیی ئیداری کەم بکاتەوە (تانزی، ڤیتۆ).

ئازادکردنی ئابووری، بریتییە لە کۆمەڵێک هەنگاو، بەمەبەستی هەڵگرتنی کۆنترۆڵی دارایی لەسەر بازاڕ، کالا و خزمەتگوزاری، چالاکیی کەرتی بازرگانیی دەرەکی و رادەستکردنی بەمیکانیزمی بازاڕ. هێندێک لەم هەنگاوانە بریتین لە: ئازادکردنی نرخەیل و دیاریکردنی نرخ بەهۆی بازاڕەوە، لابردن یان هاوسانکردن و ئامانجدارکردنی یارمەتییە بێ بەرامبەرەکان، کەرتی تایبەتی، گۆڕینی فەرمیی نرخی دراو، کەڵک وەرگرتن لە وەبەرهێنانی دەرەکی و نێوەخۆیی و... هتد، (فرج پور، ١٣٨٣). هەروەک ئاماژەی پێ کرا، یەکێک لە ڕێکارەکانی ئازادکردنی ئابووری، کەرتی تایبەتییە کە دەتوانێ بە دەرهاویشتنی داراییە تایبەتییەکان لە کۆنترۆڵی دەوڵەت و هەڵبژاردنی بازاڕ بە هۆی بازاڕەوە، لە ڕێژەی گەندەڵیی ئیداری دابەزێنێ (راغفر، ١٣٨٢).

## کاریگەری کەرتی تایبەت لەسەر گەندەڵیی ئیداری

یەکێک لە ڕێگە کاریگەرەکان بەمەبەستی سنووردارکردنی کەرتی دەوڵەتی (گشتی)، هاندانی خەڵک بەبەشداری لە چالاکیی ئابووری، پەرەپێدانی ململانێ لەسەر بنەمای میکانیزمی بازاڕ، ڕێگرتن لە دەستتێوەردانی بەرپرسانی سیاسیی وڵات لە کۆمپانیا دەوڵەتییەکان و هەروەها ڕێگرتن لە پەرەسەندنی گەندەڵی بە هۆی پاوانخوازی، بەرتیلخۆری و بوروکراسیی ناکارمەوە، هەڵبژاردنی ستراتیجی تایبەتیکردنە (فرج پور، ١٣٨٣). بانکی جیهانی یەکێک لەو دامەزراوە نێودەوڵەتییانەیە کە کەرتی تایبەت وەک یەکێک لە کاریگەرترین شێوازەکان بۆ کەمکرنەوەی گەندەڵیی ئیداری لە وڵاتانی روو لە گەشە پێشنیازی کردووە و پێی وایە بۆ خەبات دژی گەندەڵی، باشترە ژمارەیەک کەمتر لە بەرپرسانی دەوڵەتی بەمووچەی باش، تەنیا ئەو کاروبارانە بەڕێوە ببەن کە بەراستی پێویستیان بەکۆنترۆڵی دەوڵەت هەیە (حبیبی، ١٣٧٥).

بیرۆکەی سەرەکی لە هزری کەرتی تایبەتدا ئەوەیە کە کەشی ململانێ و سیستمی زاڵ بەسەر بازاڕ، کۆمپانیا و یەکە تایبەتییەکان ناچار دەکات تا هەڵوێستی کاریگەرتر بەبەراورد لەگەڵ کەرتی دەوڵەتی بگرنە بەر، بەپێی ئەم بیرۆکەیە چەندان پێناسە لەسەر کەرتی تایبەتی پێشکەش کراوە (متوسلی، ١٣٧٣). "بیس لیتڵ و چایڵد"، پێیان وایە کەرتی تایبەت ئامرازێکە بۆ باشکردنی چالاکیی ئابووری لە ڕێگەی بەرزکرنەوەی ئاستی هێزەکانی بازاڕ لە حاڵەتێکدا کە نزیکەی ٥٠٪ لە پشکی دەوڵەتی بدرێتە کەرتی تایبەت، (Bessley and Littlechild, 1985).

"ڤیل چانۆسکی" پێی وایە بەتایبەتیکردن بەڕێوەبردنی چالاکیی ئابووری بەهۆی کەرتی تایبەت یان ڕاگواستنی خاوەندارێتیی دارایی بە کەرتی تایبەتییە (Vel _ janovaski, 1987).

کەرتی تایبەتی بە ڕواڵەت رەوتێکە کە لەودا ئەرک و دامەزراوەکانی کەرتی

دەوڵەتی لە هەر ئاستێکدا بۆ کەرتی تایبەتی رادەگوازرێ، بەڵام لە مانا راستەقینەکەیدا واتە پەرەسەندنی فەرهەنگی لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە کە دەزگاکانی یاسادانان، دادوەری و بەڕێوەبەری و سەرجەم بەشەکانی وڵات "بڕوا" بەوە بکەن کە "کاری خەڵک" دەبێ بە "خەڵک" بسپێردرێ (رحیمی بروجردی، ١٣٧٣).

زۆر پرس کە وەک ئامانجی کەرتی تایبەت راگەیەندراوە، رەنگە پاساوێک بۆ پێویستیی کەرتی تایبەت یان ئاسەوارەکانی بێ. بە شێوەی گشتی ئامانج و ئاسەوارەکانی کەرتی تایبەت برێتین لە: بچووککردنەوە. کەرتی دەوڵەتی، گواستنەوەی خاوەندارێتی و کۆنترۆڵی ئابووری، بردنەسەری ئاستی توانای ئابووری، کەمکردنەوەی قەرزە نیشتمانییەکان، هەموارکردنی (یارمەتییە بێ بەرامبەرەکان) و جیاوازیی نرخەیل، هەموارکردنی رێوشوێنەکان، بەرزکردنەوەی ئاستی ململانێیەکان، پێکهێنانی حەز و ئۆگری لەنێو کارمەندانی کۆمپانیاکان، پەرەپێدانی بازاڕی سەرمایە، دابەشکردنی گونجاوی داهات، دابینکردنی بەرژەوەندیی بەکاربەران و... هتد (متوسلی، ١٣٨٣).

خاڵێکی گرینگ لە پرۆسەی پەرەپێدانی کەرتی تایبەتدا ئەوەیە کە زۆرجار بڕیاردەرانی سەرەکی سیاسەتوانانن و ئەمانیش پشتیوانی لە بەرژەوەندیی کەسانێک دەکەن کە زۆرترین پشکیان لە هاتنە سەرکار و مانەوەیاندا هەبووە (رحیمی بروجردی، ١٣٧٣).

ئەگەر کەرتی تایبەت، چاودێریی خەڵکی بەسەرەوە نەبێ، دوو کارەساتی سەرەکی دەقەومێن: یەکەم، چڕبوونەوەی سەروەت و سەرمایە لە دەستی چەند گرووپ و دامەزراوە تایبەت و بەزیانی پەرەسەندنی گشتی و دووەم گەندەڵیی ئیداری، بەرتیلخۆری و دەستپیسی (رئیس دانا، ١٣٧٥). کەوابوو لە کەرتی تایبەتدا سەرنجدان بە چەند خاڵ پێویستە:

١- مەبەست لە کەرتی تایبەت، ئەوە نییە کە سەروەتی گشتی لە بەرژەوەندیی

کۆمەڵێکی تایبەتدا بێ.

٢- مەبەست لە کەرتی تایبەت، پاوانکردنی تایبەتی لە بریی پاوانکردنی دەوڵەتی نییە.

٣- مەبەست لە کەرتی تایبەت کەمکردنەوەی باری دارایی دەوڵەت و ئازادکردنی سەرچاوە گشتییەکانە.

٤- مەبەست لە کەرتی تایبەت بردنە سەری ئاستی لێهاتوویی و کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە مادی و مرۆییەکانە.

٥- مەبەست لە کەرتی تایبەت هاندان و پەرەپێدانی بەشداریی هاووڵاتییانە لە چالاکییە ئابووری و سیاسییەکاندا.

هەروەها توانا و وزەی خاوەن یان خاوەنانی نوێی کۆمپانیاکان، بەڵێنی لە رێگەی ئەوان بۆ پەرەپێدانی وەبەرهێنانی نوێ، کەڵک وەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای نوێوە، دۆزینەوەی بازاڕی نوێ بۆ بەرهەمەکانی کۆمپانیا و کەڵک وەرگرتن لە لێهاتوویی بەڕێوەبەری بۆ ئیدارەکردنی کۆمپانیا، چەند هۆکارێکی گرینگن کە پێویستە لە کەرتی تایبەتدا سەرنجی پێ بدرێ (فرج پور، ١٣٨٣).

بێگومان کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە بواری چالاکییە ئابوورییەکان، تەنیا لە رێگەی رادەستکردنی کۆمپانیا و ناوەندە ئابوورییەکانی دەوڵەتییەکانەوە مەیسەر نابێ، بەڵام دەبێ بزانین کە تەنیا مەبەستی کەرتی تایبەت وەدەستهێنانی داهات بۆ دەوڵەت نییە و تێبینیی ئەخلاقی و مرۆیی وا دەخوازێ کە گرینگیی زیاتر بە بەهێزکردن و پەرەپێدانی رێکخراوەکانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی و دڵنیایی (بیمە)ی کۆمەڵایەتی، بۆ هێزی کاری زیاد لە پێویستی کۆمپانیا دەوڵەتییەکان بدرێ.

دیارە ئەم خاڵەش گرینگە کە بەهۆی ترس لە پاڵەپەستۆی سیاسی و مەترسیی لەدەستچوونی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی و کۆنترۆڵی کۆمپانیاکان، کەرتی تایبەتی تووشی هەندێ لەمپەر هاتووە. کەوابوو

گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر ئەم لەمپەرانە پێویستە.

کەرتی تایبەت هەم ستراتیجێکی دژە گەندەڵی و هەم سەرچاوەیەکی بەهێزە بۆ داهاتەکانی گەندەڵی و چاکسازیخوازان دەبێ بەرنامەیەکی وەها دابڕێژن تا بتوانن پاڵنەرەکانی بەرتیلخۆری کەم بکەنەوە و ئەم ڕەوتە پێویستی بەبەشداریی هەمەلایەنە، لە بریی هاوپەیمانییەکانە و دەبێ بەشەفافیەتی زیاترەوە بەتایبەتی لە هەڵسەنگاندنی داراییەکان بەڕێوە بچێ (Rose1999). "کافمەن و سیگلبایۆم" (١٩٩٧) پێیان وایە کەرتی تایبەت لەسەر بنەمای بەڵگەی خەرجی و پاکانەحیساب کەمتر تووشی گەندەڵی دەبێ، بەڵام کاتێک کەرتی تایبەت بە شێوەی کرپار لەلایەن بەڕێوەبەران و کارمەندانی هەمان کۆمپانیاوە بەڕێوە بچێ، بواری پەرەسەندنی گەندەڵی و کەڵک خراپ وەرگرتن دەڕەخسێنێ. رادەستکردنی کۆمپانیا دەوڵەتییەکان بەخەڵک لە ڕێگەی مەزات و فرۆشتنی بازرگانی، بە لەسەرەخۆیی بەڕێوە دەچێ، پێویستە دەوڵەتەکان لە ڕەوتی بەتایبەتکردندا لە نێوان خێرایی و ڕەوتی رادەستکردن و ڕاگواستن کە لە روانگەی خەڵکەوە ڕەوایە، هاوسەنگی پێک بێنن.

## بەرەنجام

گەندەڵیی ئیداری دیاردەیەکی ئۆرگانی (ڕێکخراوەیی)یە کە ڕەوتی پەرەسەندنی وڵاتان بەشێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ کێشە و گرفت بەرەوڕوو دەکا. دەکرێ هۆکارەکانی گەندەڵی هۆکارگەلی (ئیداری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی یاسایی) بن و بەهۆی ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییە زۆرە نەرێنییەی کە لەسەر کاراییی سیستمی ئیداری، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەیەتی، بەردەوام جێی سەرنجی دەوڵەتان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بووە و هەیە. پەرەسەندنی گەندەڵی لەناو کۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی وەبەرهێنانی نێوەخۆیی و دەرەکی، دابەزینی داهاتەکانی دەوڵەت، دابەزینی گەشەی ئابووری، دابەشکردنی

نادادپەروەرانەی داهات و... هتد. ئەم حاڵەتە پێویستی بە گرتنەبەری ڕێگەچارەی گونجاو بۆ کۆنترۆڵی ئەم دیاردەیە هەیە. گرینگترین مەرجی سەرکەوتن لە خەبات دژی گەندەڵیی ئیداری، لێبڕاوی و ئیرادەی سیاسی و پشتیوانیی بەرپرسانی پایە بەرزی دەوڵەت لە پرۆگرامی خەبات دژی گەندەڵییە.

شێوازی جۆرەوجۆر بۆ خەبات دژی گەندەڵی خراوەتە ڕوو کە کەرتی تایبەت و کەمکردنەوەی دەستتێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری یەکێک لەم شێوازانەیە، چونکە لە نێوان ئازادیی ئابووری و کەمکردنەوەی گەندەڵیی ئیداریدا، پێوەندییەکی توند و نزیک هەیە و گەندەڵیی ئیداری لە رەوشێکدا کە نرخەیل ئاڵۆز و دەستتێوەردانی بەربڵاوی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری لە ئارادا بێ، پەرە دەستێنێ.

ئەمڕۆ تێبینیی بازرگانی و ناکارامەییی کۆمپانیا دەوڵەتییەکان، ئیرادەی دەوڵەتی بەمەبەستی بچووکبوونەوە، کەمکردنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت و کەرتی تایبەت کردووەتە شتێکی حاشاهەڵنەگر. کەرتی تایبەت لە ڕێگەی پێکهێنانی پێشبڕکێ، کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پاوانخوازانەی کارمەندانی دەوڵەت، بەرزکردنەوەی ئاستی شەفافیەت و وەڵامدانەوەی بەرپرسان و نەهێشتنی کۆسپ و لەمپەرەکان لە بەشەکانی بازرگانی، دارایی، دراوی و گومرگی، دەبێتە هۆی گەشەی ئابووری و کەمبوونەوەی گەندەڵیی ئیداری، بەڵام خاڵێکی گرینگ لە پێوەندی لەگەڵ کەرتی تایبەتی ئەمەیە، ئەگەرچی ستراتیجی کەرتی تایبەتی وەک ڕێگەچارەیەک بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵیی ئیداری، بردنە سەری توانا و کارایی، کەمکردنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت، ئازادکردنی ئابووری، هاندانی هاووڵاتییان بۆ بەشداریی زیاتر لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، لێک دەدرێتەوە، بەڵام ئەگەر کەرتی تایبەت بە شێوەیەکی دروست و لۆجیکی و هاوڕێ لەگەڵ چاودێریی وردی یاسایی بەڕێوە نەچێ، بۆ خۆی دەبێتە ئامرازێک بۆ پەرەپێدانی گەندەڵی، بەڵام ئەگەر پاش لێکدانەوەی کارناسانە و بەڕێوەبردنی لایەنە یاساییەکانی،

بڕیاری رادەستکردنی کۆمپانیا دەوڵەتییەکان بەکەرتی تایبەت بدرێ، کەرتی تایبەتی بەکەمترین ریسک لە پێناوی پەرەسەندنی ئابووری و دابینکردنی بەرژەوەندیی دارایی بەرهەمهێنەران و بەکاربەران دەستەبەر دەکرێ.

سەرچاوەکان:


١- اقابخشی، علي، فرهنگ علوم سیاسی، انتشارات نگاه، چاپ دوم، ١٣٦٦.

٢- ادیب. محمد حسین، جامعه شناسي ایران، انتشارات هشت بهشت، ١٣٧٤.

٣- الواني، مهدي و منوچهر جعفری، "ارئه یك الگوي نظري براي كنترل فساد اداري"، اقتصاد و مدیریت، شماره ٣٠، ١٣٧٦.

٤- تانزي، ویتو، "مساله فساد، فعالیتهای دولت و بازار آزاد"، ترجمه، بهمن آقایی، مجله سیاسی اقتصادی شماره ١٣٩- ١٤٠.

٥- حبیبی. نادر، فساد اداري، انتشارات وثقي، چاپ اول، ١٣٧٥.

٦- خدادادی حسینی، حمید و محسن فرهادی نژاد "بررسی فساد اداری و روشهای کنترل آن"، فصلنامه مدرس، دوره ٥، شماره ١ بهار ١٣٨٠.

٧- دولت، فساد و فرصتهای اجتماعی، ترجمه حسین راغفر، انتشارات نقش ونگار، چاپ اول، ١٣٨٢.

٨- دانایی فرد، حسن، "استراتژی مبارزه با فساد: آیا فناوري اطلاعات فساد اداري را کاهش مي دهد؟"، فصلنامه مدرس، دوره ٩، شماره ٢ تابستان ١٣٨٤.

٩- جوهری، محمود، " فساد اداری، علل و عوامل آن"، تعاون، ص ٦٥ – ٧١.

١٠- – رفیع پور. فرامرز، توسعه و تضاد، شرکت سهامی انتشارات، ١٣٧٧.

١١- رحیمی بروجردی، علیرضا، سیاستهای اقتصاد کلان و اصلاحات ساختاری، چاپ اول، انتشارات مؤسسه مطالعات و پژوهشهاي بازرگانی، شهریور ١٣٧٣.

١٢- رئیس دانا، فریبرز، "تورم، خصوصی سازی و گسترش فساد اداری"، صنعت حمل و نقل، شماره ١٥٣، شهریور ١٣٧٥.

١٣- زاهدی. شمش السادات، نگرشی بر فساد و آثار آن، دانش مدیریت، دوره اول، شماره دوم.

١٤- سجادی، سحر "پژوهشهای تجربی در زمینه فساد"، بورس، شماره ٢٦، شهریور

.۱۳۸۰
۱۵- فرج ثور، فرامرز، موانع توسعه: بررسي فقر، تبعيض و فساد، مؤسسه خدمات فرهنگي رسا، چاپ اول، ۱۳۸۳.
۱٦- فرهادي نژاد، محسن، "بررسي تطبيقي فساد اداری در کشورهای توسعه یافته و در حال توسعه"، تحول اداری، دوره هفتم، شماره ٤٥.
۱۷- کورئیر، پائول- لوئیس، "فساد و اقتصاد"، ترجمه فخر طاوي، ترجمان اقتصادي، شماره ٤۹.
۱۸- متوسلي، محمود، خصوصي سازي یا ترکیب مطلوب دولت و بازار، مؤسسه مطالعات و پژوهشهاي بازرگاني، چاپ اول، ۱۳۷۳.
۱۹- مبلومیادانا، راشل، "فساد اداری و آشنا بازی"، ماهنامه پیام یونسکو، شماره ۱۱۳، آذر.
۲۰- نجاری، رضا، "علل تخلفات اداری و چگونگي پیشگیري از آنها"، همایش نظام اداري و توسعه، سازمان امور استخدامی تهران، ۱۷ و ۱۸ مرداد ۱۳۷۸.

21- Kaufman, Daniel (1997) "Corruption" Foreign policy, No. 107. summer.

22- Gould, D. J. , "Administrative Corruption: Incidence, Cause and Remedial Strategies" in Farazmand A.(ed). Handbook of Comparative and Development Public Administration. New York, Marcel
Dekker, 1991.

23- Cheung, Steven W. S, "A Simplistic General
Equilibrium Theory of Corruption Contmprary", Economic Policy, Vol. 14 No3.

24- Michael Bessley and Stephen Littlechild "Privatization: Principles, Problems and Priorities" Lloyds Bank Review, July 1983, p. 18

25- Cento, Veljanovski "Selling the State" Butler and Tanner Ltd. 1987. p.1.

26. Jones, P, Combating Fraud "Corruption it the Public Sector", Chapman & Hall, 1993.

27- Susan Rose - Ackerman, "Corruption and Government: Cause, Consequences, and Reform", Cambridge University Press, 1999.

سەرچاوە: کۆواری سیاسی – اقتصادی

# گەندەڵیی ئیداری و شێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی

موحسین فەرهادی نەژاد

## پێشەکی

گەندەڵی پرسێکە کە لە تەواوی سەردەمەکاندا داوێنگیری دەزگە و ڕێکخراوەکان بووە و بووەتە بەشێک لە ئەندێشەی زۆربەی زانایان و بیرمەندانی سیاسی. گەندەڵیی ئیدارییش وەک یەکێک لە گشتیترین شێوازەکانی گەندەڵی دیاردەیەکە کە سنوورەکانی کات و شوێنی تێ پەڕاندووە و بەو تایبەتمەندییەوە، نە بەستراوە بە کاتێکی تایبەت و نە پێوەندیی بە کۆمەڵگەیەکی تایبەتییەوە هەیە.

لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین گەندەڵیی ئیداری، دیاردەیەکە لەگەڵ حکوومەت لەدایک بووە، واتە لە سەردەمێکدا کە ژیانی مرۆڤ شێوازی ڕێکخراوەییی بەخۆوە گرت لە هەمان سەردەمدا گەندەڵیی ئیدارییش وەک بەشێکی جیانەبووەوە لە ناخی ڕێکخراودا سەری هەڵدا. کەوابوو دەتوانین بڵێین گەندەڵی منداڵی نەخوازراوی ڕێکخراوە کە لە ئاکامی هاوکاریی جۆرەوجۆر لە نێوەخۆی ڕێکخراو و هەروەها بەهۆی هاوکاریی نێوان ڕێکخراو و شوێنی چالاکیی ئەو، پێک هاتووە.

گەندەڵیی ئیداری بەشێک لە کۆمەڵە پرسێکە کە ڕێکخراوەکان لە ماوەی تەمەنی خۆی بەناچار تاقی دەکاتەوە. ئەم کۆمەڵە پرسە ئاماژە بە کێشەگەلێک دەکەن کە بەشێوەی گشتی ڕەگەکانیان لە دەرەوەی ڕێکخراوە، بەڵام ئاسەوارەکانی کاریگەریی لەسەر ڕێکخراو دادەنێن. ئەم تەنگژانە وەک کێشەگەلێک کە بەردەوام لە بەردەم بەڕێوەبەراندان، لێک دەدرێنەوە کە بەهۆی

نەبوونی کۆنترۆڵی ڕێکخراو لەسەر هۆکارەکانی سەرهەڵدانیان، سروشتیشە کە کۆنترۆڵکردنیان زۆر دژوار بێ. بۆ وێنە گەندەڵیی ئیداری تا ڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری سیستمگەلی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسیدایە. بۆ نموونە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری، ڕێژەی دەسەڵاتی نافەرمی و نەریتی پێوەندیی نێوان تاکەکان، ڕێژەی کامڵبوونی سیستمی سیاسی و... هتد. کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر گەندەڵیی ئیداریی کۆمەڵگەدا دادەنێ. لەلایەک گەندەڵیی ئیداری بەشێوەی ڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنیی لەسەر لێهاتوویی سیستمی ئیداری، ڕەوایی سیستمی سیاسی و دڵخوازبوونی سیستمی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دادەنێ، کە ئەم ڕەوشە دەبێتە هۆی تەنگژە لە کۆمەڵگەدا، کەوابوو دەبێ بەگەڵاڵەکردنی ڕێگەچارەیەکی هەمەلایەنە ڕووبەڕووی دیاردەگەلێک لە جۆری گەندەڵیی ئیداری کە ڕیشەی لە بوارە جۆرەوجۆرەکاندا هەیە، ببینەوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دراوە تێهەڵڕوانێکی ئەوتۆ ئاوڕ لەم بابەتە بدرێتەوە و ئەم ڕەوتە لە تەواوی قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا لە بەرچاو گیراوە.

## ئاناتۆمیی گەندەڵی

گەندەڵی تا ئەو جێگەیە پێوەندیی بە ڕێکخراو و ڕەوتەکانی ڕێکخراوەییەوە هەیە، بەسەر سێ بەشی سیاسی، یاسایی و ئیداریدا دابەش دەکرێ.

١- گەندەڵیی سیاسی: بەپێی پێناسەیەکی گشتی، گەندەڵیی سیاسی بریتییە لە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە دەسەڵاتی سیاسی بەمەبەستی ئامانجی تاکەکەسی و ناڕەوا (اقا بخشی، ص ١٩٩) بەگشتی گەندەڵیی ئیداری و دەسەڵات هاوزای یەکترن، واتە تا کاتێک کە دەسەڵات نەبێ باسێک لە گەندەڵییش نییە. هەروەک ڕۆسۆ گوتوویەتی: بە دڵنیاییەوە گەندەڵیی سیاسی، ئاکامی ململانێ و هەوڵدانە بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات. (زاهدی، دوره اول، شماره دوم، ص ٢٣٧).

٢- گەندەڵیی یاسایی: مەبەست لە گەندەڵیی یاسایی، داڕشتنی یاسای پڕ لە

هەڵاواردن بەقازانجی سیاسەتوانانی بەهێز و چینی جێی بایەخی دەوڵەتە. ئەم جۆرە رەفتارانە کە پێیان دەڵێن گەندەڵیی یاسایی، ئەم بڕوا گشتییە کە گەندەڵی تەنیا بریتییە لە رەفتارێک کە پێچەوانەی یاسا بێ، رەت دەکاتەوە. بۆ وێنە یاساگەلێک کە بەبێ هیچ چەشنە پاساوێکی ئابووری یان کۆمەڵایەتی، دەسەڵاتی کڕین، فرۆشتن یا بەرهەمهێنانی بەرهەمێک بەکەسێک یان گرووپێکی تایبەتی دەدا، نموونەگەلێکن لەم جۆرە گەندەڵییە. (حبیبی، ٢٣٧٥، ص ١٤).

٣- گەندەڵیی ئیداری: خاوەن ڕایان بەپێی گۆشەنیگایەک کە بۆ سەیرکردنی ئەم دیاردەیە هەڵیان بژاردووە، پێناسەی جیاواز و هێندێک جار وێکچوویان لە گەندەڵیی ئیداری خستووەتە ڕوو. بۆ وێنە "جەیمز سکات" پێی وایە گەندەڵیی ئیداری رەفتارێکە کە تاکەکەس بەهۆی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی و دەستڕاگەیشتن بە خۆشگوزەرانیی زیاتر یا پێگەی باشتر لە دەرەوەی چوارچێوەی فەرمیی ئەرکێکی دەوڵەتی، ئەنجامی دەدا (C.ssott,P.4.1972). پێناسەیەک کە زیاتر لە پێناسەکانی تر بایەخی پێ دەدرێ، پێناسەیەکە کە لەلایەن "سامۆئێل هانتینگتۆن"ەوە کراوە. ناوبراو پێی وایە: گەندەڵیی ئیداری بەکۆی ئەو دەستە لە کارمەندانی کەرتی گشتی دەگوترێ کە لە پێناو بەرژەوەندیی تاکەکەسی و تایبەتیدا، ڕێوشوێنە قبوڵکراوەکان لە بەرچاو ناگرن. (هانتینگتۆن، ١٣٧٠، ص ٩١ - ٩٠) ( کلیتگارد، ١٣٧٥، ص ٣٥). بەواتایەکی تر گەندەڵیی ئیداری ئامرازێکی ناڕەوایە بۆ دەستەبەرکردنی داوایەکی ناڕەوا لە سیستمێکی ئیداریدا. ئەگەر بمانەوێ گەندەڵی لە چوارچێوەی هاوکێشەیەکدا بخەینە ڕوو، ئەم هاوکێشەیە بەمجۆرە دەبێ: گەندەڵی = پاوانخوازی + دەسەڵاتێکی نهێنی _ وەڵامدانەوە و شەفافیەت.

## جۆرەکانی گەندەڵیی ئیداری

گـەندەڵیی ئیـداری بە رەوشـێک لـە سیـسـتـمی ئیـداری دەگـوترێ کـە بەهۆی سەرپێچیی بەردەوام و پەیتا پەیتای کارمەندان پێک دێ. ئەم سەرپێچییانە کە بەگشتی گـەندەڵیی ئیـدارییـان لـێ دەکەوێتـەوە، چەند جـۆرن کـە باوترینیـان برێتین لە:

١- گەندەڵیی دارایی کە بۆ خۆی چەندان جۆری هەیە:

- بەرتیلخۆری.
- دەستپیسی و دزی.
- گەندەڵی لە کڕینی دەوڵەتی لە کەرتی تایبەتی.
- گەندەڵی لە گرێبەستی دەوڵەت لەگەڵ پەیمانکاران.
- گەندەڵیی ماڵیاتی.

٢- کەڵک وەرگرتنی تاکەکەسی لە کەلوپەلی دەوڵەتی.

٣- کـەمکاری، ڕاپـۆرتی درۆ و نادروست، بەفـیـڕۆدانی کـات لە فـەرمـانـگە بۆ بەڕێوەبردنی کاری تایبەتی،

٤- دزینی کەلوپەلی گشتی لەلایەن کارمەندانەوە.

٥- دەستپێوەنەگرتن.

٦- بایەخدانی زیاتر بەپێوەندی لەسەر حیسابی ڕێوشوێنە یاساییەکان.

٧- گەندەڵی لە ناسـاندن و خـەبات دژی یاسـاشکێنی (ئاسـانکاری لە هەمـبـەر گەندەڵی).

٨- گەندەڵی لە خزمەتگوزاریی دەوڵەتی.

٩- گەندەڵی لە دەرکردنی مۆڵەت بۆ چالاکیی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

١٠- گـەندەڵی لە دامـەزراندن: (لە بەرچاونەگـرتنی ڕێوشـوێن و پێـوانەی لێوەشاوەیی لە هەڵبژاردن و بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەر لە ڕێکخراوەکان).

## هۆكاری سەرهەڵدان و پەرەسەندنی گەندەڵیی ئیداری

سەرهەڵدانی گەندەڵیی ئیداری پێویستی بەبوونی رەوشێکی تایبەتییە و سەرەڕای ریشەکان، چەندان هۆکاری رێخۆشکەر هەن کە بەکورتی لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین:

١- مەرجە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی گەندەڵیی ئیداری

- ئۆگری: ئۆگری بەسەرپێچی لە زەینی بکەردا هەیە. ئۆگری دەکرێ بۆ چەند هۆکارێک بگەڕێتەوە کە لە درێژەی ئەم بابەتەدا ئاماژەیان پێ دەکەین. ئەوەی کە ئەم هۆکارانە لە دەروونی تاکەوە سەرچاوە بگرن یان لە شوێنی نیشتەجێبوون، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە ئاکامەکەیدا پێک نایەنێ.

- هەل و دەرفەت: بۆ ئەنجامدانی گەندەڵیی ئیداری دەبێ جگە لە ئۆگری، هەل و دەرفەتیش هەبێ. دەرفەتێکی ئەوتۆ رەنگە بەدوای گەلاڵەیەکی درێژخایەن بێتە پێش یان بەشێوەی کتوپڕ و بێ پلان بێ. ئەگەر ئۆگری و دەرفەتی ئەنجامی گەندەڵی هەبێ، گەندەڵی لەدایک دەبێ و لە حاڵەتی ئامادەبووندا رەوشەکانی تریش گەشە دەکەن. (jones, 1993).

٢- ریشە سەرەکییەکانی گەندەڵیی ئیداری

- ریشەکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی: رەنگە گرینگترین هۆکاری گەندەڵی، پرسی فەرهەنگی بێ. فەرهەنگی گشتیی کۆمەڵگە، بەها و شێوازەکانی زاڵ لە کۆمەڵگە و بیروباوەڕی خەڵک رۆڵی سەرەکیی لەم بوارەدا هەیە. تاکگەرایی، نەمانی شەرم، سەرپێچیکردن لە رێکخراو و کۆمەڵگە و لە سەروو ئەمانەوە لاوازیی ویژدانی کاری، گرینگترین ریشەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی گەندەڵیی ئیدارییە.

- ریشە ئابوورییەکان: ناسەقامگیریی ئابووری، هەلاوسانی کۆنترۆڵنەکراو، تەنگژەی ئابووری، دابەزینی داهاتەکان و دابەزینی ئاستی

بژێویی خەڵک و دابەشکردنی نادادپەروەرانەی داهات لە کۆمەڵگە، گرینگترین هۆکاری ئابوورییە.

٣- هۆکاری ئاسانکاری

- هۆکاری سیاسی: سەربەخۆنەبوونی دەزگای دادوەری، نفووزی دەزگای بەڕێوەبەری بەسەر دەزگای دادوەری و دەزگاکانی چاودێری و لێکۆڵینەوەدا، پاڵەبەستۆی گرووپە خاوەن دەسەڵاتەکان لە نێوەخۆ و دەرەوەی ڕێکخراو، گەندەڵیی ئیداری بەڕێوەبەران، ڕێنوێنی بۆ پاراستنی بەڕێوەبەرانی سەرپێچیکار لە سزاکان و سەرەنجام وشیاریی خەڵک لە مافەکانی خۆیان لە بەرامبەر یاسا، چەند هۆکارێکی سیاسین کە ئاسانکاری بۆ سەرپێچیی ئیداری دەکەن.

- هۆکاری ئیداری: ڕێکخستنی ئیداریی ناکارامە، ئاڵۆزیی یاساکان، ڕێوشوێنەکان و زۆریی بڕیاراتی ئیداری، بەڕێوەبەری ناکارامە، نەبوونی پێوانەیەک بۆ دەستنیشانکردنی کەسانی لێهاتوو و بوونی هەڵاواردن لە بواری دامەزراندن و بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەران، کەموکووڕی لە سیستمی هاندان و سزا و سیستمی چاودێری و هەڵسەنگاندن، چەندان هۆکاری ئاسانکارین لەم پێوەندییەدا. (نجاری، ١٣٧٨).

بەئاماژەیەک کە لەبارەی ریشەکانەوە، ڕەوش و هۆکارەکانی ڕێخۆشکەر گەندەڵیی ئیداری کراوە، ئێستا دەتوانین باسی گرینگترین هۆکارە باوەکان لە سەرهەڵدان و پەرەپێدانی گەندەڵیی ئیداریدا بکەین.

١- جیاوازیی بەرچاو لە نێوان داهاتی کارمەندان و ئاستی خەرجیی ئەوان:

ڕەنگە یەکێک لە باوترین هۆکارەکانی تووشبوون بەسەرپێچیی ئیداری نەگونجانی داهاتی کارمەندان لەگەڵ خەرجیی ئەوانە.

٢- پێوەندیی خزمایەتی: (خزم خزمینە)

له هێندێک لەو کۆمەڵگەیانەی کە بەها نەریتییەکان لەنێو خەڵکدا زاڵن؛ پێوەندیی خزمایەتی یەکێک لە هۆکارەکانی گەندەڵیی ئیداری پێک دێنێ.

چەمکی "سەرمایەی کۆمەلایەتی" کە لەلایەن کۆلەن (١٩٩٠) و هەروەها "سەرمایەی سیاسی" لەلایەن لویی (١٩٩٦) پێشکێش کراوە، نیشاندەری رۆڵی پێوەندیی خزمایەتییە لە گەندەڵیی ئیداریدا.

٣- پانتاییی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروبارەکاندا

هەرچی رێژەی دەستێوەردانی دەوڵەت زیاتر بێ، بواری سەرهەڵدان و پەرەسەندنی گەندەڵییش زیاتر دەڕەخسێ. هەروەک گوتراوە: ئاستی سەرهەڵدانی گەندەڵی شان بەشانی ئاڵۆزیی داوودەزگاکانی دەوڵەت کە ئەرکی چاودێری و بەڕێوەبەرییان لە ئەستۆیە بەربلاوتر دەبێ. (ماکارونی، ١٣٧٥، ص ٣١). وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بەدەسەلاتی دەوڵەت لە بواری دابینکردنی مۆڵەت بۆ هاوردە یان بەرهەمهێنانی کالا و خزمەتگوزاریی پڕ سوود بکەین. لە رەوشێکی ئەوتۆدا، کارمەندانێک کە دەسەلاتی دابینکردنی مۆڵەتیان هەیە دەرفەتی هەڵبژاردنی کەسانێکی تایبەتی کە بەڵێنی قەرەبووکردنەوەی خزمەتگوزاریی ئەوان بکەن، بەدەست دێنن. بەمجۆرە گەندەڵیی ئیداری روو دەدا. (Maruro, 1998).

٤- زێدەڕۆیی لە داڕشتنی یاسا و سنووردارکردنی کەرتی تایبەت

کاتێک یاسا و رێوشوێنەکان زیاد لە پێویست بوون، هاوولاتییان تووشی حاڵەتێک دەکا کە بیر لە سەرپێچیکردنی لە یاسا بکەنەوە و لەلایەکی ترەوە، کارمەندی گەندەڵیش بەجۆرێک هەڵسوکەوت دەکات کە ئەو کەسانەی سەردانی فەرمانگە دەکەن، قبووڵ بکەن کە یاسا و رێوشوێنەکان رێگرن کە رەوتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لەسەرەخۆ دەکا و لێرەدایە کە لە ئاکامی رێکەوتنی نهێنی و پاشان ئاشکرا لە نێوان کارمەند و ئەو کەسانەی سەردانی فەرمانگەکان دەکەن، گەندەڵیی ئیداری روو دەدا. چەندایەتی و چۆنایەتیی

یاسا و ڕێوشـوێنەکان تا ڕادەیەک لە بەرهەمـهێنان و پەرسـەندنی گـەندەڵیدا کـاریگەرە کـە خـاوەن ڕایەک لەم بارەیەوە دەڵێ: پێم وا نیـیـە بەبێ یاسـا و ڕێوشوێنی دەوڵەتی، گەندەڵی بتوانێ پێک بێ. (Cheung, p16)

٥- لاوازیی پێوانە ئەخلاقییەکان (لە کۆمەڵگەدا)

پلەی هەسـتیـاریی کـۆمەڵگە بەرامبەر بەپێوانە ئەخـلاقـییـەکان، یەکێک لە هۆکـارەکـانی دیاریکردنی ئاسـتی گـەندەڵیی ئیـداری لە کـۆمـەڵگەیە. ئەگـەر ئاسـتی ئەخـلاقیی گشـتی لە سـەرەوە بێ، یەکەم ئەوەی کـە نرخی دەروونی و ئەخلاقیی سـەرپێچییە ئیدارییەکان زیاتر دەبێ، دووەم مەترسیی ئاشکرابوون و سزا و ئاسەوارەکانی بەرز دەبێتەوە.

٦- بەرزبوونەوەی ئاستی شارنشینی

بەرزبوونەوەی ئاسـتی شـارنشـینی بەهۆی پەرەسـەندنی داواکـاری بۆ خـزمـەتگوزاریی دەوڵەتی و پەرەسـەندنی کـەرتی تایبـەتی کـە بەپەرۆشی ڕاپەراندنی کـاروباری خـۆیانن و هەروەها برەودان بەبوروکـراسی و بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکییە گشتییەکان، دەرفەتی تووشبوون بە گەندەڵیی ئیداری زیاد دەکا. (دفتر بررسیهای افتصادی، شماره ٢٥، ص ١٢٠)

٧- ئاستی چالاکیی چاودێری و سزادانی دەوڵەتی

ئەگەرچی چاودێریی کاریگەر، یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی پێشگرتن لە لادانە، بەڵام چاودێری بۆ خۆی هەڵگری جۆرێک دژبەرییـە، چونکە یەکێک لە هۆکارەکانی ئۆگری بەگەندەڵی، توندیی چاودێرییەکە کە لەلایەن داوودەزگە چاودێرییـەکـان بەسـەر چالاکـیی کـەرتی تایبـەتدا بەکـار دەهێنرێ لەوانە چاودێری بەسـەر دەرکـردنی مـۆڵەتەکـان، ڕەوشی تاوانەکـان لە هەمـبـەر سەرپێچییەکان، چاودێری بەسـەر کڕینی دەوڵەتی، وەبەرهێنانەکان و... هتد. حبیبی، ١٣٧٥، ص ٤٨ _ ٤٧)

٨- ئاسایش بەهۆی کەشی تێکەڵ بە گەندەڵی

ئەوەی کە دەڵێن "گەندەڵی، گەندەڵی دەهێنێ" یەکێک لە دروستترین دەستەواژەکانە لە ئەدەبیاتی گەندەڵیدا. چونکە ڕێژەی بوونی گەندەڵی و ئەو کەشەی کە بەگەندەڵی گیرۆدە بووە، یەکێک لەبارترین بوارەکانی پەرەسەندنی گەندەڵییە. لە کەشێکی گیرۆدە بەگەندەڵیدا دەرفەتی گەندەڵی زۆرە و مەترسی لە دواکەوتنیش زۆر کەمە و ئەمە بەمانای خێرابوونی چالاکیی ناتەندروست لەلایەن کارمەندان و ئەو کەسانەی سەردانی فەرمانگەکان دەکەن.

٩- ڕێخۆشکردن بۆ گەندەڵی

سەرەکیترین هۆکاری چاوپۆشی لە هەمبەر گەندەڵیی ئیداری بریتییە لە:

١- زەوینە خۆشکردنی هێندێک وڵات بۆ هەلی وەدەستهێنانی داهات و پێگەی باشتر لە ڕێگەی نارەوا لە بریی پێدانی ئیمتیازی یاسایی بەلایەنگرانی سیاسیی خۆیان.

٢- ناکارامەییی هێندێک لە وڵاتان لە بەرزکردنەوەی ئاستی مووچەی کارمەندانی پسپۆڕدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەچاوپۆشی لە هەمبەر سەرپێچییەکان، ڕێگەیان پێ دەدا تا بەپشتبەستن بەجۆرەکانی گەندەڵی رەوشی خۆیان باشتر بکەن و لە بەرامبەر سیستەمیشدا بتوانن لە خزمەتگوزارییەکان کەڵک وەربگرن.

٣- پێشگرتن بە سەرهەڵدانی ناکۆکی و ئاڵۆزی لەنێو دەسەڵاتداران لە ئاکامی لە قاودانی حاڵەتەکانی گەندەڵیی ئیداری.

٤- پاراستنی رەوایی و ئابڕووی سیستم لە ڕێگەی بێدەنگی لە ئاست راستییەکانی گەندەڵیی ئیداریدا. (حبیبی، ١٣٧٥، ص ١٤٠)

١٠- چاوچنۆکیی یەکێکی تر لە هۆکارەکانی تووشبوون بە سەرپێچیی ئیدارییە.

## ئاسەوارەکانی گەندەڵیی ئیداری

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لەلایەن نووسەری ئەم بابەتەوە هاتووەتە ئەنجامدان، بەپێی راپرسی لە بەڕێوەبەرانی فەرمانگەکان، سەرەکیترین هۆکاری سەرهەڵدانی گەندەڵیی ئیداری، بەجۆرێک کە لە خشتەی ۱ و ۲ دەبینن پۆلینبەندی کراوە: خشتەی ژمارە ۱ بریتییە لە پۆلینبەندی گریمانەکان پێش تاوتوێکردنی زانیارییەکان و خشتەی ژمارە ۲ توخمە وردکراوەکانی گریمانەکان نیشان دەدا کە ئاسەوارەکانی ئەم توخمانە لە خشتەی ژمارە ۱ رەنگی داوەتەوە.

خشتەی ژمارە ۱




گریمانەی یەکەم: لە نێوان رەوشی ئابووریی کارمەندان و گەندەڵیی ئیداریدا پێوەندییەکی مانادار هەیە.

گریمانەی دووەم: لە نێوان تایبەتمەندیی فەرهەنگیی کۆمەڵگە و گەندەڵیی ئیداری، پێوەندییەکی مانادار هەیە.

گریمانەی سێیەم: لە نێوان تایبەتمەندیی رێکخراوەیی و گەندەڵیی ئیداری،

پێوەندییەکی مانادار هەیە.

گریمانەی چوارەم: لە نێوان چەندان و چۆنایەتیی یاسا و ڕێوشوێنەکان و گەندەڵیی ئیداریدا پێوەندییەکی مانادار هەیە.

گریمانەی پێنجەم: لە نێوان تایبەتمەندیی تاکەکەسیی کارمەندان و گەندەڵیی ئیداری پێوەندییەکی مانادار هەیە.

خشتەی ژمارە ٢

هۆکارە کاریگەرەکان لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی گەندەڵی




:X1: ئاستی پێوەندیی خزمایەتی لە کۆمەڵگە.

:X2: نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان نرخی گەشەی هەڵایسان و نرخی گەشەی مووچەی کارمەندان.

X3 : نەبوونی میکانیزمی کۆنترۆڵی کارامە لە ڕێکخراودا.

X4: ئاڵۆزبوونی یاسا و ڕێوشوێنەکان.

X5: نەبوونی ویژدانی کاری.

X6: پابەندنەبوونی کۆمەڵگە بەپاراستنی ڕێوشوێنە شەرعییەکان.

X7: نەبوونی ئیمتیازی لاوەکی بۆ کارمەندان.

X8: بوونی تۆڕی پێوەندیی نافەرمی لەناو ئۆرگانەکاندا.

X9: ئەو کەسانەی سەردانی داوودەزگەکان دەکەن ئاشنا بەیاساکان نین.

X10: بوونی رۆحییەیەک لەسەر بنەمای بەکاربەرخوازی لەلایەن کارمەندانەوە

X11: هەڵاتن لە یاسا لە فەرهەنگی کۆمەڵگەدا.

X12: هەست بەنایەکسانیی ئابووریی کارمەندان بەبەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری کۆمەڵگە.

X13: نەبوونی ئاسایشی پیشەیی.

X14: زۆریی یاسا و رێوشوێنەکان.

X15: پلەی ریسکی کارمەندان.

X16: چۆنیەتیی دابەشکردنی سەروەت لە کۆمەڵگە.

X17: نەبوونی سیستمی پاداشی کارامە لە رێکخراو.

X18: لاوازیی یاسا و ڕێوشوێنەکان.

خاوەن ڕایان سەبارەت بەئاسەوارەکانی گەندەڵی روانگەی جیاوازیان هەیە کە لە نێویاندا تەنانەت چەندان حاڵەت دەبینین، کە باسی ئاسەواری ئەرێنیی گەندەڵیی ئیداری کراوە.

بەهەرحاڵ ئاماژە بەهەردوو روانگە دەکەین:

*** ئاسەواری نەرێنیی گەندەڵیی ئیداری**

– گەندەڵیی ئیداری پێکهاتەی خەرجییەکانی دەوڵەت تێک دەدا و بەرەو گەلاڵەی ئاڵۆز و ناڕوون و وەبەرهێنانی گەورە کە چاودێریی وردی لەسەر نییە رێنوێنی دەکا.

– گەندەڵیی ئیداری لە رێگەی دامەزراندنی کەسانی ناکارامە و ناشارەزا،

کاراییی سیستمی ئیداری له درێژخایەندا کەم دەکاتەوە.

- گەندەڵیی ئیداری گەشەی ئابووری لەسەرەخۆ دەکا، چونکە ئەنگیزەی وەبەرهێنان چ بۆ وەبەرهێنەرانی نێوەخۆیی و چ بۆ وەبەرهێنەرانی دەرەکی کەم دەکاتەوە. ئامارەکان نیشان دەدەن کە وەبەرهێنان لە وڵاتێکی گەندەڵ بە بەراورد لەگەڵ وڵاتێکی ناگەندەڵ بە ٢٠٪ باجی زیادی لەسەر وەبەرهێنان پێک دێنێ. Kaufmann, 1997, pp.114.
- گەندەڵی دەبێتە هۆی دابەزینی ڕەوایی و کاریگەریی وڵاتان، سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵگەکان دەخاتە مەترسییەوە و بەها دیموکراتی و ئەخلاقییەکان خەوشدار دەکات و لەم ڕێگەیەوە دەبێتە کۆسپ لە بەردەم پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە. (شکراللهی، ١٣٧٨)

*** ئاسەواری ئەرێنیی گەندەڵی**

ئاماژەکردن بەو روانگایانەی کە پاساو بۆ گەندەڵی دەهێننەوە لەو رووەوە گرینگە کە بزانین چۆن دەتوانین بەبێ گیرۆدەبوون بەگەندەڵی، بگەینە ئاکامێکی هاوشێوە.

- بەسەرنجدان بەنزمبوونی ئاستی مووچە لە کەرتی گشتی، گەندەڵیی ئیداری دەرفەتێک بۆ کارمەندانی پسپۆڕ دەرەخسێنێ تا بتوانن بەدرێژەدان بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراو هان بدرێن.
- بەبڕوای هانتینگتۆن لە رووی گەشەی ئابوورییەوە، کۆمەڵگەیەک کە خاوەنی بوروکراسییەکی وشک، زیاد لە رادە کۆچێ و تەندروستە، لە کۆمەڵگەیەک کە خاوەنی بوروکراسییەکی وشک، زیاد لە رادە کۆچێ و ناتەندروستە، خراپترە، چونکە لە رووبەکەوە دەتوانین گەندەڵیی ئیداری وەک ڕێگەیەکی قەدبڕ بۆ هەڵگرتنی یاساگەلی نەریتی و ڕێوشوێنی ناپێویستی ئیداری و وەستێنەری پەرەسەندنی ئابووری ببینین. (هانتینگتۆن، ١٣٧٠، ص، ٩٠-٩١).
- گەندەڵی لە ڕێگەی پێکهێنانی جۆرێک توانای خۆڕێکخستنی پرۆگرامەکان

بەمەبەستی سەقامگیریی سیستمی سیاسیی وڵات کاریگەرە.

- گەندەڵی ڕێگە بەگرووپە نەیارەکان دەدا بێنە ناو بازنەی دەسەڵاتەوە و بەمجۆرە بەمەبەستی کەمکردنەوە پاڵەپەستۆی گرووپەکان بۆ گۆڕانکاریی سیاسی بەکار دەهێنرێ.
- گەندەڵیی دامەزراندن، وەک یەکێک لە جۆرەکانی گەندەڵیی ئیداری بەپێوەستکردنی ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵک بەسیستمی سیاسی، یارمەتیی پتەوبوونی کۆڵەکەکانی دەدا.
- گەندەڵی، ئەو داهاتانەی لە باج هەڵاتوون سەرلەنوێ دابەش دەکاتەوە و هەروەها بەڕاگواستنی داهاتەکان بۆ توێژە زیان پێگەیشتووەکان (فەرمانبەران)، یارمەتیدەری جۆرێک دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی ژێر بەژێرە. (مبلۆمیادانا، ١٣٧٥، ص ٢٦)

## رەخنەگرتن لە ئاسەواری ئەرێنیی گەندەڵی

کەسانێک کە پێیان وایە گەندەڵیی ئیداری وەک رۆن وایە بۆ چەرخی ژەنگ لێدراوی سیستمی ئیداری و ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ تێپەڕبوون لە هەندێ ڕێوشوێنی نارەوا لە سیستمێکی یاسایی ناکاریگەردا، بایەخ بەدەسەڵاتی رەهای سیاسەتوانان لە رووی دارشتنی یاساگەلێکی ئەوتۆ نادا، چونکە ئەوان دەتوانن بەدارشتنی ئەم یاسایانە بەرژەوەندیی خۆیان دابین بکەن، لە ڕاستیدا گەندەڵی لەم ڕێگەیەوە لە خۆی سوود وەردەگرێ.

کەسانێک کە پێیان وایە گەندەڵیی ئیداری، دەبێتە هۆی خێراتربوونی رەوتی کاروبار، لەم خاڵە بێ ئاگان کە یەکەم کارمەندانی گەندەڵ بەپێکهێنانی ئاستەنگی لە کاردا، قوربانییەکانی خۆیان دەخەنە داوەوە و دووەم لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکان کە زیاتر بەچالاکیی ناتەندروست سەرقاڵن، کاتێکی زیاتر بۆ دانوستاندن لەگەڵ بوروکراتەکان تەرخان دەکەن. Kaufmann, 1998.

## شێوازەکانی کۆنترۆڵی گەندەڵیی ئیداری

لەلایەک ئەو کارمەند و هاووڵاتییانەی کە تووشی گەندەڵی دەبن بەرژەوەندیی خۆیان هەڵدەسەنگێنن، لەلایەکی ترەوە چەندان شێواز بۆ کۆنترۆڵی گەندەڵیی ئیداری کاریگەرن، بەجۆرێک کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بەرژەوەندی یان بەرزکردنەوەی خەرجیی ئەو کەسانەی کە تووشی گەندەڵی هاتوون. بەم شێوازانە دەڵێن خەبات دژی گەندەڵی لە چوارچێوەی دەرخستن و خواستندا. (حبیبی، ١٣٧٥، ص ٥٤). کەوابوو شێوازە کاریگەرەکانی کۆنترۆڵی گەندەڵیی ئیداری، دەبێ لانی کەم یەکێک لە ئاکامەکانی خوارەوەی لێ بکەوێتەوە.

* داواکاری بۆ گەندەڵیی ئیداری کەم بکاتەوە.
* نرخی پێشکێشکردنی خزمەتگوزاریی نایاسایی بۆ فەرمانبەرانی گەندەڵ بەرز بکاتەوە.
* مەترسیی ئاشکرابوون و دەستگیریی گەندەڵکاران بباتە سەرەوە.

دیارە بەپێی دارشتنی هەر جۆرە گەڵاڵەیەک بۆ کۆنترۆڵکردنی گەندەڵیی ئیداری، بێگومان پێویستە ئاگەداری ئەو هۆکار و رەوشانە بین کە رۆڵیان لە رێژەی گەندەڵیی ئیداریی وڵاتێکدا هەیە، لەوانە:

* رۆڵی دەوڵەت و پاراستنی ئەو ئامرازانەی کە لە گێرانی رۆڵێکی ئەوتۆ کاریگەرن،
* تایبەتمەندیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی وڵات،
* نێوەرۆکی پێکهاتەی سیاسیی وڵات،
* شێوازی رووبەڕووبوونەوەی سیستمی دادوەریی وڵات لەگەڵ گەندەڵیی ئیداری. Tanzi, 1995.

چالاکییەک کە داواکاریی هاووڵاتییان بۆ خزمەتگوزاریی تێکەڵ بەگەندەڵیی ئیداری، کەم دەکاتەوە:

١- بەسەرنجدان بەوەی یەکێک لەو هۆکارانە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسانێک

یان کــەرتـی تایبــەتـی روو لە شــێــوازی ناتەندروست بۆ بـەڕێوەبـردنی کــاروبـارەکــانیــان بکەن، یاســا و ڕێوشــوێنی ئاڵۆز و هێندێک جــار ناپێـویسـتــە، هـەر بـۆیە نەهێـشـتنی ئەم یاســایانە بەمــانای ســڕینەوە، کــەمکردنەوە یان گــۆڕانکاری لە ڕێوشــوێن و بڕیـارە ئیــدارییــەکــانە، بەمــەبەســتی ئاســانکاری لە کـاروبارەکـان لە بوارە جـۆرەوجـۆرەکـانی ئابووری و کـۆمـەڵایەتـی و بەپێی پێـویسـتـیـیەکـان، دەتوانێ یارمــەتیی هەموارکردنی ئاستی داواکاریی خزمەتگوزاری تێکەڵ بەگەندەڵیی ئیداری بکا.

٢- بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی گشتی

لەوەی کە هەژاریی ئابووری و هەژاریی زانستی و پەروەردەیی دوو هۆکاری زۆر بنەڕەتین لە سـەرهەڵدانی گەندەڵیی ئیداری و بەتایبەتی هەژاریی زانستی و پەروەردەیی کە مـەترسیدارتر دێنە بەرچاو، هـەر بۆیە بەرزکردنـەوەی ئاستی وشـیـاریی گشـتی لە هەمبـەر ئاسـەوارە زیانهـێنەرەکانـی گەندەڵیی ئیداری لەســەر ژیانی کـۆمـەڵایـەتی، ئابووری، سـیـاسـی و فـەرهـەنگیی کـۆمـەڵگە و پێکهـێنانی وشـیـاریی گشـتی بۆ خـەبات دژی گەندەڵیی ئیداری، ڕێگەیەکی گـونجـاوە کـە دەتوانـێ پێش بەپەرەســەندنی داواکـاری بۆ گـەندەڵیی ئیـداری بگرێ.

هـەنگاوێک کە گەندەڵیی ئیداری لەلایەن کارمەندانەوە کەم دەکاتەوە:

١- چاکسازیی سیستمی ئیداری

چاکســازی لە ئۆرگـانە دەوڵەتییــەکـان لەوانە چاکســازی و باشکردنی ڕێکخــستنی ڕێکخــراوەکـان، باشکردنی ســیـســتـمی داڕشـتنی بودجــە، بەڕێوەبەریی دارایی کــاریگەر، ســیــســتــمی باجی کــارامــە دەتوانــێ لە کـەمکردنـەوەی گـەندەڵیی ئیـداری لەلایەن کـارمــەندانەوە کـاریگەر بـێ. ئەم چاکسازییە دەبێ بتوانێ دەسـەڵاتی پاوانخوازانەی کارمەندان لە بڕیارداندا هاوسەنگ بکا، پێوەندیی نزیکی ئەو کەسانەی سەردانی داوودەزگاکان دەکەن

و کارمەندان بگەیەنێتە نزمترین ئاست، خێرایی ئەنجامدانی کارەکان پەرە پێ بدا و پێش بە پێکهاتنی پێوەندیی درێژخایەن لە نێوان کارمەندان و ئەو کەسانەی سەردانی داوودەزگاکان دەکەن، بگرێ.

٢- پێشگرتن بە گەندەڵیی دامەزراندن

گەندەڵیی دامەزراندن بەمانای هەڵاواردن و بایەخ نەدان بەپێوانەکانی لێوەشاوەیی لە هەڵبژاردن، دیاریکردن و بەرزکردنەوەی پلەی کارمەندان، شوێنی ڕێکخراوەکان بۆ گەشەی گەندەڵی ئامادە دەکا، چونکە ئەم کارە یارمەتیی پێکهاتنی تۆڕی نافەرمی بەڕێکخراو دەدا و لە ڕێگەی کەمکردنەوەی تێچووی گەندەڵکاری ئەنجامدانی، خستنە ڕووی گەندەڵی پەرە پێ دەدا. سەقامگیریی سیستمی کۆجێی بژاردن و شەفافیەت لە ڕەوت و ئاسەواری هەڵبژاردن و هەروەها جێگیرکردنی میکانیزمی لۆجیکی لە دەستنیشانکردنەکان و بەرزکرنەوەی پلە لەنێو ئۆرگاندا، دەتوانێ گەندەڵیی دامەزراندن و ئاسەوارەکانی سنووردار بکاتەوە.

٣- بەرزکردنەوەی مووچەی کارمەندانی دەوڵەت

هەروەک لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە، بەشێکی سەرەکی لە سەرپێچییە ئیدارییەکان ریشەی لە کێشەی ئابووریدا هەیە کە بەشێوەی سروشتی باشکردنی ڕەوشی ئابووریی کارمەندان، یارمەتی بەکۆنترۆڵکردنی گەندەڵیی ئیداری دەکا.

٤- ڕێگرتن لە بەسیاسیبوونی سیستمی ئیداری

بەسەرنجدان بەوەی کە هەریەک لە جۆرەکانی گەندەڵیی ئیداری دەگەڕێتەوە بۆ بوارێکی تایبەتی، هەر بۆیە ڕێگرتن لە بەسیاسیبوونی سیستمی ئیداری، دەکرێ ببێتە هۆی کەمبوونەوەی گەندەڵیی ئیداری کە لە ئاکامی دەستێوەردان و تێبینیی سیاسیدا روو دەدا.

٥- چاودێریی گشتی بەسەر داوودەزگا دەوڵەتییەکاندا

بەمەبەستی پەرەپێدانی کولتووری وەڵامدەربوون، تەواوی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە حزبەکانەوە بگرە تا ئەنجوومەنەکان، سەندیکاکانی کارمەندان و کرێکاران، بەتایبەتی میدیاکان دەبێ بتوانن چاودێریی چالاکیی داوودەزگە دەوڵەتییەکان بکەن. بەگشتی دەتوانین بڵێین پەرەسەندنی سەقامگیر، پێویستی بە ڕێوشوێنی فەرمی و نافەرمیی سنووردارکردنە تا دەوڵەت و بەرپرسان، لە هەمبەر کار و کردەوەکانیان بەرپرسیار و وەڵامدەر بن.

٦- پێکهێنانی دامەزراوەی سەربەخۆی خەبات دژی گەندەڵی

ئەگەرچی لێکۆڵینەوە و ڕاپرسییە جۆرەوجۆرەکان لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان ئەوە نیشان دەدەن کە خەڵک لە هەمبەر کارایی دامەزراوەگەلێک لەم چەشنە لە درێژخایەندا دڵخۆش نین، بەڵام بوونی دامەزراوەگەلێکی ئەوتۆ دەتوانێ وەک ئامرازگەلێکی کاریگەر بەکار بێن کە ئەمە نیشانەی بەڵێنی درێژخایەن و لێوەشاوەیی دەوڵەتە لەم بوارەدا، دیارە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شیمانەی کەڵکی خراپ وەرگرتنی سیاسی لەم ئامرازانەدا، پێویستە میکانیزمی کۆنترۆڵکردنی پێویستیش پێشبینی بکرێ. (گرووپی وەرگێڕانی دامەرزاوەی توێژینەوەی بازرگانی، ١٣٧٨، ص ٢٧١)

شێوازگەلێک کە دەرخستن و خواستن پێکەوە کەم دەکاتەوە

١- هاندانی کارمەندان و هاووڵاتییان بۆ ناردنی زانیاری و لە قاودان:

ئەگەر هاووڵاتییان و کارمەندانی پاکرەوشت بۆ لە قاودانی سەرپێچیی بینراو بزوێنەری پێویستیان هەبێ تێچووی گەندەڵیی ئیداری بۆ هەردوولا بەرز دەبێتەوە و یارمەتی بە خواست و دەرخستنی گەندەڵیی ئیداری دەدا.

### ئازادیی چاپەمەنی

ئەگـــەر دان بەوەدا بنێین کــە گــەیاندنی زانیــاری دوژمنی ژمــارە یەکی گــەندەڵیــیە و هــەروەها دان بەوەشـدا بنێین کـە یەکێک لە مـیکانیـزمـە هەرە بەهـێــزەکــان لە بواری گــەیاندنی زانیــاری لەمــەڕ بەگــەندەڵیی ئیــداری، چاپەمــەنییەکانە، ئازادیی چاپەمەنی ڕۆڵێکی گرینگ لە دەسـتنیشـانکردنی ڕەهەندەکانی گەندەڵیی ئیداریدا دەگێڕێ.

### ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لەلایەن نووسـەری ئەم بابەتەوە هاتووەتە ئەنجامدان و بەشـێک لەو زانیـارییـانەی کـە لە بەشـەکـانی پێشـوودا پێشـکێش کـران، وەلامدەران (بەڕێوەبەران و بەرپرسـان) کاریگەرترین شـێوازەکانی کۆنتـرۆڵی گەندەڵیی ئیداری، هەروەک لە خشتەی ژمارە ١دا دەبینرێ، پۆلین کردووە:

خشتەی ژمارە ٣

شێوازەکانی کۆنترۆڵی گەندەڵیی ئیداری



X19: وشیارکردنەوەی بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی.

X20: شارەزابوونی ئەو کەسانەی سەردانی داوودەزگەکان دەکەن لەگەڵ یاساکاندا.

X21: ئازادیی چاپەمەنی.

X22: چاکسازیی پێکهاتەیی.

X23: توندترکردنی سزاکان.

X24: پێکهێنانی دامەزراوەگەلی سەربەخۆ بۆ خەبات دژی گەندەڵی.

X25: نەهێشتنی ڕێوشوێنە ڕێگرەکان.

X26: نەهێشتنی سیاسەت لە سیستمی ئیداری.

X27: بەرزکردنەوەی مووچەی کارمەندانی دەوڵەت.

X28: کۆنترۆڵی ئیداری بە شێوەی کاریگەر.

X29: سیستمی کارامەی کۆنترۆڵی دارایی.

X30: کەرتی تایبەتی.

X31: یاسا و ڕێوشوێنی کارامە.

## جوگرافیای گەندەڵی

ئەوەی وەک جوگرافیای گەندەڵی باسی لێ دەکرێ، تێ هەڵڕوانینی بەراوردکارانەیە لە گەندەڵیی ئیداری لە وڵاتانی پێشکەوتوو و وڵاتانی روو لە گەشە، بەسەرنجدان بەپێکهاتەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئەم کۆمەڵگەیانە.

* لە سیستمە تاک حزبی یان دیکتاتۆرییەکاندا بەهۆی سنوورداربوونی ئازادیی ڕادەربڕین و چاپەمەنی و نەبوونی حزبی سیاسیی ڕکابەر، تێچووی گەندەڵیی ئیداری زۆر کەمتر و بواری تووشبوون زۆرترە لە چاو سیستمەکانی فرە حزبی و دیموکراتیکەکاندا. حزبە سیاسییەکان وەک یەکێک لە

کۆڵەکەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتیک، دەتوانن یارمەتیی کۆنترۆڵی مەکینەی بوروکراسی ئاسانتر و هەروەها پانتاییی گەندەڵی سنووردار بکەن. حزبەکان لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا هێندێک ئەرکیان لەسەر شانە کە برێتین لە:

جێگیرکردنی ژیانی سیاسی، هەڵبژاردنی سیاسەتوانان، دەستەبەرکردنی ویست و داخوازیی هاووڵاتییان، سازگارکردنی ویستی تایبەتی لەگەڵ ویستی گشتی و یارمەتیدان بەدروستبوونی ڕێوشوێنی دەوڵەتی، ئەگەر ئەم ئەرکانە بەدروستی جێبەجێ بکرێن ئاستی گەندەڵیی ئیداری لە کۆمەڵگەدا کەم دەبێتەوە. (Dellaporta 1996 pp 18 _ 22).

* ئەو سیستمانە کە پێداگرن لەسەر رەواییی خۆیان و خۆیان بەپارێزەری بەها ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە دەزانن، هەواڵی پێوەندیدار بەگەندەڵیی ئیداری لەنێو سیستم بەتوندی سانسۆر دەکەن و شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ توخمە جۆرەوجۆرەکاندا بەجۆرێک نییە کە رەنگدانەوەی دەرەکیی هەبێ و بەگشتی لەو شێوە سزایانە کەڵک وەردەگرن کە سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕانەکێشن، بۆ نموونە جێگۆڕکێی جوگرافیایی، گۆڕینی پۆست و لەم چەشنە شێوانە، لە حاڵێکدا سیستمێک ئەگەر دروشمێکی ئەوتۆی لە ستراتیجی کاری خۆیدا نەبێ بەدڵنیاییەوە بەشێوەیەکی کاریگەرتر و جیاوازتر ڕووبەڕووی پرسی گەندەڵی دەبێتەوە.

* ڕێژەی دەوڵەتیبوونی ئابووری یان بەواتایەکی تر ڕێژەی دەستێوەردان لە چالاکییە ئابوورییەکان لەو هۆکارانەیە کە ئاستی گەندەڵی لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاواز دەکا. ڤیتورتانزی (Vitotanzi) یەکێک لە شارەزایانی ئەم بوارە پێی وایە بازرگانیی ئازاد، بەڵام گونجاو، دەبێ ڕێژەی گەندەڵیی ئیداری کەم بکاتەوە. (Mukherjee, 1997, ص ١٢ ).

* جیاوازیی چینایەتی، چۆنیەتیی دابەشکردنی داهاتەکان، سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی داهات، نرخی باجەکان، نرخی هەڵاوسان، هاوسەنگیی داراییی دەوڵەت لە دابینکرنی کارمەندانی خۆی و... هتد. هۆی سەرهەڵدانی

گەندەڵی لە ئاستی جۆرەوجۆر لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا.

* گەشەی تەکنۆلۆجیای پێوەندیگرتن، سیستمی دارایی پێشکەوتوو، بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری و خۆشگوزەرانی و باشکردنی کارامەیی بەڕێوەبەری و ژمێریاری، هۆکارێکن کە ئاست و جۆری گەندەڵی لە وڵاتانی پێشکەوتوو و روو لە گەشە لە یەکتر جیا دەکاتەوە. (Alam 1995, p 419-٤٣٥).

* پێکهاتەی فەرهەنگیی کۆمەڵگە و تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگەیانەش کاریگەری راستەوخۆ لەسەر جۆر و ئاستی گەندەڵیی ئیداریی کۆمەڵگە دادەنێ. لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا پێوەندیی فەرمیتر و دەسەڵاتی یاسا لەسەر پێوەندیی تاک و رێکخراو، رۆڵ و پێگەی دەوڵەت و چەمکەکانی پێشکەوتووی ژیانی کۆمەڵایەتی، گەندەڵیی ئیداری سنووردار دەکاتەوە.

* جۆری سیستمی سیاسی و شێوازی بەرتیلخۆری لە نێوەخۆی هەریەک لەم سیستمانە بابەتێکی سەرنجڕاکێشە کە لە خشتەی خوارەوە کورت کراوەتەوە. Harm and Harap, 1999, p 18.

لە خشتەی خوارەوە، وڵاتان لە ڕووی ڕێژەی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی تێیاندا پۆلین کراون:

| نموونەی بەرتیلخۆری | جۆری ڕێژیمی سیاسی |
| --- | --- |
| گەندەڵیی ڕکابەری | سەرەڕۆییی لاواز |
| گەندەڵیی پاوانخوازانە | سەرەڕۆییی بەهێز |
| گەندەڵیی رەوا | پاشایەتی (باوکسالارانە) |
| گەندەڵیی ئیداری | دیموکراسیی لاواز |
| بەرتیلخوازی لەلایەن گرووپە خاوەن نفووزەکانەوە | دیموکراسیی چالاک |

بەپاکترین وڵاتان دەرەجەی ١٠ و بەگەندەڵترینیان دەرەجەی ١ دراوە. ئەم خشتەیە پێنج حاڵەت لە پاکترین و پێنج حاڵەت لە گەندەڵترین وڵاتان لەخۆ دەگرێ. (Mukherjee, 1997, ص ١٧- ١٨ ).

| ناوی وڵات | پلە | دەرەجە |
|---|---|---|
| دانیمارک | ١ | ٩,٩٤ |
| فینلەندا | ٢ | ٩,٤٨ |
| سوێد | ٣ | ٩,٢٥ |
| نیوزلەندا | ٤ | ٩,٢٣ |
| کەنەدا | ٥ | ٩,١٠ |
| پاکستان | ٤٨ | ٢,٥٣ |
| رووسیا | ٤٩ | ٢,٢٧ |
| کۆڵۆمبیا | ٥٠ | ٢,٢٣ |
| بۆلیڤیا | ٥١ | ٢,٠٥ |
| نێجیریا | ٥٢ | ١,٧٨ |

سەرچاوەکان:

سەرچاوەی فارسی


١- آئوخینور. ائول سافاروني، ويروس قدرت، پيام يونسكو، شماره ٣١٣، آذر ١٣٧٥.

٢- آقابخشي. علي، فرهنگ علوم سياسى، انتشارات نگاه، چاپ دوم، ١٣٦٦.

٣- اديب. محمد حسين، جامعه شناسى ايران، انتشارات هشت بهشت، ١٣٧٤.

٤- بانك جهانى، نقش دولت در جهان در حال تحول ريال گروه مترجمين، مؤسس مطالعات و پژوهشهاى بازرگانى، ١٣٧٨.

٥- حبيبي. نادر، فساد ادارى، انتشارات وثقى، چاپ اول، ١٣٧٥.

٦- دفتر بررسيهاي اقتصادي، بازشناسي مؤلفه های مؤثر بر اختلاس، مجلس و پژوهش شماره ٢٥.

٧- رشل آندریا مبلومیادانا، فساد و آشنابازی، پیام یونسکو، شماره ٣١٣، آذر ١٣٧٥.

٨- رفيع پور. فرامرز، توسعه و تضاد، شرکت سهامي انتشارات، ١٣٧٧.

٩- زاهدي. شمش السادات، نگرشی بر فساد و آثار آن، دانش مدیریت، دوره اول، شماره دوم.

١٠- شکرالهی. مسعود، ظرفیت سازی برای سلامت نظام اداری، همایش نظام اداری و توسعه سازمان امور استخدامی، تهران. ١٨ _ ١٧ مرداد ماه ١٣٧٨.

١١- کلیتکارد. رابرت، ضه مي توان کرد، ثیام یونسکو، شماره ٣١٣، آذر ١٣٧٥.

١٢- نجاري. رضا، علل تخلفات اداري و چگونگي پيشگيري از آنها، همايش نظام اداري و توسعه اداري و توسعه سازمان امور استخدامی، تهران. ١٨ _ ١٧ مرداد ماه ١٣٧٨.

١٣- هانتينگتون. ساموئيل. سامان سیاسی در جوامع دستخوش دگرگوني، محسن ثلاثی، انتشارات علم، ١٣٧٠.

١٤- ويتوتانزی، مساله فساد، فعاليتهاي دولتی و بازار آزاد، بهمن آقایی، اطلاعات سیاسي _ اقتصادي، شماره ١٤٩-١٥٠.

1- Donatella. Dellaporta, unesco courier, jun 1996, Vol 49, issue

2- Francis. Lui,"three aspects of corruption, contemporary economic policy " july, 1996, Vol 14, issue3,p.

3- Gray Cherul & Kaufmann, "Corruption & developmen ", march 1988.

4- James c. Sscott,”Comparative political corruption” , prentice Hall, inc 1972.

5- Joshua charap& Christian harm, inastitutional corruption & the Kleptocratic Statem, internationalized monetory Fund, july 1999.

7- Kaufmann. Daniel, "Corruption: facts, foreign policy1977 No.107 (Summrr).

8- M. S. Alam, "A Theory Limits on corruption and some applications " Kyklos, 1995, Vol 48. ISSUE 3.

9- Paolo. Mauro, "Corruption, finance & development " , march 1998

Peter. Jones, “Combating Fraud & corruption in the public sector”, chapman & Hall, 1993.

10- Steven Cheung”. A Simplistic general equilibrium theory of corruption”, contemporary Economic policy 1996, Vol 14 issue 3.

11- Sougata. Mukherjee, "open markets Lead to corruption" South Florida Business Journal, September 1997, Vol.18. ISSUE 5.

12- Sougata. Mukherjee, "Cruption on the Rise in new world markets", Business Journal Serving phoenix & the Valley of the Sun, September 1997, Vol 7, issue 48.

Vito. 13- Tanzi, Finance & development, march- April, 1995

سەرچاوە: ماڵپەڕی (مدرس)

## جیاوازیی سەرپێچیی ئیداری و گەندەڵیی ئیداری

شەهناز سێراج

هەندێک پێیان وایە سەرپێچیی ئیداری و گەندەڵیی ئیداری یەکێکن و لە بریی یەکتر بەکار دەهێنرێن لە حاڵێکدا ئەم دووە جیاوازییان پێکەوە هەیە.

### گەندەڵیی ئیداری

دیاردەیەکە لە سیستمی ئیداریدا، کە بەهۆی سەرپێچیی بەردەوامی کارمەندانەوە سەرهەڵدەدا و کارایی و کاریگەری جێی چاوەڕوانی نامێنێ، کەوابوو سەرپێچیی ئیداری دەبێتە هۆی گەندەڵیی ئیداری و لە راستیدا سەرپێچیی ئیداری هۆ و گەندەڵیی ئیداری بەرهۆیە. دیارە هەر سەرپێچییەک نابێتە هۆی گەندەڵیی ئیداری، بگرە پێویستە خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندی بێ کە گرینگترینیان دووبارەبوونەوە، بەردەوامبوون، سەقامگیربوون و هەروەها دانانی کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر ئاستە جۆرەوجۆرەکانی ئیداری.

گەندەڵیی ئیداری لەسەر ئاستی جیاجیای بەڕێوەبەریدا، پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ پلەی جیاوازیی کارمەندان هەیە، چونکە گەندەڵیی ئیداری لە ئاستێکی بەرزی ئۆرگانیدا بەڕێوەبەرانی پایە بەرز، پێویستیان بەهاوکاری و هاوئاهەنگیی کارمەندانی ئاستی نێوەنجی سیستمی ئیداری هەیە، کە ئەم تایبەتمەندییە پەرە بەسەقامگیریی گەندەڵیی ئیداری دەدا.

## پێناسەی سەرپێچیی ئیداری

بەشێوەیەکی گشتی هەر جۆرە لادانێک لە ڕێوشوێنی دروست و یاسایی جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتی و کەڵک وەرگرتنی ناڕەوا لە پێگەی پیشەیی پێی دەڵێن سەرپێچیی ئیداری.

## هۆکارەکانی سەرپێچیی ئیداری

ریشەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی:

گرینگترین هۆکار، ریشەی فەرهەنگییە. فەرهەنگی گشتیی کۆمەڵگە، بەها و ڕێوشوێنەکانی زاڵ بەسەر خەڵک و کۆمەڵگە و بیروباوەڕی خەڵک، ڕۆڵی سەرەکییان لەم بوارەدا هەیە.

ریشەی ئابووری

ناسەقامگیریی ئابووری، هەڵاوسانی کۆنترۆڵنەکراو، تەنگژەی ئابووری، دابەزینی داهاتەکان و دابەزینی ئاستی بژێویی خەڵک و دابەشکردنی نادادپەروەرانەی داهات لە کۆمەڵگەدا، گرینگترین هۆکاری ئابوورییە.

هۆکاری سیاسی

سەربەخۆنەبوونی دەزگای دادوەری، نفووزی دەزگای بەڕێوەبەری لە دەزگای دادوەری و دەزگاکانی چاودێری و لێکۆڵینەوە، پاڵپەستۆی گرووپە خاوەن دەسەڵاتەکان لە نێوەخۆ و دەرەوەی (ڕێکخراودا)، گەندەڵیی ئیداریی بەڕێوەبەران، ڕێنوێنی بۆ پاراستنی بەڕێوەبەرانی سەرپێچیکار لە سزاکان و سەرەنجام وشیارنەبوونی خەڵک لەمەڕ مافەکانی یان یاساییەکانی خۆیان، چەند هۆکارێکی سیاسین کە ئاسانکاری بۆ سەرپێچیی ئیداری دەکەن.

هۆکاری ئیداری

ڕێکخستنی ئیداریی ناکارامە، ئاڵۆزیی یاساکان، ڕێوشوێنەکان و زۆریی

ڕێنوێنییـه کـارگـێـرییـەکـان، بەڕێوەبەریـی ناکارامـه، نەبوونـی پێوانـەیەک بۆ دەستنیشـانکردنی کـەسانی لێـهاتوو و بوونی هـەڵاواردن لە بـواری دامەزراندن و بەرزکردنەوەی پلـەی فەرمانبـەران، کەمـوکووڕی لە سیـستمـی هـاندان و سزا و سیـسـتـمـی چاودێری و هەڵسـەنگاندن، چەندان هـۆکـاری ڕێخـۆشکەرن لەم پێـوەندییـەدا. هۆکـارە ئامـاژەپێکراوەکـان و ئـاسـەوارەکـانیـان دەبێـتـە هۆی سـەرپێـچـیـی ئیـداری و بـەدوای ئەودا گـەنـدەڵیی ئیـداری، کـە ئـاسـەوارە نەرێنیـیـەکـانی ئەوان لە هیچ کـەس شـاراوە نییـە کـە هۆکـارێکی بەهێـزە بۆ پەرەنەگرتوویی و دواکەوتوویی کارگێڕی و پاشان کۆمەڵگە.

## جۆرەکانی سـەرپێـچیی ئیداری

سەرپێچیی دارایی دەتوانێ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە لەخۆ بگرێ:

١- دەستپیسی و دزی.

٢- لە بەرچاونەگرتنی دیسپلینی ئابووری و دارایی.

٣- سازان و ڕێککەوتن لە کاتی کڕین و فرۆشتن و... هتد.

٤- سەرپێچیی ئیداری.

٥- بەجێهێشتنی شوێنی کار لە کاتی دیاریکراوی ئیداریدا.

٦- دواکەوتن لە هاتن و چوونی بێ مۆڵەت.

٧- پێکهێنانی ناڕەزایەتی لەناو کەسانێک کە سەردانی فەرمانگەکان دەکەن.

٨- بێ سەروشوێنکردنی دۆسیەکان و بەڵگەنامەگەلی فەرمیی دەوڵەتی.

## پێشـگرتن بە سـەرپێـچیی ئیداری

باشـتـرین ڕێگەی پێـشگرتن لـە سـەرپێـچـیی ئیـداری و گـەندەڵیی ئیـداری لەنێوبردنی ریشەکان و فاکتەرە ڕێخۆشکەرەکانی ئەو دیاردانەیە وەک:

پێکهـێنانی گـۆڕانکاری لە گـریمانەکـان، بیروبـاوەڕەکان، ڕوانگەی خـەڵک، بەتایبـەتی کـارمـەندان، بەڕێوەبەران و بـەرپرسـان، پـەرەپێـدانـی کـولتـووری قـەناعـەت و ئیـرادەیەکی نیـشـتـمـانی، لە ڕووی فـەرهـەنگی و کـۆمـەڵایـەتییـەوە.

دەتوانێ ڕێگە لەم جۆرە سەرپێچییانە بگرێ.

لە بواری ئابوورییەوە دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە، کەمکردنەوەی جیاوازیی نێوان دەوڵەمەند و هەژار، دارشتنی میکانیزمێکی گونجاو بۆ داهات و خەرجی، بردنەسەری ئاستی بژێویی خەڵک و کەمکردنەوەی هەڵاوسان و... هتد.

لە رووی ئیدارییەوە، پێکهێنانی گۆڕانکاری لە بوروکراسیی نەریتی، ناکارامە و ناکاریگەر، گۆڕینی پێکهاتە و ڕێکخستن و خۆگونجان لەگەڵ ئامانج و ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکان، ڕەچاوکردنی لێوەشاوەیی لە دیاریکردن و بەرزکرنەوەی پلەی کارمەندانن، چاکسازی لە سیستمی مووچە و کەمکردنەوەی کوت و بەندی ئیداری، ئازادیی کردەوە و بەشداریی فەرمانبەران، بردنەسەری پلەی وشیاریی بەرپرسان و بەڕێوەبەران و هاوئاهەنگی لەگەڵ فەرمانبەران بەتایبەتی لە دەزگاکانی بەڕێوەبەری و ڕێکخراوەیلی چاودێری و لێکۆڵینەوە و گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە روانگە نەریتییەکان لە بەرچاوگرتن بەرەهەندەکانی پێشوو، بەتایبەتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان.

سەرەنجام بەسەرنجدان بە رۆڵی تەندروستیی ئیداری لە دەستەبەرکردنی پەرەسەندن لە رەهەندە جۆرەوجۆرەکان، دەرکەوتووە کە نەبوونی کارایی و لێهاتوویی لە ئاکامی گەندەڵیی ئیدارییەوەیە کە ئەویش بۆ سەرپێچییە ئیدارییەکان دەگەڕێتەوە کە بەسەرنجدان بەفاکتەرە جۆرەوجۆرەکانی، حاڵەتێکی ساکار نییە و رەوتێکە کە بۆ زۆر هۆکاری بنەڕەتی دەگەڕێتەوە. بۆ پێشگرتن بە سەرپێچیی ئیداری، دەبێ ریشە و هۆکارە سەرەکییەکانی لەنێو ببردرێن و بەربەرکانێکردن لەگەڵ ئاسەوارەکانی، سوودێکی نییە. ئەم کارە پێویستی بەگۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە روانگەکان، فەرهەنگ، ئابووری، سیاسەت و سیستمی ئیداریی وڵات و هەروەها پێویستی بەهاوکاری و هاوئاهەنگی لە نێوان دەوڵەت و خەڵکدا هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی (آفتاب)

# باسێک لەسەر گەندەڵیی ئیداری

دوکتۆر کامەران سەداقەت

## پێناسەی گەندەڵیی ئیداری

ریشەی گەندەڵی بەلاتینی (rumpere)، بە مانای شکاندنە. کەوابوو لە گەندەڵی شتێک دەشکێ یان پێشێل دەکرێ کە رەنگە رەفتاری ئەخلاقی یان شێوازی یاسایی و بەگشتی رێوشوێنی ئیداری بێ. بەپێی پێناسەی بانکی جیهانی و رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، گەندەڵی واتە، کەڵکی خراپ وەرگرتن لە دەسەڵاتی دەوڵەتی (دەسەڵاتی گشتی) بۆ وەدەستهێنانی بەرژەوەندیی تاکەکەسی (تایبەتی)، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لەسەر ئەم پێناسەیە رێک کەوتوون بە شێوەی گشتی پێیان وایە کە کۆمەڵێک لە یاسا و رێوشوێنی دارێژراوی ئیداری هەیە کە لە چوارچێوەی چالاکیی رێگەپێدراوی ئیدارییدا دیاری کراون، هەر جۆرە رەفتارێکی ئیداری کە پێچەوانەی ئەم یاسایانە بێ و تێیدا بەرژەوەندیی تاکەکەس لە بەرچاو بگیرێ، دەچێتە خانەی گەندەڵیی ئیدارییەوە. روون و ئاشکرایە کە پێناسەیەکی ئەوتۆ کاتێک تۆکمە و کامڵە کە یاساکان و چوارچێوەکانیان بە تەواوی روون و گشتگیر بن. گەندەڵی لە کۆمەڵگەدا رێژەییە و بەپێی سیستمی بەهای هەر کۆمەڵگەیەک پێناسە دەکرێ.

## پێناسەی بانکی جیهانی و
## ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی بۆ گەندەڵی

گەندەڵی بریتییە لە کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی گشتی بۆ وەدەستهێنانی بەرژەوەندیی تایبەتیی ئیداری، لەژێر کاریگەری بەرژەوەندیی تاکەکەسی یان پێوەندی و خزم خزمینەدا.

## پێویستی و گرینگیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گەندەڵیی ئیداری

گەندەڵی دیاردەیەکە کە کەم تا زۆر لە هەموو وڵاتانی جیهاندا دەبینرێ. بەڵام جۆر، شێواز، ڕێژە و بەربڵاوییەکەی جیاوازە، هەروەک چۆن ئاکام و ئاسەوارەکانیشی بەپێی جۆری ڕێکخراوی سیاسی و ئابووری و ئاستی پەرەگرتوویی جیاوازن. هەر چۆنێک بێ گەندەڵی دەبێتە هۆی لاوازبوون و سیاسەتی دەوڵەتان دژی بەرژەوەندیی زۆرینە رادەگرێ، دەبێتە هۆی بەفیڕۆچوونی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و کاریگەری دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی کارەکانی لاواز دەکات و لەم ڕێگەیەوە متمانەی خەڵک بە دەزگا دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان، کەم دەبێتەوە و کەمتەرخەمی، تەمبەڵی و کارلێنەهاتوویی پەرە دەستێنێ. گەندەڵی، بیروباوەڕ و بەها ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە لەرزۆک دەکات، خەرجیی بەڕێوەبردنی کارەکان دەباتە سەرەوە و گەشەی پێشبڕکێی تەندروست دژوار دەکا. هەروەها هەوڵی خەبات دژی هەژاری ناکام دەکا و ڕەشبینی پێک دێنێ و شوێنی نێگەتیڤ لەسەر دەروونی کەسانی کارلێهاتوو و پاکڕەوشت دادەنێ. گەندەڵیی ئیداری دەبێتە کۆسپ لە بەردەم وەبەرهێنان و ڕێڕەوی گەشە و پەرەسەندنی ئابووری تووشی کێشە و گیروگرفت دەکا و لە سۆنگەی ئاراستەکردنی چەوتی وزە و توانا هێزەکی و شاراوە مرۆییەکانەوە، بوار بۆ سەرهەڵدانی چالاکیی نادروست و دەستڕاگەیشتن بە داهاتی ئاسان هەروەها بوار بۆ تەنگژە لە هەموو ڕەهەندەکانەوە دەڕەخسێنێ. لەلایەکی ترەوە، لە هەر کوێ گەندەڵی پەل بهاوێژێ، ڕۆژ بە ڕۆژ

پەرە دەسـتـێنێ، ڕووبەڕووبوونەوەی زۆر دژوار دەبێ و ڕەگـەکـانـی هـەر ڕۆژە زیاتر بە ناخی کۆمەڵگەدا ڕۆ دەچن. کەوابـوو بەربەرەکانێ لەگەڵ گەندەڵی لە ئاستی ئیداریدا پێویستییەکی ڕژد و حاشاهەڵنەگرە.

## پێشینەی گەندەڵیی ئیداری لە کۆمەڵگە جۆرەوجۆرەکاندا

پرسی گەندەڵیی ئیداری بەردەوام و لە سەرەتای پێکهاتنی شارستانییەکانەوە هەبووە و داوێنگیـری وڵاتەکـان بووە و حکوومـەتەکـان و دەوڵەتەکـان هەر لە سـەدەکـانی پێشـووەوە لەگـەڵ کێشـەی گـەندەڵیی فـەرمـانبـەرانی دەوڵەتی بەرەوڕوو بوون. تاوانگەلێک وەک دەسـتـپـیـسی و دزی، بەرتیلخـۆری و ساختەکاری، تاوانێکی نوێ نین و مێژوویان بە ئەندازەی مێژووی دەوڵەتەکانە. بەدرێژاییی سـەدەکـانی ڕابردوو بەردەوام پێوەندییـەکی پێچـەوانە لە نێـوان بەکارهێنانی دروستی دەسەڵات و گەندەڵیدا هەبووە و هەر کات بەشێوەیەکی گونجاو کەڵک لە دەسەڵات وەرگیراوە، ئاستی گەندەڵی کەم بووەتەوە.

## پۆلینکردنی گەندەڵیی ئیداری

توێژەرێکی زانستی سیاسی بەناوی هیدن هیمەر، گەندەڵیی ئیداریی بەسـەر سێ جۆری ڕەش، خۆڵەمێشی و سپیدا دابەش کردووە.

گەندەڵیی ئیداریی ڕەش: کارێک کە لە ڕوانگەی کۆمـەڵانی خـەڵک و بژاردە سـیـاسـیـیـەکانەوە بێـزراوە و بکەرەکـەی دەبێ سـزا بدرێ. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە وەرگرتنی بەرتیل بۆ لە بەرچاونەگرتنی ستانداردی کەرەستەکانی لە بیناسازیدا بکەین.

گـەندەڵیی ئیداریی خـۆڵەمـێشی: کـارێک کـە لە ڕوانگەی بژاردەکـانەوە بێـزراوە، بەڵام کـۆمـەڵانی خـەڵک گـرینگییـەکی ئەوتـۆی پێ نادەن. بۆ وێنە کەمتەرخەمیی کارمەندان لە بەڕێوەبردنی یاساگەلێکدا کە زۆر بەدڵی خـەڵک نین و تەنیا بژاردەکان بڕوایان بە سوودمەندبوونیان هەیە.

گەندەڵیی ئیداریی سپی: کردەوەیەک کە بە رواڵەت دژی یاسایە، بەڵام زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگە (بژاردە سیاسییەکان و زۆرینەی خەڵکی ئاسایی) ئەوەندە بەگرینگ و زەرەمەندی نازانن کە بکەرانی سزا بدرێن. بۆ وێنە چاوپۆشی لە پێشێلکردنی هێندێک یاسا و رێوشوێن کە بەهۆی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بایەخی خۆیان لەدەست داوە.

## ئاکام و ئاسەوارەکانی گەندەڵیی ئیداری

١- بەفیڕۆدانی سەرچاوە نەتەوەییەکان لە رێگەی خەوشدارکردنی سیاسەتەکانی دەوڵەت لە هەمبەر بەرژەوەندی و ئامانجەکانی زۆرینە. ٢- پووچەڵبوونەوەی هەوڵەکانی دەوڵەت لە پێناوی کەمکردنەوەی رێژەی هەژاری و هەڵاواردن و لە کۆسپنانەوە لە بەردەم پێشبڕکێیەکی تەندروستدا. ٣- زیانە کۆمەڵایەتییەکان و لاوازکردنی دامەزراوەکان و زیانە سیاسییەکان و دابەشکردنی نادادپەروەرانەی دەسکەوتەکان و زیانە ئابوورییەکان. ٤- کەمکردنەوەی کاریگەری و رەواییی دەوڵەتەکان و ئاڵۆزی لە بەهاکانی دیموکراسی و ئەخلاق. ٥- پێشگیری لە پەرەسەندنی سەقامگیر و کەمکردنەوەی هەل و دەرفەتی پێشبینییە ئابوورییەکان. ٦- لاوازکردنی بیروڕای خەڵک بە توانا و ئیرادەی سیاسیی دەوڵەت.

## ڕاپۆرتی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی

رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، هەموو ساڵێک پلەی ولاتانی جیهان لە رووی رێژەی گەندەڵیی دارایی و ئابوورییەوە رادەگەیەنێ. ئەم ڕاپۆرتە بەپێی ١٦ پرۆگرامی لێکۆڵینەوە لەلایەن ١٠ دامەزراوەی نێودەوڵەتییەوە داڕێژراوە. رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی پلەی خەبات بەربەرەکانێ دژی گەندەڵی لە ولاتان لە ١ تا ١٠ دەستنیشان دەکا کە پلەی ١٠ نیشاندەری کەمترین گەندەڵی و پلەی ١ نیشاندەری زۆرترین گەندەڵییە. لێکۆڵینەوەکانی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی نیشانیان داوە کە پلەی گەندەڵی لە ٧٠ ولاتی جیهان

_ لانی کەم نیوەی ئەو وڵاتانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجام دراوە – کەمتر لە ٣ بووە کە نیشاندەری کێشەی لە ڕادەبەدەری گەندەڵییە لەم وڵاتانەدا.

## بەرەنجام

خەبات دژی گەندەڵی بە دروشم نابێ. ئەم کارە پێویستی بە ئیرادەیەکی نیشتمانی، خواستی هەموو لایەک و پێداگریی دەوڵەتە. ئەم خەباتە دەبێ بەرنامە بۆدارێژراو و هاوئاهەنگ بێتە ئەنجامدان. ئەم خەباتە دەبێ سەرەتا لە بەش و خاڵە هەستیارەکاندا دەست پێ بکا و مەبەست وشککردنی ڕەگ و ریشەکانی بێ نەک برینی پەلوپۆکانی، جگە لەم حاڵەتە پەلوپۆی نوێ دروست دەکاتەوە. مەبەست لە رەگ و ریشە، هۆکارێکە کە دەبێتە هۆی ڕێخۆشکردن بۆ تووشبوون بە گەندەڵی و هەموو ئەو کەسانەی کە رەنگە تەنانەت بەشدارییەکی بەرچاویان لە (رێکخراوە)، دەوڵەتییەکاندا نەبێ، بەڵام ئامادەبوونیان لە پشت پەردەوە بەتەواوی هەست پێ دەکرێ. سزای تووشبووان بەگەندەڵی و بەرزکردنەوەی نرخی تووشبوون بە گەندەڵی (وەک هەڵوێستێک پاش روودان) ناساندن و نەهێشتنی بواری لەباری گەندەڵی، بەرزکردنەوەی ئاستی شەفافیەت و وەڵامدەربوون لە هەمبەر ئەرکی رێکخراوە دەوڵەتییەکان و بەگشتی چاکسازیی سیستمی ئیداری (وەک رێکارێکی پێشگیرانە) دوو رووی دراوی خەباتێکی سەرکەوتوو دژی گەندەڵی لێک دەدرێنەوە و تەواوکەری یەکترن و هیچ یەک بە تەنیایی کارساز نین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی (صداقت)

## هۆکار و ڕێکارەکانی خەبات دژی گەندەڵیی ئیداری

ئیبراهیم کازمی

خوێندنەوەی مێژووی شارستانییەکان دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە مێژووی گەندەڵی بە ئەندازەی مێژووی شارستانییەتەکان دوور و درێژە و ئێستاش یەکێک لەو پرسانەیە کە تووشی وڵاتانی جیهان بووە.

گەندەڵیی ئیداری پشێوییەکی زۆری لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا پێک هێناوە و شەڕە یەک لە دوای یەکەکان، توندوتیژییەکان و شۆڕش دژی شارستانییەکان، لەنێوچوونی ڕێکخراوەکان و تێکچوونی کۆمەڵگەکان، بەهۆی گەندەڵییەوە بووە.

ئەمڕۆ پێداگریی وڵاتە جۆرەوجۆرەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی، لەسەر سێ بنەمای سەرەکی، پەروەردەکردنی کارمەندان، هەڵبژاردنی تاک لەسەر بنەمای لێوەشاوەیی و میکانیزەکردنی سیستمەکانی کارپێکردن، دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەبات دژی گەندەڵی، شێوازی زانستی بەخۆوە بگرێ.

### پێناسەی گەندەڵی ئیداری

گەندەڵی پاداشتێکی ناڕەوایە کە بۆ تاکێکی سەرپێچیکەر بۆ سەرپێچی لە ئەرکەکانی، تەرخان دەکرێ. بەجۆرێک ئەم پاداشتە، دەبێتە هۆی کەڵکی خراپ وەرگرتن لە دەسەڵاتی دەوڵەتی بە مەبەستی وەدەستهێنانی بەرژەوەندیی تاکەکەسی.

## هۆکارەکانی گەندەڵیی ئیداری

١- سیستمی ناکارامەی ئیداریی کۆمەڵگە

سیستمی ئیداریی گەندەڵ، ئەوەندە یاسا و ڕێوشوێنی ڕێگری هەیە کە بوار بۆ بەرجەستەبوونی سەلیقەی تاکەکان لە ئاستە ئیدارییەکانی کۆمەڵگەدا لە ئەنجامدا سەرهەڵدانی گەندەڵیی ئیداری دەخوڵقێنێ. هەروەها دەزگا چاودێرییەکان توانا و شارەزاییی ناساندن و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گەندەڵیی ئیدارییان لە ئاستی گەورە و بچووکدا نامێنێ.

٢- پەرەپێدانی کەرتی تایبەت بە شێوەیەکی نابەرپرسانە

لە پلەکانی سەرەوەی سیستمی ئیداریدا، گرتنەبەری ڕێوشوێنی پارێزگارانە و بەپێچەوانەی بەرژەوەندیی گشتی، دەبێتە هۆی ئەوەی کە فەرمانگە و دامەزراوەکان بەشێوەیەکی نابەرپرسانە ئەرکەکانی خۆیان بەجێ بگەیەنن و بۆ لەنێوبردنی ناڕەزایەتیی نەیاران، ئەزموونی پەرەدان بەکەرتی تایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتوو دێتە بەرباس، روون و ئاشکرایە کە شێوازی بەتایبەتیکردن لەو وڵاتانە لەگەڵ شێوازێک کە لە وڵاتانی روو لە گەشە لە ئارادایە زۆر جیاوازە.

٣- لاوازیی فەرهەنگی

تێوەگلان بە گەندەڵیی ئیدارییەوە، ئیدی وەک شکاندنی بەهای ئەخلاقی سەیر ناکرێ و لە ئاستە جۆرەوجۆرەکان بەبێ هەستکردن بە شەرمەزاری بەئاشکرا دەبینرێ و پڕوپاگەندەی پێویست بۆ ڕیسواکردنی بەمەبەستی بەرتەسککردنەوەی، بەدی ناکرێ.

٤- جیاوازی لە ئاستی داهاتی کارمەندان

جیاوازیی بەرچاوی ئاستی داهاتی کارمەندان و لەلایەکی ترەوە هەڵاوسان و بێکاری دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گەندەڵی لەنێو چین و توێژەکانی

کۆمەڵگەدا بەتایبەتی کارمەندانی دەوڵەت. ئەگەر هاوسەنگی لە نێوان داهاتی کارمەندان لە ئاستە جیاجیاکان لەگەڵ باری گوزەراندا پێک نەیەت، ناتوانین دیاردەی گەندەڵی چارەسەر بکەین یان بەلانی کەمی بگەیەنین.

## ئامرازەکانی خەبات دژی گەندەڵی

١- چاکسازیی پێکهاتەی ئیداری

چاکسازی لەناو ئۆرگانە دەوڵەتییەکاندا لەوانە چاکسازیی ڕێکخستنی ئۆرگانەکان، چاکسازیی سیستمی بودجە، بەڕێوەبەریی کارای دارایی، سیستمی باجی کارامە و پێکهێنانی دەوڵەتی ئەلیکترۆنی و چەندان کاری لەم چەشنە دەتوانێ لە کەمکردنەوەی گەندەڵیی ئیداری کاریگەر بێ.

٢- دەستنیشانکردنی گەندەڵی و سزادانی تاوانباران

سیستمی چاودێری بەسەر چالاکیی دامەزراوە ئیدارییەکان و ناساندنی کەسانی گەندەڵ و سزادانیان بە شێوەی ڕژد و کەمتەرخەمی نەکردن لە جێبەجێکردنی سزاکاندا، وەک لەسەر کارلابردنیان لە خزمەتگوزاریی دەوڵەتی و گۆڕینی شوێنی خزمەتکردن و کەمکردنەوەی مووچە و پلە، چەند نموونەیەک لە ڕێگەکانی ڕێگرتن بە گەندەڵی و نەهێشتنی کەسانی گەندەڵە.

٣- بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی گشتی

بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی گشتی تا ڕوانگەی هاووڵاتییان و فەرمانبەرانی دەوڵەتی لە پێوەندی لەگەڵ گەندەڵیدا بگۆڕێ. دەتوانین ئاماژە بە چەند ڕێکارێک بکەین لەوانە پرۆگرامی پەروەردەیی لە زانکۆ و قوتابخانە و ناوەندە فەرهەنگییە خۆجێییەکان و هەروەها وەرێخستنی پرۆگرامی پروپاگەندە دژی گەندەڵی بە کەڵک وەرگرتن لە میدیاکان وەک لافیتە، کاسێتی ڤیدیۆیی، ڕۆژنامەکان و ئینتەرنێت.

٤- چاکسازی لە سیستمی دابینکردنی مووچەدا

نەهێشتنی هەڵاواردن لە دابینکردنی مووچە لە ئاستە جیاجیاکاندا، رەنگە لەنێو رێکارە پێشنیازکراوەکان بۆ خەبات دژی گەندەڵی، گرینگترین و بەسوودترین هەنگاو بێ بۆ دوورخستنەوەی کۆمەڵگە لە گەندەڵیی ئیداری.

سەرچاوەکان


١- کنوانسیون سازمان ملل متحد برای مقابله با فساد، دفتر مقابله با جرم سازمان ملل متحد - نشر گرایش.

٢- فساد مالی و توسعه نیافتگی - نشریه رسالت

٣- فساد اداری - نادر حبیبی.

# ئەزموونی وڵاتان لە خەباتی دژی گەندەڵیدا

## ئەزموونی مالیزیا

لە مالیزیا سەربەخۆیی سێ دەزگای بەڕێوەبەری، یاسادانان و دادوەری دابین کراوە و بەپێی یاسا، چەند دامەزراوەیەک، بەپشتبەستن بەدەزگای بەڕێوەبەری، ئەرکی پەروەردەی گشتی و پەرەپێدانی بەشداریی خەڵک دژی گەندەڵی و سەرپێچیی ئیداری و چاودێریکردن بەسەر چالاکیی ئۆرگانە دەوڵەتییەکانی لەسەر شانە.

لە کۆی هەوڵ و چالاکییەکانی مالیزیا لە بواری خەبات دژی گەندەڵیدا وا دەردەکەوێ کە ئەم وڵاتە بەردەوام تووشی کێشەی گەندەڵیی ئیداری بووە و هەر بۆیە پێی وایە ناساندن، تێگەیشتن و خەبات دژی گەندەڵی پێویستی بەرەخساندنی بوارێکی لەبارە بۆ گەشە و پەرەپێدانی ئیرادەیەکی نیشتمانی بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی بەردەوامی داوە و هاوتەریب لەگەڵ پلاندانان و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی پەرەسەندندا، خەبات دژی گەندەڵی لە بەرنامەی کاری خۆیدا داناوە و بۆ زەوینە خۆشکردن، بۆ شەفافیەتی چالاکی و وەڵامدەربوونی ئۆرگانە دەوڵەتییەکان، هەوڵێکی ڕێکوپێکی لەژێر چاودێریی کۆمیتەی یەکپارچەیی بەڕێوەبەری لە ئاستی نەتەوەیی، هەرێمی و ناوچەیی ڕێک خستووە. بەرپرسایەتیی سەرەکیی ڕێنوێنی و کۆنترۆڵی ئەم بزاوتە بە MAMPU (یەکەی پلاندانانی بەڕێوەبەری و مۆدێرنیزاسیۆنی ئیداریی مالیزیا) سپێردراوە و دامەزراوەی دژە گەندەڵیی مالیزیا و هەروەها نووسینگەی سکاڵای خەڵکی، هاوئاهەنگ لەگەڵ ناوەندی ئاماژەپێکراو چالاکن. پێکهاتەی ڕێکخستنی دامەزراوەی ناوبراو، بریکاری چالاکییەکان،

بریکاری نەهێشتنی گەندەڵی، یەکەی بەدواداچوون، یەکەی پلاندانان و هاوئاهەنگیی ڕێوشوێنەکان لەخۆ دەگرێ.

## پرۆگرامی خەبات دژی گەندەڵی لە کۆریای باشوور

گەندەڵی لە کۆریای باشوور بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر نێوەنجی و بەرەو دابەزین دەچێ، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ڕکابەرە، ئابوورییەکانی وەک سەنگافوور، هۆنگ کۆنگ و تایوان، گەندەڵیی ئیداری لە کۆریای باشوور، ڕژدترە کە ڕەوشی ئەو وڵاتە لە خشتەی خوارەوە زیاتر دەردەکەوێ.

| ناوی وڵات | کۆریای باشوور | تایوان | ژاپۆن | هۆنگ کۆنگ | سەنگافوور |
|---|---|---|---|---|---|
| پلەی شەفافیەتی نێودەوڵەتی پلەی TI | ٤٣ | ٢٩ | ٢٥ | ١٦ | ٧ |
| پلەی قبووڵکردنی مەترسی لە ئابووری و سیاسەت پلەی Perc | ٨ | ٥ | ٣ | ٢ | ١ |

لە دەیەی ١٩٨٠، چالاکیگەلێک دژی گەندەڵی لە کۆریادا بەڕێوە چوون و چەند یاسایەکیش لەم بوارەدا پەسند کران، بەڵام ئیرادەیەکی پێویستی سیاسی لە ئاستی بەرزیی سیاسی بۆ ئەم پرسە نەبوو. تا ئەوەی کە سەرۆک کۆمار – کیم دی چونگ – کە شێلگیرانە لە هەوڵی بەڕیشەکێشکردنی گەندەڵیدا بوو، پرۆسەی خەبات دژی گەندەڵی لە کۆریادا خستە بواری

جێبەجێکردنەوە. ناوبراو بڕیاری دا کۆتایی بەگەندەڵی بێنێ و پرۆگرامێکی هەمەلایەنە بۆ بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە دابڕێژرێ. ناوبراو پێی وابوو هۆکاری تەنگژەی ئابووریی ساڵی ١٩٩٧ی کۆریا دەگەڕایەوە بۆ گەندەڵی. بەفەرمانی ناوبراو یاسا و ڕێوشوێنەکان پێداچوونەوە و گۆڕانکارییان بەسەردا هات و خەڵکی کۆریاش پێداگرانە داوایان لە دەوڵەت دەکرد کە بۆ ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی تێ بکۆشێ. هەروەها ئیرادەی سیاسی لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتدا و هەروەها پشتیوانیی گشتیی خەڵک لە پرۆگرامی دژی گەندەڵیی حکوومەت، کە دوو هۆکاری گرینگن، ئامادە کراوە؟

## ڕێکخراوی کارامە بەدەسەڵاتی تایبەتەوە

## ئەزموونی هۆنگ کۆنگ

کۆمیسیۆنی سەربەخۆی خەبات دژی گەندەڵی لە هۆنگ کۆنگ، لە ساڵی ١٩٧٤ دامەزرا. پێش ئەم ڕێککەوتە، دۆزینەوە و تاوتوێکردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی لە ئەستۆی پۆلیس بوو. سەربەخۆبوونی ئەم کۆمیسیۆنە، بەمانای سەربەخۆبوون لە سێ دەزگای یاسادانان و بەڕێوەبەری و دادوەری و وەلامدەربوونی لە بەرامبەر فەرمانداریی هۆنگ گۆنگدا بوو. ئەم کۆمیسیۆنە (ICAC) وەک ئۆرگانێکی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی ناسێندرا و ئەرکی خۆی بەڕێوە دەبرد. لە دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ هۆنگ کۆنگ گیرۆدەی گەندەڵیی ئیداری بووبوو و بەبێ بەرتیلدان هیچ کارێک جێبەجێ نەدەکرا. بەڵام ئێستا هۆنگ کۆنگ لەلایەن پرۆگرامی ئاوەدانکردنەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک نموونەیەکی سەرکەوتوو لە خەبات دژی گەندەڵی ناسێندراوە. هۆکاری سەرەکیی ئەم سەرکەوتنە برێتییە لە: ماندووێتیی خەڵک لە گەندەڵیی ئیداری و تێگەیشتنی پێویستیی خەباتی نیشتمانی دژی ئەم دیاردەیە، دروستبوونی ئیرادەی نیشتمانی و ئیرادەی سیاسیی بەهێز بۆ پشتیوانی لە هەوڵەکانی دژی گەندەڵیی ئیداری، تەباییی یاساکانی دژی گەندەڵی، ناساندنی تەنیا یەک ڕێکخراو بەخەڵک بۆ ڕاکێشانی بەشداریی

گشتی لە ناساندنی گەندەڵی و خەبات بەدژی، بایەخدان بەپەروەردەی گشتی بەشێوازی جۆرەوجۆر و گونجاو بۆ گرووپە جۆرەوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان، بایەخدان بەپەروەردەی گشتی بەمەبەستی ناساندن و خەبات دژی گەندەڵی لەناو ئۆرگانە دەوڵەتییەکان، هەوڵی بەردەوام بۆ باشکردنی سیستمەکان و لابردنی کۆت و بەندەکان بەمەبەستی شەفافیەتی زیاتر، هەوڵدان لە پێناو شەفافتربوونی دامەزراندن، بەستنی رێککەوتننامەی دەوڵەتی و کاروباری دارایی، بڵاوکردنەوەی هەواڵی پێوەندیدار بە حاڵەتەکانی روودانی گەندەڵییەوە.

## خەبات دژی گەندەڵی لە تایلەند

کۆمیسیۆنی خەبات دژی گەندەڵیی ئیداری لە تایلەند لەژێر چاودێریی نووسینگەی سەرۆک وەزیران کار دەکا. نۆ کۆمیتە و سەرۆکێکی کۆمیسیۆن هەیە. ئەندامانی ئەم کۆمیتانە فەرمانبەرانی دەوڵەتی نین و بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵدەبژێردرێن و ئەم هەڵبژاردنە بۆ جارێکی تر دەتوانێ بەڕێوە بچێ. سەرۆکی کۆمیسیۆن کارمەندێکی دەوڵەتە و پاش پەسندی پەرلەمان و دەستنیشانکردنی لەلایەن شاوە، بۆ ماوەی چوار ساڵ کار دەکا. لە یاسای بنەڕەتیی نوێی تایلەند کە لە ساڵی ١٩٩٧ەوە ئیشی پێ دەکرێ، کۆمیسیۆنێکی نیشتمانیی خەبات دژی گەندەڵی رەچاو کراوە کە ئەرکەکەی بانتر لە کۆمیسیۆنی خەبات دژی گەندەڵییە. کۆمیسیۆنی نیشتمانیی خەبات دژی گەندەڵی، پێک هاتووە لە سەرۆکێک و هەشت ئەندام و ئەندامانی لەلایەن کۆمیتەیەکی ١٥ کەسییەوە هەڵدەبژێردرێن. سەرۆکی ئەم کۆمیسیۆنە، بەرزترین بەرپرسی ئیداری لە کاروباری کۆمیسیۆنی خەبات دژی گەندەڵییە. دیاریکردنی سکرتێری گشتی، بەپەسندی کۆمیسیۆنی نیشتمانیی خەبات دژی گەندەڵی و ئەنجوومەنی پیرانی وڵات بەڕێوە دەچێ.

دەسەڵاتی کۆمیسیۆن بەپێی دەستووری ساڵی ١٩٩٧ بریتییە لە: داواکردنی بەڵگەنامەی تایبەت بەهەر کەسێک، بانگکردنی هەر کەسێک بۆ

شاهیدیان، بانگکردن بۆ بەردەم دادگە، ڕێکخراوە حکوومەتییەکان و دەزگا دەوڵەتییەکان و کۆمپانیا دەوڵەتییەکان و بەرپرسانی خۆجێیی.

### بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی خەڵک.. ئەزموونی فیلیپین

لە فیلیپین پرسەکانی پێوەندیدار بەکارمەندانی دەستپاک و گەندەڵ و خەبات دژی گەندەڵی و بەرتیلخۆری، لە ئەستۆی کۆمیسیۆنی سەرکۆماری (PCAGC) و هەروەها نووسینگەی "ئامبودزمان"ە کە ڕێکخراوێکی سەربەخۆیە و لە ساڵی ١٩٨٧ بەپێی دەستووری پەسندکراوی ١٩٨٧ پێک هات. دەسەڵاتی ئەم ڕێکخراوە بەپێی دەستووری ١٩٨٧ کە پێی دەڵێن "پشتیوانیی مافی خەڵک" وەرگیراوە. نووسینگەی ئامبودزمان چاودێرە لەسەر چالاکیی گشتی و تایبەتی بەرپرسانی دەوڵەتی بەمەبەستی دڵنیابوون لە بەڕێوەچوونی دروستی یاسا. هەڵوێست وەرگرتنی کاریگەر بەمەبەستی بەڕێوەبردنی خێرای خزمەتگوزاریی دەوڵەتی، تاوتوێکردنی شێوازەکانی کار و پێشنیازی باشکردنیان، جێبەجێکاری دادپەروەری، واتە ڕێوشوێنە فەرمییەکان دژی بەرپرسان و کارمەندانی سەرپێچیکاری حکوومەت و هاووڵاتییان جێبەجێ دەکا و ئەوانەی ڕێوشوێنەکان پێشێل دەکەن ڕادەستی یاسا دەکا.

نووسینگەی ئامبودزمان وەک ڕێکخراوی بەرپرسی جێبەجێکردنی سیاسەتی وەڵامدانەوەی گشتیی خاوەن پێنج ڕۆڵی سەرەکییە کە بریتین لە: لێکۆڵینەوە، لێپرسینەوە، بەدواداچوونی ئیداری، هاوکاریکردنی گشتی و پێشگیری لە گەندەڵی.

شایانی باسە بەگرتنەبەری کۆمەڵێک ڕێوشوێن لە فیلیپین، گەندەڵی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، بەجۆرێک کە لە ساڵی ١٩٩٢ فیلیپین لەناو وڵاتانی گەندەڵدا پلەی پێنجەمی هەبوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٩٩ کۆماری فیلیپین لە پلەی چوارەم لە رووی کەمترین گەندەڵی لە ئاسیادا جێی گرت و باشترین سیاسەتی لەنێو وڵاتانی روو لە گەشەدا بووە.

## ئەزموونی سەنگافوور

لە ساڵی ١٩٥٢، نووسینگەی چاودێریی کاروباری گەندەڵی وەک دامەزراوەیەکی سەربەخۆ و لەژێر چاودێریی راستەوخۆی سەرۆک وەزیران دامەزرا تا تاوتوێکردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی و رێگرتن لە رووداني باشترین شێوە بەئەنجام بگەیەنێ. نووسینگەی چاودێریی پرسەکانی گەندەڵی لە سەرەتای کارکردنیدا لەگەڵ زۆر کێشە بەرەڕوو بوو. یاساکانی دژی گەندەڵی ناتەواو و پێشیان بەکۆکردنەوەی زانیاری و دیکۆمێنتی سەلمێنەری تاوانی گەندەڵی دەگرت. خەڵک بەهۆی دڵنیانەبوون و ترس لە شیمانەی ئاسەوارەکانی، لە هاوکاریکردن لەگەڵ نووسینگەی چاودێریی کاروباری گەندەڵی خۆیان دەبوارد. ئەو رەوشە لە ساڵی ١٩٥٩ و هاوکات لەگەڵ رووبەڕووبوونەوەی جیدیی نووسینگە لەگەڵ گەندەڵکاران و لەسەرکارلابرانی زۆربەیان و بەجێهێشتنی خزمەتی دەوڵەتی لەلایەن ژمارەیەکی تر لە کارمەندان بەهۆی ترس لە لێپێچینەوە و لە قاودرانی رەفتاری رابردوویان، گۆڕانی بەسەردا هات، بەجۆرێک کە خەڵک دڵنیابوون لەوەی کە حکوومەت لە خەبات دژی گەندەڵی رژدە و بەراستی هەڵسوکەوت دەکا.

شایانی باسە سەنگافوور لەلایەن پرۆگرامی ئاوەدانکردنەوەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP)ەوە، وەک یەکێک لە نموونە سەرکەوتووەکانی خەبات دژی گەندەڵی ناسێندرا. ئەمڕۆ گەندەڵی لە سەنگافوور لەلایەن خەڵکەوە چاوپۆشیی لێ ناکرێ و بەهاوئاهەنگیی رێبەرانی سیاسی و بەڕێوەبەرانی پایە بەرزی دەوڵەتی و نووسینگەی چاودێریی کاروباری پێوەندیدارە گەندەڵییەوە و بەهۆی روانینی نەرێنیی کۆمەڵگە و کەرەستەکانی پێوەندیی گشتی بەسەرپێچیکەران، خەڵکی ئەم وڵاتانە گەندەڵی وەک تاوانێکی بێزراو سەیر دەکەن و خۆیانی لێ دەبوێرن و ئەمە ئاکامی تێگەیشتنی خەڵک لە یاسای دژە گەندەڵی و دڵنیاییی ئەوانە بەجیدیبوونی خەبات دژی گەندەڵی و هەڵسوکەوتی نووسینگەی چاودێریی کاروباری گەندەڵییە. ئەم نووسینگەیە

دەسـتی بەهەمـوو زانیـارییـەکانی ڕێکخـراوەکـان ڕادەگا و بەهـۆی چاودێریی نیشتمانی کۆی کارمەندانی دەوڵەت ڕۆڵێکی گرینگی لە خەبات دژی گەندەڵیدا دەگێڕێ.

## ئەزموونی ئێکوادۆر

ئێکوادۆر پەیماننامەی وڵاتانی پارزەوینی ئەمەریکای لە پێوەندی لەگەڵ خەبات دژی گـەندەڵی لـە مـێـژووی ١٩٩٦/٥/٢٩ ئیـمـزا کـردووە. لە هـەمـان سـاڵدا، بەپەسندی پەرلەمـان، کۆمیـسیـۆنی کۆنتـرۆڵی گەندەڵیی ئیداری، بەناوەڕۆکی قـەزایی دامـەرزا. ئەم کـۆمـیـسـیـۆنە لـە ڕووی ئابووری، سـیـاسی و ئیـداری و بەڕێوەبـەرییـەوە سـەربـەخـۆیە. خـەباتی بەردەوام دژی گـەندەڵی و لەنـاوبردنی ئاسـەوارەکـانی، ئەرک و بەڵێنـی دەوڵەتە. کۆمـیـسـیـۆنی کـۆنتـرۆڵی گـەندەڵیی ئیداری خاوەن ناوەڕۆکی قەزاییە و لە ڕووی ئابووری و سیاسی و ئیدارییەوە سـەربەخۆیە و نوێنـەرایەتیی خـەڵک دەکا. کۆمیـسیـۆن هەنگاوی پێویست بۆ پێشگیری، چاودێری، ناسـاندنی گـەندەڵی، بەرزکرنەوەی ئاسـتی بەهاکان و پێکهێنانی بنەمـاکانی شەفافیەت لە بەڕێوەبەری هـەڵدەگرێ. لە هـەر حاڵەتێکی ڕووبەڕووبوونەوە لـەگەڵ جـۆرەکـانی گەندەڵی، وەزیری نـاوەخـۆ، وەزیری داد و دەزگـای دادوەری ئاگـەدار دەکـرێنـەوە. کـۆمـیـسـیـۆن بەحـاڵەتگەلێک وەک بەرتیلخـۆری، دەستپیسی، پاشـەکەوتکردنی کاڵا بـەشێـوەی نایاسـایی و هـەر حـاڵەتێکی تر کە زیان بەسـەرچاوەی دەوڵەتی یان کـەرتی تایبـەتی بگەیەنێ، پێداچوونەوەی لەسەر دەکا.

## گەڵاڵەی پەرەپێدانی دەسـتپاکیی نیشـتمانیی موریس

کۆماری موریس بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی دەستپـاکیی سیستمی ئیداریی خۆی "گەڵاڵەی پەرەپێدانی دەستپاکیی نیشتمانی" داڕشتووە کە هەموو بـەشەکانی کۆمـەڵگە و هێزە جیاوازەکان دەگرێتـەوە. ئەوەی بایەخی پێ دەدا کۆمـەڵگەی مـەدەنی، کـەرتی تایبـەت، ڕێکخـراوەکـانی چاودێری، دەزگـای بەڕێوەبەری،

دەزگـای دادوەری، پۆلیس و بەدواداچوونی یاسـایی، میـدیاکـان، پەرلەمـان و گومرگەکان. ئەو خاڵانەی لە رێکخراوەکانی چاودێری باس دەکرێن بریتین لە: پێـداچوونەوە بەرۆڵی رێکخـراوەکـانی چاودێری، هـەڵسـەنگاندنی سـەرلەنوێی رێکخـراوەکـانی بـەرپرسی خـەبات دژی گـەندەڵی، پتـەوکـردنی یاسـاکـان و بەهێزکردنی رێکخراوەکانی خەبات دژی گەندەڵییە.

## پرۆگرامی جیهانیی خەبات دژی گەندەڵی

پرۆگـرامی جـیـهـانیی خـەبات دژی گـەندەڵی، بەهـاوبەشی لەلایـەن "ناوەندی نێودەوڵەتیی نەهـێشـتنی تاوان و چاودێری بەسـەر مـادە هۆشـبـەرەکانی سـەر بەرێکخـراوی نـەتەوە یەکگرتووەکـان و دامـەزراوەی توێژینـەوەی یاسـایی (دادوەری) و تاوانـە ناوچەییـیـەکـان" ئامـادە کـراوە. مـەبەسـتی پرۆگـرام یارمـەتیـدانی وڵاتانی ئـەندامـە لە هـەوڵەکـانیـان بۆ لـەنێـوبردنی گـەندەڵی. پرۆگرامی جیهانیی خەبات دژی گەندەڵی لە دوو بەشی سەرەکی پێک هاتووە: توێژینەوە و هاوکاریی تەکنیکی. مەبەست لە هاوکاریی تەکنیکی یارمەتیدانی وڵاتانی ئەندامـە بۆ پێکهـێنان یان بەهـێزکـردنی توانـای دامـەزراوەکـان بۆ پێشـگیری، چاودێری و خـەبات دژی گەندەڵی. لـەبەرئەوەی گەندەڵیی ئیداری رەهەندی ئابووری، سیـاسی، کـۆمـەڵایەتی، یاسـایی، ئیداری و فـەرهـەنگیی هـەیە، کاریگەرترین و گونجاوترین شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە شێوازێکی چەند لایەنەیە. لەوەی کە خەبات دژی گەندەڵی پێویستە لە سێ ئاستی نیشتمانی، ناوچەیی و جیـهانیدا بەڕێوە بچێ، شێوازی کاریگەری خـەبات دژی گەندەڵی پێویستە چەند رەهەندی هەبێ. پێوانە پێشنیازکراوەکانی پرۆگرامی جیهانیی خـەبات دژی گەندەڵی بۆ بەکـارهێنانی لـە ئاسـتی نیـشـتـمانیدا بـرێتـییـە لە: هـەڵسـەنگاندنی پێوانە نیشـتمـانییـەکانی خـەبات دژی گەندەڵی، چاکسـازیی یاسـاکـان، چەند رێنوێنییـەک لـە پێکهـێنان و بەهـێزکـردنی دامـەزراوەکـانی خەبات دژی گەندەڵی، نەهێشتنی لە گەندەڵی، پەروەردە.

## بانکی جیهانی و ڕێنوێنییەکانی بۆ خەبات دژی گەندەڵیی ئیداری

لە ساڵی ١٩٩٧، بانکی جیهانی، پرۆگرامێکی گشتگیر و هەمەلایەنەی بۆ خەبات دژی گەندەڵیی ئیداری ئامادە کرد و بەوڵاتانی ڕاگەیاند، چونکە کارناسانی بانک بەئەزموون بۆیان دەرکەوتووە، سەرکەوتنی پرۆگرامەکانی ئاوەدانکردنەوە بەستراوەتەوە بەسەرکەوتنی وڵاتان لە بواری خەبات دژی گەندەڵیی ئیداریدا. گەڵاڵەیەک کە بانکی جیهانی لە ساڵی ١٩٩٧ بۆ خەبات دژی گەندەڵی، جێبەجێی کردووە، سەرەڕای ئەو ڕێوشوێنانەی کە پێشتر هەیبوو، بۆ پێدانی قەرز سێ مەرجی نوێی زیاد کرد کە بریتین لە: بەڵێنی وڵاتی وەرگری قەرز بەهاوکاری لەگەڵ بانک لە بواری خەبات دژی گەندەڵیی ئیداری، هەوڵی پێداگرانەی دەوڵەت بۆ خەبات دژی گەندەڵیی ئیداری لە نێوەخۆی سیستمی دەسەلاتدار و مەرجی سێیەم کە زۆر پێداگریی لەسەر دەکەن، بەشداریی وڵاتانی وەرگری قەرزە لە پرۆگرامەکانی فەرهەنگیی تایبەت بەخەبات دژی گەندەڵی.

## خەبات دژی گەندەڵی لە پرۆگرامی یارمەتییەکانی ئەمەریکادا

دەوڵەتی ئەمەریکا، بەشێک لە یارمەتیی خۆی بەوڵاتانی ڕوو لە گەشە دا بۆ خەبات دژی گەندەڵیی ئیداری تەرخان کردووە. بەپێی ئەزموونەکان هیچ پێشنیاز و شێوازێکی دڵنیاکەر بۆ لەنێوبردن یان کەمکردنەوەی گەندەڵی لە ئارادا نییە. بەدرێژاییی ساڵەکان، چەندان جۆر ڕێکار لە ڕەوشە جۆرەوجۆرەکاندا و بەپێکهاتەی جیاواز جێبەجێ کراوە. تەنیا ئاکامێک کە لە ئامادەکارییەکانی خەبات دژی گەندەڵی دەتوانین بەدەستی بێنین، پێویستی شێوازی چەند لایەنە، سەقامگیر و بنەڕەتییە. چوار بەشی سەرەکی ڕێکارێکی تۆکمەی ئەوتۆ بریتییە لە: بەهێزکردن، بەرەبەرەکانێ، پێکهاتەی ڕێکخراوەیی، تێگەیشتنی خەڵک.

## خەبات دژی گەندەڵی

## لە پرۆگرامی یارمەتییە دەرەکییەکانی یەکەتیی ئەوروپا

لە بەڵگەنامەکانی تایبەت بە ڕێوشوێنە سەرەکییەکانی یەکەتیی ئەوروپا، ڕێوشوێنی خەبات دژی گەندەڵی لە مانگی مەی ١٩٩٧ بەپەرلەمانی ئەوروپا و ئەنجوومەنی وەزیرانی پێشکێش کرا. کۆمیسیۆنی ئەوروپا فەسڵێکی گەورەی بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ گەندەڵی لە پرۆگرامی یارمەتییە دەرەکییەکان و پێوەندیی هاوکاریی خۆی لەگەڵ وڵاتانی تردا، کردووەتەوە. لە مارسی ١٩٩٨ کۆمیسیۆنی ئەوروپا روانگەکانی خۆی لەم پێوەندییەدا ڕاگەیاند. دیموکراتیزەکردنی حکوومەت و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان، دەسەڵاتی یاسا، ڕێزلێنان لە مافی مرۆڤ لە هەوڵەکانی تری بەشداری و هاوکاری لە نێوان یەکەتیی ئەوروپا و دەوڵەتانی تردایە. یارمەتییەکانی یەکەتیی ئەوروپا سەبارەت بەگەیاندنی زانیاری بەخەڵک لەبارەی ئاسەوارە رووخێنەرکانی گەندەڵییەوە ئەمانەن: پێکهێنانی کۆڕ و سیمینار، کەڵک وەرگرتن لە میدیا، دانانی پرۆگرامی پەروەردەیی گشتی، یارمەتیی تەکنیکی تایبەت بۆ پێکهێنانی شێوازەکان و ڕێکارەکان لە کاتی پێویستدا، پێکهێنانی دامەزراوەی خەبات دژی گەندەڵی، یاساکانی دژی گەندەڵی، سەقامگیریی شێوازەکانی گشتیی شەفافیەت، سیستمەکانی کۆنترۆڵی دارایی و ژمێریاریی کاریگەر و کارامە و چاودێریی سەربەخۆ، ئامبودزمان، پەروەردەی گشتی بۆ پیشە جۆرەوجۆرەکان بەمەبەستی لە قاودانی بەرتیلخۆری.

## کۆبەندی ئەزموونەکانی خەبات دژی گەندەڵی

## لە وڵاتان و ڕێنوێنیی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

پێکهێنانی توانای دەستڕاگەیشتنی ئازادانە بەزانیاری و گەیاندنی زانیاری بەشێوەی گونجاو لە بواری چۆنیەتیی پێشکێشکردنی خزمەتگوزاریی دەوڵەتی، پێکهێنانی ڕێکخراوگەلی بەهێز و بەدەسەڵاتی گونجاو بۆ خەبات

دژی گەندەڵی، دیاریکردنی سزای گونجاو بۆ جۆرەکانی گەندەڵی، داڕشتنی یاسای پێویست بۆ خەبات دژی گەندەڵی، رەخساندنی زەوینەیەک بۆ یەکپارچەکردنی زانیارییەکان لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی، دارایی و... هتد ئەنجامی چاکسازیی پێویست لە سیستمە ئیداری و بەڕێوەبەرییەکان، کەڵک وەرگرتن لە هاوکاریی بەشدارانی خاوەن پێگەی نێودەوڵەتی لە خەبات دژی گەندەڵی، بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ چاودێریی گشتی بەسەر دامەزراوەکانی دەسەلات، بەهێزکردن و بەتواناکردنی دامەزراوەکانی چاودێری بۆ جێبەجێکردنی چاودێرییە یاساییەکان، جێگیرکردنی سیستمی هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوت لە دەزگاکانی بەڕێوەبەری، ناساندنی بنەما کاریگەرەکان لە خەبات دژی گەندەڵی و بەهێزکردنی ڕۆڵەکانیان، تاوتوێکردنی بەردەوام سەبارەت بە یەکپارچەیی و تەندروستی لە سیستمی ئیداری و پێداچوونەوە بەسەر پرۆگرامەکانی خەبات دژی گەندەڵیدا.

سەرچاوە: (magiran)

# مرۆڤەکان تاوانبار لەدایک نابن

ماهرۆخ زارع

هیچ مرۆڤێک، تاوانبار لەدایک نابێ. ڕەوشی ناهاوسەنگیی کۆمەڵایەتی و ئابووری، گەندەڵی پێک دێنێ و ئەوەی بەناوی گەندەڵیی ئیداری داوێنی دامەزراوە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکانی گرتووە، لەم ڕەوشە ناهاوسەنگەوە سەرچاوە دەگرێ.

گومان لەوەدا نییە، کاتێک لە کۆمەڵگەیەکدا دابینکردنی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و هیوا بەدوارۆژێکی گەش بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە لە ئارادا نەبێ، بەجێی دابینکردنی کۆمەڵایەتی، خۆدابینکردن پێک دێ و لە تەنیشت خۆدابینکردندا، هاندەرە جۆراوجۆرەکان، تاکەکان و پارت و گرووپەکان هان دەدەن تا بەڕوانگەیەکی خۆشباوەڕانە و ئەرێنییەوە سەیری گەندەڵی بکەن. گەندەڵیی ئیداری، یەکێک لەو کێشانەیە کە زۆربەی کۆمەڵگەکان لەگەڵی بەرەوڕوون، بەڵام لە هێندێک لە وڵاتان، کەمتر لە سیستمە ئیدارییەکاندا دەبینرێ و لە هێندێکی تردا گەندەڵی بەشێوەیەکی زەقتر دەبینرێ. ڕوانگە و خوێندنەوەی کۆمەڵگە جۆرەوجۆرەکان بۆ ئەم دیاردەیە جیاوازە و هۆکاری جۆرەوجۆر لە پێکهاتن و سەقامگیریدا ڕۆڵیان هەیە، کە لەم بابەتەدا هەوڵ دەدرێ ئاوڕێک لەم پرسانە بدرێتەوە. چەمکی گەندەڵیی ئیداری سەرەتا خاوەن پێناسەیەکی ئەخلاقی بوو کە بەرەبەرە مانا ئەخلاقییەکەی لێ داماڵرا و وەک چەمکێک بەپێناسەیەکی دیاریکراو لە زانستی بەڕێوەبەریی گشتی و زانستی سیاسیدا بایەخی پێ درا. گەندەڵیی ئیداری بەواتای کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە گشتییەکان بەمەبەستی بەرژەوەندی و سوودی تاکەکەسی

لەلایەن بەڕێوەبەران، کارمەندان و کەسانی ترەوە لە ڕێکخراو و ئیدارەکاندایە.

لە بواری گەندەڵیی ئیدارییەوە زۆر لێکۆڵینەوە ئەنجام دراون و دەدرێن، بەڵام تا کاتێک ئەم پرسە قووڵتر و هەمەلایەنەتر سەیری نەکرێ و بوار بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە خۆش نەکرێ، مەحاڵە کە ریشەکەی لە ئیدارە و ئۆرگانەکاندا وشک بکرێ.

زۆر پرس و هۆکار ڕۆڵیان لە پێکهاتنی ئەم دیاردەیەدا هەیە کە تێڕامان و قووڵبوونەوە تێیاندا پێویستە. هاندەرگەلی تاکەکەسی، گرووپی و حزبی، خوێندنەوەی جیاوازی یاسا و ڕێوشوێنەکان، ئاڵۆزی و زۆروزەبەندیی یاساکان، لە بەرچاونەگرتنی یاسا ئیدارییەکان، ئاڵۆزی و ناڕوونی لە دیاریکردنی بودجە، نەبوونی چاودێریی ورد لەسەر بەکارهێنانی بودجە، نەبوونی شەفافییەت لە ئەرکە ستانداردەکاندا، دەستکاری لە بەڵگە و دیکۆمێنتی یاسایی و دارایی، نەبوونی چاودێریی ورد لەلایەن سەرچاوەکانی چاودێرییەوە، نەبوونی ئیرادەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ لەناوبردنی گەندەڵی، هەژاری و چەوسانەوە، زێدەخوازی، کەینوبەینی ئیداری، بایەخنەدان بە لێوەشاوەییەکان و ڕووبەڕوونەبوونەوەی ڕژد لەگەڵ ئەم دیاردەیە و چەندان هۆکاری تر، پێکەوە کۆ بوونەتەوە تا دێوەزمەیەک بەناوی گەندەڵی، بەرتیلخۆری لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەدا بڵاو بێتەوە و جەماوەر تووشی بێ هیوایی و بڕوابەخۆنەبوون بکات.

گەندەڵی، لە سیستمی ئیداریی هەموو وڵاتان کەم تا زۆر هەیە و هەر وڵاتێک کە لە پێناو گەشەپێدان و پێشکەوتن هەنگاو هەڵدەگرێ، پێویستە وریای چەمکی گەندەڵی و ئەم دێوەزمە ڕیشەدارە کە پەلوپۆی بۆ هەموو لایەک هاوێشتووە ڕیشەکێش بکا و سەرنج بداتە ئاسەوارەکانی گەندەڵی لە هەموو ئاستێکدا.

ڕەنگە گەندەڵی لەنێو کارمەندانی حکوومەتیدا بەشێوەیەکی بەرفراوان یان

بەرتەسک بەدی بکرێ. گەندەڵی بەپێکهێنانی بێ متمانەیی و نائومێدی، کۆمەڵێک زیانی کۆمەڵایەتییەکان و بەلاوازکردنی دامەزراوەکان دەبێتە هۆی زیانگەلی سیاسی و هەروەها بە دابەشکردنی نادادپەروەرانەی سەرچاوەکان دەبێتە هۆی زیانی ئابووری.

زۆر شارەزا و خاوەن ڕا کە ڕێژەی کاریگەریی گەندەڵییان لەسەر گەشەی ئابووریدا تاوتوێ کردووە دەڵێن، کە گەشەی ئابووریی وڵاتان دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی گەندەڵی و هەروەها پێوەندییەکی نزیک لە نێوان دوو هۆکاری ئابووری و سیاسیی سەرهەڵدانی گەندەڵیدا دەبینن.

تا کاتێک گەندەڵی بەشێوازی جۆرەوجۆر لە ئیدارەکاندا بوونی هەبێ، گەشەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و بەپەرەسەندنێکی تەندروست زەحمەتە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی (کازرون نما)

# پێڕست

پێشەکی ........ 5
پێناسە، هۆکار و ئاسەوارەکانی گەندەڵیی ئیداری ........ 6
پێناسەی گەندەڵیی ئیداری ........ 6
پێشینەی گەندەڵیی ئیداری لە کۆمەڵگە جۆرەوجۆرەکاندا ........ 8
پێویستی و گرینگیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گەندەڵیی ئیداریدا ........ 8
هۆکارەکانی سەرهەڵدانی گەندەڵی ........ 9
بەرەنجام و ئاسەوارەکانی گەندەڵیی ئیداری ........ 10
خەبات دژی گەندەڵیی ئیداری ........ 12
ئاکام ........ 15

گەندەڵی و ڕێگەکانی خەبات دژی ئەو دیاردەیە ........ 17
پێناسەی گەندەڵی ........ 18
ئاسەوارەکانی گەندەڵی ........ 18
هۆکارەکانی گەندەڵی و شێوازەکانی خەبات دژی ئەو دیاردەیە ........ 19
هۆکارەکانی گەندەڵی ........ 19
ئامرازەکانی خەبات دژی گەندەڵی ........ 20

ستراتیجیی خەبات دژی گەندەڵی ........ 23
پێناسەی گەندەڵی ........ 25
هۆکاری سەرهەڵدانی گەندەڵیی ئیداری ........ 27
گەندەڵیی ئیداری و ئاسەوارەکانی ........ 29
سیستمی ئابووری و گەندەڵیی ئیداری ........ 31
کاریگەری کەرتی تایبەت لەسەر گەندەڵیی ئیداری ........ 34
بەرەنجام ........ 37

گەندەڵیی ئیداری و شێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی ........ 42
ئاناتۆمیی گەندەڵی ........ 43
جۆرەکانی گەندەڵیی ئیداری ........ 45
هۆکاری سەرهەڵدان و پەرەسەندنی گەندەڵیی ئیداری ........ 46
ئاسەوارەکانی گەندەڵیی ئیداری ........ 51
رەخنەگرتن لە ئاسەواری ئەرێنیی گەندەڵی ........ 55
شێوازەکانی کۆنترۆڵی گەندەڵیی ئیداری ........ 56
جوگرافیای گەندەڵی ........ 61

جیاوازیی سەرپێچیی ئیداری و گەندەڵیی ئیداری ........ 67
گەندەڵیی ئیداری ........ 67
پێناسەی سەرپێچیی ئیداری ........ 68
هۆکارەکانی سەرپێچیی ئیداری ........ 68
جۆرەکانی سەرپێچیی ئیداری ........ 69
پێشگرتن بە سەرپێچیی ئیداری ........ 69

باسێک لەسەر گەندەڵیی ئیداری ........ 71
پێناسەی گەندەڵیی ئیداری ........ 71
پێناسەی بانکی جیهانی و رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی بۆ........ 72
پێویستی و گرینگیی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گەندەڵیی ئیداری ........ 72
پێشینەی گەندەڵیی ئیداری لە کۆمەڵگە جۆرەوجۆرەکاندا ........ 73
پۆلینکردنی گەندەڵیی ئیداری ........ 73
ئاکام و ئاسەوارەکانی گەندەڵیی ئیداری ........ 74
راپۆرتی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی ........ 74
بەرەنجام ........ 75

هۆکار و رێکارەکانی خەبات دژی گەندەڵیی ئیداری ........ 76
پێناسەی گەندەڵی ئیداری ........ 76
هۆکارەکانی گەندەڵیی ئیداری ........ 77

ئامرازەکانی خەبات دژی گەندەڵی ........ 78

ئەزمــوونی وڵاتان لە خــەباتی دژی گـەندەڵیـدا ........ 80
ئەزموونی مالیزیا ........ 80
پرۆگرامی خەبات دژی گەندەڵی لە کۆریای باشوور ........ 81
ڕێکخراوی کارامە بەدەسەڵاتی تایبەتەوە.. ئەزموونی هۆنگ کۆنگ ........ 82
خەبات دژی گەندەڵی لە تایلەند ........ 83
بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی خەڵک.. ئەزموونی فیلیپین ........ 84
ئەزموونی سەنگافوور ........ 85
ئەزموونی ئێکوادۆر ........ 86
گەلاڵەی پەرەپێدانی دەستپاکیی نیشتمانیی موریس ........ 86
پرۆگرامی جیهانیی خەبات دژی گەندەڵی ........ 87
بانکی جیهانی و ڕێنوێنییەکانی بۆ خەبات دژی گەندەڵیی ئیداری ........ 88
خەبات دژی گەندەڵی لە پرۆگرامی یارمەتییەکانی ئەمەریکادا ........ 88
خەبات دژی گەندەڵی لە پرۆگرامی یارمەتییە دەرەکییەکانی... ........ 59
کۆبەندی ئەزموونەکانی خەبات دژی گەندەڵی لە وڵاتان و... ........ 89

مرۆڤەکان تاوانبار لەدایک نابن ........ 91